نان و شەراب

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ئینیاتسیو سیلونە

نان و شەراب

وەرگێڕ: کەریمی حسامی

ناوی کتێب: نان و شەراب - ڕۆمان
نووسینی: ئینیاتسیو سیلونە
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حسامی
پێداچوونەوە: حەمەدەمین سیراجی - قەرەنی قادری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢١١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت چنین: ناسر ئیبراهیمی
هەڵەگری: لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٧)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

بەیادی شاعیری پایە بەرز و
خۆشەویستی گەل - هێمن

ئەو سالانەی کە پێکەوە لە بەغدا دەژیاین، پاش ئەوەی کتێبی دایک-ی ماکسیم گۆرکی-م کرد بەکوردی و کۆڕی زانیاری کوردی چاپی کرد، مامۆستا هێمن ڕەوانی شاد، هانی دەدام کە نان و شەڕاب بکەم بەکوردی. دەیگوت لەبەر توحفەی موزەفەریە پێ ڕاناگەم دەنا لێی ڕانەدەوەستام. چەند جار لێی دووپاتە دەکردەوە و دەیگوت: حەیفە نان و شەڕاب نەکرێتە کوردی. دەستم بەوەرگێڕانی کرد و لام وایە سی لاپەڕەم کردبوو بەکوردی، لێک بلاو بووین و گەڕاینەوە بۆ ولات. لەوێ لەبەر کاری زۆر و چوونە چیا و تەنگوچەڵەمەی خەبات و ژیان نەمتوانی درێژەی پێ بدەم. کاتێ مامۆستا هێمن لەژێر تەوژمی (دێموکراسی و ئەخلاقێکی کە دوکتۆر قاسملو هێنابوویە نێو حزبی دێموکرات) لە شیلاناوێ دەستبەسەر کرابوو، خەریک بوو نان و شەڕاب بکاتە کوردی. بەلام پاشان زانیم بەداخەوە بۆی نەکراوە. من ئەو سی لاپەڕەم ئەو دەم ناردبۆوە بولغارستان و لە نێو دەفتەر و کاغەزاندا کەوتبۆوە. کە دیتمەوە هاتمە سەر ئەو بڕیارە کە وەرگێڕانەکەی درێژە پێ بدەم. بەلام لەبەر نووسینی بیرەوەرییەکانم و پێداچوونەوە و وەرگێڕانی (ئازادی یا مەرگ) و وردە نووسینی دیکە، نان و شەڕاب خرا پشت گوێ. تا نۆرەی گەیشتێ کە جارێکی دیکەش بیخوێنمەوە. پاش تەواوکردنی بڕیارم دا کە بەیادی هێمن بیکەمە کوردی و، با لانی کەم ئەگەر چاپ بکرێ ئەم ئاواتەی شاعیری مەزنی سەردەم پاش نەمانی بگاتە جێ و شانازیشی بۆ من بمێنێتەوە و کتێبخانەی کوردیشی پێ بڕازێتەوە.

کەریمی حسامی: ٨/١٢/ ١٩٩٩

پێشەکیی وەرگێڕی فارسی

محەممەدی قازی

ئینیاتسیو سیلونە (ناسراو بەسکۆندۆ ترانکویلی) لە نووسەرانی گەورەی هاوچەرخی ئیتالیایە کە سالی ١٩٠٠ لە پشینا ئاکویلا سەر بەهەرێمی ئابروتزە، ناوچەی فوچینۆ هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە مەدرەسەی مەعقوول و مەنقوول و پاشان لە کالیجی ماسیمۆ لە ڕۆم تەواو کردووە. سەردەمی مندالی بەهەژاری و دەست تەنگی بردۆتە سەر و لە بومەلەرزەی سالی ١٩١٥ دایک و باب و پێنج برای لە کیس چوون. پاش تەواوکردنی خوێندن دەبێتە سۆسیالیست و یەکێ لە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمونیستی ئیتالیا. لە ماوەی سالەکانی ١٩٢١ تا ١٩٣١ یەکێ لە ڕێکخەرانی تێکۆشانەکانی نهێنی دژی فاشیستی بووە. ماوەییێک لە مۆسکۆ بووە و پاش ئەوەی سالی ١٩٣٠ لە حزبی کۆمونیست دەرکراوە، لە سویس نیشتەجێ بووە. دەکرێ بلێین پاش کشانەوە لە حزبی کۆمونیست ڕەگەل ئاندرە ژید و ئارترکۆستلەر و سپندەر و ڕایت و لویی فیشر کەوتووە.

لە سویس تێکۆشانی دژی فاشیستی و خەباتی نهێنی خۆی دژی دەزگای دیکتاتۆری موسولینی درێژە پێ دا و هەر لەوێشە کە نیزیکە تەواوی شوێنەوارەکانی خۆی هێناوەتە سەر کاغەز.

سالی ١٩٤٥ پاش ڕووخانی حکوومەتی فاشیستی موسولینی دەگەڕێتەوە ئیتالیا و لەلایەن حیزبی سۆسیال دێموکرات بەنوێنەری مەجلیسی شووڕای میللی ئیتالیا هەلدەبژێردرێت. ڕۆمانەکانی وی لە ڕاستیدا بیرخەرەوەی خەباتی دژی فاشیستی ئازادیخوازان و سۆسیالیستە تێکۆشەرەکانی ئیتالیا و ڕوونکەرەوەی ژیانی دژواری وەرزێرانی فەقیری ناوچەی فوچینۆی شوێنی لە دایکبوونی خۆی. لە ڕۆمانەکانی ویدا توانای نووسینێکی بەرچاو لەگەل ڕیئالیزمی ئازایانە بەشێوەیەکی کاریگەر تێکەل بوون و بابەتێکی تەکاندەریان پێکهێناوە. دەکرێ لەوانە ئەم کتێبانەی خوارەوە ناوبەرین: فۆنتامارا (١٩٣٠)، نان و شەڕاب (١٩٣٧)، دەنگی ژێر بەفر (١٩٤٠)، مستێک تودرک (١٩٥٤)، نهێنی لۆقا (١٩٥٦)، کارەساتی مەسیحییەکی فەقیر (١٩٥٨) و ڕێوی و گولەکانی کامێلیا.

لەم نووسراوانە ئەوەندی بزانم نان و شەڕاب و کارەساتی مەسیحییەکی فەقیر (کارەساتی پێشەوایەکی شەهید) لەلایەن خۆم، فۆنتامارا و مستێک تودرک و ڕێوی و گولەکانی کامێلیا لەلایەن وەرگێڕانی دیکەوە کراون بەفارسی. سیلونە تا ئەم سالانەی پێشوو دەژیا و لە مەزرایەکی شەخسی خۆی، لە نیزیک ڕۆم، سەردەمی پیری خۆی دەبردە سەر.

نان و شەڕاب کە ئێستا حەفتەمین چاپی وی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران، بابەتێکی مەشهورە و، هەوەلجار لە ڕێگای ئەم کتێبەوە سیلونە بەدنیای فارسی زمانان ناسێنرا. قارەمانانی سەرەکی ئەم ڕۆمانە، پێترۆ سپینا، لە ڕاستیدا تارمایی خودی نووسەرە و هەر بۆیە دەکرێ ئەم کتێبە بەبابەتێکی (ئۆتۆ بیۆ گرافیک) دابنرێت. کتێب داستانێکی تەکاندەرە لە ژیانی وەرزێرانی فەقیری ئیتالیا، لەوێدا

دابونەریت و بیروباوەڕی خورافاتی و بارودۆخی ژیانی داخداری ئەوان بەزمانێکی ساکار و شیرین و پڕ لە تەنز و تانە و لاتاو ڕوون کراوەتەوە. کتێبێکە پڕە لە وروژاندن و شانۆی زیندوو و سەرنجڕاکێشی ئینسانی کە لە هەموو شوێنی ویدا، ئینسان دۆستی و عاتیفەی ئینسانی و ویژدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەڤینی ژیانی ئازاد و بیرکردنەوەی ئازاد لەوێدا شەپۆڵ دەدات. تەنیا بەتەنگ خۆوە نەبوون و بەنزم دانانی ئاسایش و تێروتەسەلی تێکلاوی کۆیلەتی و ژیان لە پێناوی کۆمەڵدا دەرسێکە ئەم کتێبە جوان و بەنرخە فێرمان دەکات. لە ڕاستیدا قارەمانی ئەم کتێبە، کە بێ گومان بەیەکێ لە شاکارەکانی مۆدێرنی ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەدەی دوایی دەژمێردرێ، تەنیا خودی نووسەر نییە، بەڵکو تەواوی خەڵکی ئیتاڵیا لە ناشیرینترین و پیسترین و نائینسانیترین سروشتەکانەوە بگرە تا سیمای پرشنگداری وەک (دۆن بنە دیتۆ) قەشەی گوندی ڕوکا و کریستینا کیژی نەجیبزادە و هەستیار و مەزهەبی، بەڵام ئینساندۆست و بەشەڕەف و بیانکینا ژنی سووک و بەناز و هەر لەو کاتەشدا شەریف و فیداکار لەوێدا نەخشی گەورەیان لە ئەستۆیە.

ئەم کتێبە حەماسەیەکە لە فیداکاری خەڵکێک کە لەنێو چەرخی ماشێنی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئیتاڵیای فاشیستدا گیرساون و، بۆ ڕزگاری خۆیان و پێکهێنانی ژیانی خۆشتر و دنیای باشتر تێدەکۆشن. لەم کتێبەدا نەخشی کەنیسە لە هاودەستی لەگەڵ حکوومەتی زوڵم و زۆرداری بەجوانی نیشاندراوە و ئەگەر قەشەکانی وەک دۆن بنە دیتۆ ئامادە نەبوون مل بۆ کەنیسە و پاپ و حکوومەتی دیکتاتۆری ڕابکێشن، بەوەزعێکی هەرە خەراپ سەریان تێدا دەچێ.

لەوانەیە شکڵێکی کە سیلونە لەم شوێنەوارە و نووسینەکانی دیکەی خۆیدا لە بارەی بارودۆخی ئیتاڵیای سەردەمی تێکۆشانی خۆی نیشانی دەدات، زۆر تاڵ و ناهومێدانە و هەستی بەدبینی بێت، بەڵام هەر چۆنێکی بێت لە هەموو شوێنێ بەچاوی بێ لایانە و خالیسانە و دوور لە ڤین و دۆستی بێجێ و دەمارگرژی واقعییەت نیشان دەدا، کە هاندەری ئەو لە پێکهێنانی ئەم شوێنەوارە جگە لە بڕوا بەئازادی و ئەڤین بەئینسانیەت شتێکی تر نەبووە. لایەنی شاز و تەنزاوی نووسینی سیلونە هاودوو لەگەڵ ڕەوانی و ساکاری و یەکدەستی دەق و سەرنجدانی نوکتەکانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ڕەواناسی تا ڕادەیەک نووسینەکانی ئەناتۆل فرانس وەبیر دێنێتەوە.

بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە دوو دەقی وەرگێڕاوی فەرانسەیی و ئینگلیزی کەڵک وەرگیراوە، سەبارەت بەتەواوبوونی زیاتر و پێڕەوی وردتر لە شێوەی نووسینی نووسەر، دەقی فەرانسەییەکە کاری لەسەر کراوە و بۆ لەبەریەک ڕاگرتن و هێنانی ئەو بەشانەی کە لە دەقی فەرانسییەکەدا نەبوون، لە دەقی ئینگلیزییەکە کەڵک وەرگێڕاوە. هەروەها لە سەردەمی تاغوتدا کە ئەم کتێبە بەزەحمەتی زۆر ڕێگای درا بۆ چاپ، سانسۆر کرا و گۆڕین و دەسکاری تێدا کرا و ئێستا کە لە سایەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئازادی چاپەمەنی زیاتر کەڵکمان وەرگرتووە، دەسکاری و گۆڕینەکانمان هێناوەتەوە سەر ڕێبازی سەرەکی خۆی و ئەوانەی وەلاشیان نابوون سەرلەنوێ لە کتێبەکەمان زیاد کردووە..

محەممەد قازی

١

دۆن بنە دێتو قەشەی پیر لەسەر دیواری باغچە لەژێر سێبەری دارێکی سەوڵ دانیشتووە. ڕەشایی عەباکەی کلکەی سێبەری دارەکەیە، کە کەوتۆتە سەر دیوار و ئەوی نەدیو کردووە. لەپشت وی، خوشکی لەسەر دەزگای چنین کە لەنێو خەڵفە شمشاد و (برکەی کێوی) دامەزراندووە، خەریکی چنینە. مەکۆی دەزگایەکە لەسەر هەودای سوور و سپی بەڕاست و چەپدا لە هاتوچۆدایە. ئەم هاتوچۆیە لەگەڵ هەوای پێ بزاوتنی ماشێن کە هەودا جیاکەرەوەکان بەرز دەکاتەوە و لەگەڵ هەرەکەتی شانە کە ڕایەڵەکان دەکوتێ، هاوئاهەنگە. دوای نیوەڕۆ ڕۆژێکە لە ڕۆژەکانی ئاخری مانگی ئەپریل و هەوایەکی سازگاری هەیە. فیکریش بەدوای جوولانەوەی هەوداکاندا، بەڕاست و چەپدا دەخولێتەوە.

بەلای ڕاستدا بۆ شار دەچن و بەلای چەپەشدا کوتوپڕ تووشی چیا دەبن. هێڵی ڕێگای ئاسن و شەقامە ڕێی میللی لەلای ڕاستە و بەشوێن قەدیمە ڕێگای (ڤیا والریا)دا، بەنێو چیمەن و مەزرای دەغڵودان و پەتاتە و چەوەندەر و لۆبیا و گەنمەشامیدا بەرەو (ئاوەتزانۆ) تێدەپەڕێ و بۆ لای (کوللی دێ مۆنتە بۆڤا) سەر دەکەوێ و بەدیوی (تیولی)دا شۆڕ دەبێتەوە و پاشان هەروەکو تەواوی شەقامە ڕێیەکانی جیهان ئاخرەکەی دەگاتەوە ڕۆم(*). لەلای چەپەوە ڕێگای ئەیالەتی کەوتۆتە نێوان ڕەز و مەزرای نۆک و پیواز و هەر لە سەرەتاوە بەچیادا سەردەکەوێ و لە ناوچە لێرەوارەکان کە ورچی هەیە، بەنێو دڵی زەوییەکانی (ئابرۆتزە)دا شۆڕ دەبێتەوە و دەگاتە گوندەکانی (پێسکا سرۆلی) و(ئۆپی) و (ئاڵفێدنا).

ئێستا خوشکی قەشە مەکۆی بەدەزووی سوور خستۆتە نێو تانی دەزگاکەوە.

لە جادەی ئەیالەتییەوە کە بەستێنێکی وشکی پڕ لە ورتکە بەرد و خوارە پێچەیە، ژنێکی گەنجی دێهاتی منداڵێک بەئامێزەوە، بەسواری کەرێکی چکۆلە دێت. جادەکە سپییە. لە قەراخ ڕێگا، پیاوێکی دێهاتی بەگاسنێکی باسکێش دار کە دوو کەر دەیکێشن، جووتی دەکا. لە دوورەوە لەلای ڕاست، کامیۆنێکی پڕ لە سەرباز بەشەقامە ڕێی میللیدا دەڕوا کە ئاسنە کۆنەکانی تەقە تەقیانە و کامیۆن لە تەپوتۆزدا بزر بووە. ژیان لە ڕوانگەی باخی قەشەوە دیمەنی بیجبیجە خانمی منالانی هەیە.

ئیمڕۆ ڕاست ٧٥ ساڵ لە تەمەنی (دۆن بنە دێتو) تێدەپەڕێ. ئەو لەسەر دیواری باخەوە دەڕوانێتە دەشتێ. چاوەڕوانی پۆلێک شاگردی قەدیمیی خۆیەتی کە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی لێی گێڕاونەوە. لەبەر ئەوەی ژیانی دوای خوێندن لاوەکانی لێک بڵاو کردووە، یەک یەک لە ڕاست و چەپ، واتە لە شار و لە چیاوە دێن و دەگەنێ. لە خوارەوەی باخچەی دۆن بنە دێتو چەند خانووی گوندی (ڕۆکا) دیارن وە چۆلیی دەچن. لە نێوەڕاستی ئەو خانووە چکۆلانەی پێکەوە نووساو، مەیدانێکی تەنگ و بچکۆلە هەیە کە سەنگ فەرشەکانی لەنێو گژوگیادا ون بوون. لە ئاخری مەیدانەکە دەرگای گەورە و کورتی کەنیسەیەک بەرچاو دەکەوێ. لەسەرووی وی پەنجەرەیەکی کون کون دەڕوانێتە دەرەوە.

(*) ئیشارە بەوتەی سێزار سەرداری ڕۆمە کە دەڵێ: "هەموو ڕێگاکان دەگاتەوە ڕۆم".

خانووەکان و کۆڵان و مەیدانە گچکەکە، گشتیان چۆل دێنە بەرچاو. سواڵکەرێکی شڕەپۆش بەوێدا تێ دەپەڕێ و بەبێ وەستان ڕێگای خۆی درێژە پێ دەدا. کچۆلەیەک لە دەرگای ماڵێک دێتە دەر و دەڕوانێ و پاشان دەچێتە پشت دارێکی بەلقوپۆپ و بەنێو لقەدارەکاندا چاو دەگێڕێ.

خوشکی قەشە بەبراکەی دەڵێ:

– باشتر بوو شەربەتی تەمری هیندیت کڕیبایە. چونکە جێژنی لەدایکبوونتە. باش بوو ڕیشت تاشیبا.

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

– جێژنی لەدایکبوونی من! بەڕاستی بۆ جێژن گرتن چەندە کاتێکی باشە. بەڵام ئەم لاوانە، شەربەتی تووی فەرەنگیش کاریان تێ دەکا. شەربەتی تەمری هیندی لە شارەوە دەبوتڵدا دێت. بەڵام (ماتالنا ڕیکوتا) کە تووی فەرەنگی و کارگ و ترێ دێنێ، لە چیاوە دێت. بۆیاغی کەوش و دوگمەی قۆڵ و مەکارۆنی زەعفەران لێدراوی (پانتانلا) و ڕەنگی قژی(شەوانی ڕۆژ هەڵات) بۆ قژی مادام (ئاوانجلینا) و یەقەی ئاهاری و ئەشیا بۆ قیتکردنی سمێڵە شۆڕەکانی (مارکۆ تولیۆ زابالیۆنە) و تەواوی ئەم شتانە لە شارەوە دێن. بەڵام (بونیفازیۆ پاتاکا) کە خەڵک پەنیری مەڕ و دەڵەمە و پەنیری (موزارل)ی لێ دەکڕن و (شیان کالا) ئەو کەسەی دار و خەڵووز دێنێ، لە چیاوە دێن. ئاوایە شانۆی ڕەنگاوڕەنگی کە دۆن بنە دێتو لەناویدا دەژی.

خوشکی قەشە دەڵێ:

– (شیان کالا) کە شت بەشت دەگۆڕێتەوە، گەڕاوەتەوە. ئەو لەبری خەڵووز، جگە لە پیواز و لۆبیا چیتر وەر ناگرێ.

قەشە دەڵێ:

– دیسان ماوەیەکە دوای خواردن، گەدەم ترش دەبێ. جۆشی شیرینیش قیمەتی سێ ئەوەندە زیادی کردووە. پێت وا نییە ئەم لاوانە وەدرنگی کەوتبن. ؟ جۆشی شیرینیش وەک دەرمان کێچ و تیغی تەئمین(*) لە شارەوە دێن.

خوشکی دەڵێ:

– ئەی بابە، (تەئمینی) چی؟ کاتێ بەو تیغانە ڕیشت دەتاشی، لەو کاتە زیاتر ڕیشت دەبڕی کە بەگوێزانی قەدیم دەتتراشی.

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

– مارتا گوێ بدەیە. (تەئمین) هەمیشە شتێکی ڕاژەییە. خەراب نەبوو ئەگەر (تەئمینی) گشتیش ناوی گۆڕابایە و بەمەترسی گشتی ناونرابایە. بەڵام تۆ ئێستا بەدەنگی بەرز دەپەیڤی. لەبیرت نەچێ کە مەبەست لە تیغی (تەئمین) تیغی نیشتمانییە و برینی ئەم تیغانە هەرچی بن برینی وڵات پارێزین، جگە

(*) تەئمین ناوی کارخانەیەکی تیغی ڕیش تاشینە.

لەمە، کاتێ باشی بیر لێ بکەینەوە شاگردە قەدیمییەکانی من پێیان باشترە شەراب وەخۆن. چونکە ئەوان ئیتر منداڵ نین.

مارتا ڕادەبێ بەپارێز تەواوی ئەو شەڕابانەی کە بۆ لاوان دەبن، دەیانهێنێ تا لەسەر مێزێکی بەردی مەڕمەڕ ڕیزیان بکات کە لە باخچەدا لەنێو بڕکەکانی تەماتە و گوڵی مەریەم دانراوە. ئەم کارە بەگوێرەی ئایینێکی تایبەتییە کە بۆ زوو هاتنی میوانان بەڕێوە دەچێ. پاشان مارتا خەریکی کاری خۆی دەبێ و مەکۆی دەزووی ڕەش داوێتە ناو تانەکانی دەزگا و دەڵێ:

– دەزانی کە بەخشداریان لابردووە؟ دیارە بەخشداری تازە هێشتا غەریبە. وا دیارە سەبارەت بەشەڕی ئەفریقا(*) خەریکە هێندێ گۆڕینی دیکەش پێک بێنن.

قەشە دەڵێ:

زەمانی شەڕ سەردەمی کار و کاسبییە. ڕاگواستن و گۆڕین هەمیشە لە شارەوە دەست پێ دەکرێ. بەخشدار و پشکنێر و چاوەدێر و ئوسقۆف و وتەبێژ و یەکێتییەکان و قەشەکانی عیسایی بۆ پەند و نسحەتی مەسەلەی دینی هەموویان لە شارەوە دێن. ڕۆژنامەکان، گۆرانییەکان، بۆ نموونە ئاوازی (تەرابلوس ئەی هەتاوی جوانی ئەڤین) و (والانسیا) و شتی دیکە و گرامافۆن، دەزگای تەلەفۆن و تێلگراف و بێتەل، ڕۆمان و کارت پوستاڵی – یش لە شارەوە دێن. ئەوەی لە چیاوە دێت بریتییە لە: (ئانتی فۆنا)ی برای دینی ئەو قەشە کبوشییە بەهەمبانەی سواڵ و سەدەقەوە...

ڕۆژانی سێ شەمۆ (شاتاپ) دێتە بازاڕ. شەمۆ (ماگاشیا) بۆ تووتن و خوێ، پیرێژنی جادووگەر بەگیای حەکیمایەتی و کەوڵی کودەڵە بەرازی هیندی و پێستی مار بۆ چاووزار لە (کاساڕۆلا)وە دێت.

مارتا دەڵێ:

– بیستووتە کە (کلاریسا) بۆتە دەزگیرانی میکانیستی پالاوگە؟ ژنهێنان لە سەردەمی شەڕدا، تۆو چاندنە لە شۆرەکات. هەودای دەزگاکە گرێی کەوتۆتێ و مارتا بەناچاری ڕابووە گرێیەکە بکاتەوە.

دۆن بنە دێتو کەوتۆتە فیکر و ئاخرەکەی دەڵێ:

– ژنان خۆشبەختێکن کە بەچارەنووسی بووکی شەڕ دێنە دنیاوە... شاعیری ئەمانەتێکە وەدەست دێت، بەڵام بووکی شەڕ و یائوسقۆفی نیعمەتێکی زگماکییە. دیارە مەبەستم کلاریسا نییە کە بەڕواڵەت لایەنی ئەحمەقی زیاترە. وا نییە؟

مارتا ڕای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

–«کلاریسا» یانی زەوی چاک. زەوییەک بۆ چاندنی گژنیژ.

– بۆ چما ئەو میکانیکە دەیەوێ کارخانە بەجێ بێڵێ و خەریکی چاندنی گژنیژ بێت.؟

مارتا لە ڕوونکردنەوەی قسەی خۆیدا دەڵێ:

(*) مەبەست شەڕی ئیتالیایە کە موسولینی لەگەڵ حەبەشە سازی کرد.

– بەپێچەوانە. ئەوە «کلاریسا»یە دەیەوێ زەوییەکی خۆی بفرۆشێت. کونجی ئیتر برەوی نەماوە. پێشتر کونجی بۆ شاری دەچوو، ئێستا کەس نایەوێت. لایان وایە بەرهەمێکی گران قیمەت و دێهاتی و دەشتەکییە.

– سەردەمێک ڕاست بێژیش تا ڕادەیەک پێشکەوتنی هەبوو، بەڵام ئیمڕۆ بازاڕی نییە. پاپی گەورە ئەوی بەکاڵایەکی دێهاتی و دەشتەکی پڕ خەرج دەزانێ. لە کاتێکا درۆ و مەرایی کاڵایەکی نەرم و مەخمەری و هەمیشە بەبرەو و هەرزان و بەکەڵکە.

ئێستا مارتا ناچار بووە جارێکی دیکەش ڕابێ و بچێ هەودا بادراوەکەی لە دەزگادا بسووڕێنێ. هەر لەو کاتەشدا هەودایەک لە بیرەوەری خەفەتباری لەناخیدا دەسوڕێ و بادەدرێ.

پاپی گەورە بەزمانی خۆی بەمارتای گوتبوو: «مادمازێل! ئەم برایەی تۆ وەک دێهاتییان قسە ڕەق و بێ ئەدەبە. ئەخلاقی ئەوتۆ بۆ مامۆستایەکی پۆلی نێونجی کە خێزانی هەرە دەوڵەمەند و بەشەڕەفی سەر بەئێمە کوڕەکانیان بۆ خوێندن دەنێرنە لای وی، بۆ ئێمە قبوڵ ناکرێ.» و چونکە دەبێ دانی پێ دابنێین کە پاپی گەورە خۆی نەدرشت بوو نە بێ ئەدەب و دەیزانی کە دۆن بنە دێتو لە هەموو کارەکانی کە پێوەندیان بەوەوە هەبوو ئەخلاقەن پیاوێکی بەئەدەب و بەتوانایە، بەبیانووی نەساخی و پیری کۆتایی بەخزمەتی مامۆستای پیر هێنا.

لەو کاتەوە قەشە لەگەڵ خوشکی لە گوندی (ڕۆکادی مارسی) لە باخچەی بچووکی خۆی خانەنشین ببوو. تەنیا خەریکی موتاڵای شوێنەوارە کلاسیکییەکان دەبوو کە حەزی لێ دەکردن. لەگەڵ شیعر و گوڵکاری و هەرچی هۆی جوانی جیهانە و بەپێڕەوی لە «مۆدە» گۆڕانی بەسەردا نایە، خۆی خەریک دەکرد.

ڕەنگە کلاسیکییەکان لەبەر ئەوە کە ئەو لە کاروباری سیاسی بێگانەیە، بۆ تێگەیشتنی کارەساتەکانی جیهان ئەوەندەیان یارمەتی نەداوە، بەڵام لەجیاتیان فێریان کردووە کە بەهەموو توانا لە شکڵی هەرە تازەی ژیانی دەوروبەری خۆی بێزار بێت. دۆن بنە دێتو کە پیاوێکی ئارام و هێدی و دڵپاک و دوور لە هەرا و کێشەی بێجێیە، لە کن بێگانان جگە لە ئەمەگداری بۆ چەند مامۆستای یۆنانی و ڕۆمی و هۆگری دێهاتیی بەوڵاتی خۆی و بەوەرزێرە هەژارەکان، هەستێکی دیکە دەرنابڕێت. لەگەڵ ئەوەش لەپشتی ئەم ڕوو تەنکی دێهاتی، بیر ئازادییەکی تایبەتی کە سەبارەت بەهەڵکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو ئازایانەیە، لەگەڵ دڵپاکییەکی گەورە شاردراوەتەوە. بەڵام ئەم دڵپاکییە بۆ پینەکردنی پێ داگرتن لەسەر بیروڕای خۆی، لە ڕوانگەی هێندێ قەشەی کەنیسەکانی جیرانی کە ئەو هێندێ جار بەرەوڕوویان ڕکوڕاست قسان دەکات، بەس نییە. ناچار گەیوەتە بارودۆخێکی ئەوتۆ کە مەیدانی تێکۆشانی ژیانی لە مەودای نێوان باخچە و کتێبخانەدا تەنگەبەر بۆتەوە. ئاخرەکەی تەواوی خزم و کەسی لێی تەکیونەوە. ئەو خزمانەی کە بەشێوەی قەدیم بابەڵباب خاوەنی خانووبەرە و زەویوزار بوون و بەڵام پاش ماوەیەک ڕۆژگاری خۆشتر، ئێستا بەهۆی بوومەلەرزە و شەڕی جیهانییەوە فەوتاون و نابوت بوون. بەڵێ خزمەکانی، ئەویان بەکەسێک نەزانیوە کە چاوەڕوان بوون لە بەرانبەر کاربەدەستانی دەوڵەتیدا پشتیوانیان لێ بکات،

هەستێکی تاڵ و نالەباریان لە ئاست وی هەیە. بەڵێ ئەگەر ئەو ئەخلاقیێکی هێدیتر و کەمتر سەرکێشی هەبایە، خۆی لە ژیانی گۆشەگیریدا قەتیس نەکردبایە، لەوانەبوو لەم سەردەمەی خۆبەخۆییدا کە بەبێ پشتیوان و پاڵپشتی شوێنە بەرزەکان، تەنیا کارکردنی شەرافەتمەندانە فایدەی نییە، دەیتوانی ببێتە پشتیوانیان. کەوابوو چونکە جگە لە خوشکی لە هەموو ئاڵقەیەکی نیزیکی بێ بەش بووە، هەموو محەبەت و خۆشەویستی خستۆتە سەر چەند لاوێک کە ڕۆژێک شاگردی وی بوون و هەمیشە بەدڵسۆزییەکی باوکانە هەوڵ دەدات تا بکەوێتە نێو ڕەوەندی ئاڵوگۆڕی بەپێچوپەنا و ناتەبایی ژیانی ئەوان.

مارتا چەند کەسی لەوان داوەت کردووە تا ئیمرۆ لە (ڕۆکا) بێنە شوێنی گۆشەگیریی مامۆستای پێشووی خۆیان و سەرەتای حەفتا و شەشەمین ساڵی تەمەنیش جێژن بگرن. تکاشی لێ کردوون تا هاوڕێکانی دیکەشیان کە ئەو ناوونیشانیان نازانێ لەگەڵ خۆیان بێنن. دڵەخورپەشیەتی کە نەوەک خواردنەوەی تەواوی ئامادە نەکردبێ و نەکا ئەم دوازدە لیوانەی سەر مێز بەش نەکات.

مارتا چنینەکە درێژە پێ دەدا و لەگەڵ هاتوچۆی مەکۆ، ئەو جادە و کوێرەڕێیانەی کە دەبێ میوانی پێدا بێن، چاو لێ دەکات. لە لای ڕاستە ڕێگای ئاسنە و شاڕێیانی میللییەکە لە شارەوە دێت. لای چەپە جادەی ئەیالەتییە لە چیاوە دێتە خوار. بەرانبەریش دەشتی سەوز و پانی «فۆچینۆ»یە کە جۆگەی ئاو و ڕیزەداری تەورێزی خەت خەتیان کردووە. لە دەشتی «فۆچینۆ» ڕاست و چەپ، شار و گوند، خاوەن شەریکە و وەرزێرەکان دەگەنە یەک و بەرانبەری یەک دەوەستن.

دۆن بنە دێتو دەڵێ:

– لاوەکان بۆیە وەدرنگی کەوتوون کە ئۆتوبوسی پۆست و قەتارەکان لە کاتی خۆدا ناگەن. چونکە توریستی بێگانە ئیتر نایەنە وڵاتی ئێمە، بەرنامە و سەعات لە گۆڕێدا نییە. دیارە دەزانی کە تەنیا بۆ ئیتاڵییە فەقیرەکان نییە.

لەو لای «ڕوکادی مارسی» زەوی وردە وردە بۆ لای قووڵایی بەرینی گۆلی پێشووی فۆچینۆ کە ئێستا وشک بووە و بۆتە موڵکی شازادەیەک بەناوی «تورلونیا» دێتە خوارێ. لە دەوری ئەم دەشتە پان و بەرینەی شکڵ سەدەفی کە پڕە لە کشتوکاڵی گەنم و چەوەندەری سەوز، ئاڵقەیەکی گەورە لە تەپۆڵکی پەڵە پەڵە سەری هەڵداوە و لەسەر نیزیکەی هەموویان گوندێکی بچووک بەقەڵایەکی کۆن و دووکەڵاوی و بەبورج و دیوار دەبینرێت. لە شوێنێک کۆی خانووەکان وەک هێشوە ترێ دیارن. لە شوێنێکی تر تەنیا وەک خەتی دیواری درێژ دەبینرێن. لەبن گردێکی دیکە خانووی قەدیمی وەک ئەشکەوت بەسای بناری گردەکە دروست کراون. ئاواییەکانی بەناوی قەدیمی و بەداستانی کەونارایی. بەڵام بەشی زۆریان لە بوومەلەرزەی دواییدا وێران بوون و پاشان بەشکلێکی خراپ دروست کراونەوە.

لەپشت گردەکانەوە زنجیرە چیای بەرز کە لەبەر لافاو دادڕ دادڕ بوون، سەریان قوت کردۆتەوە. بناری چیاکان بەلای هێڵی ئاسندا وشک و برنگ و وەک ئێسکی مردووان ڕووت و قووتە. بەڵام بەلای «پسکا سرۆلی»دا سەوز و پڕ لە دار.

دەنگە دەنگێکی نادیار کە کاتی ڕۆژئاوا لەلای «فۆچینۆ» وە بۆ لای «ڕۆکا» دێت، جگە لە هەستی دوورکەوتەیی و تەریکبوونەوەی ئەم گوندە بچووکە، چی تری لێ شین نابێ. لەبەر دەرگای خانووەکان کە ئێستا تاریک داهاتووە، ژنی ڕەشپۆش و پیر و چلکن دەردەکەون. ژنانی تر کە تەشتی مسیان لە بان سەریە و لەچکەی خۆیان لەژێر چەنە گرێداوە، بەکاوەخۆ لە کانی دەگەڕێنەوە. ژنێکی ڕەشپۆشی دێهاتی کە کیژۆڵێکی زەرد پۆش بەدوای خۆدا ڕادەکێشێ بەمەیداندا تێدەپەڕێ و دەچێتە ژووری کەنیسەوە. جووتیارێکی پیریش کە سواری کەر بووە و بەپانیە لێی دەدا، بەوێدا ڕادەبرێ. پاشان کۆڵانەکان چۆڵ دەبن و «ڕۆکا» دیسان وەک دیمەنی گوندێکی سووتاو و چۆڵ دێتە بەرچاو. لەم ماوەیەدا هاتوچۆ بەشاڕێی میللیدا زۆرتر بووە. کامیۆنی ئەرتەشی بەدوای یەکدا لە هەرەکەت دان. مارتا دەڵێ:

– من نازانم بۆچی باوکی پیرۆز لە بارەی ئەم شەڕە تازەیەی کەوا لە ئەفریقا ئامادە دەکرێ، وشەیەکی ڕکوڕاست نابێژێ. ؟ ئەمڕۆ بەیانی کە لە نوێژی "مەسح" دەهاتمەوە کنچتای ژنی نانکەر پێشی پێ گرتم. کوڕەکەیان بردۆتە سەربازی، دەیویست بزانێ کە پاپی گەورە سەبارەت بەم شەڕە دەڵێ چی.

دۆن بنە دێتو لە وەڵامدا دەڵێ:

– خوشکی خۆشەویستم، باوکی پیرۆز باش دەزانێ کە ئاخافتن بەزاری پڕەوە زیان بەلەشساخی دەگەیەنێ. (مەبەستی ئەوەیە کە زاری باوکی پیرۆزیان درووە ئەو ناتوانێ ئیراد بگرێ و قسە بکات)

پیرەمێرد لەپڕ بەبیستنی هەراوهوریای لای جادەی ئەیالەتی ڕاست دەبێتەوە، بەڵام زانینی هۆی ئەم هەرا هەرایەش ئەوەندە ئاسان نییە. دیارە هەورێکی باریک لە تەپوتۆز لە جادە هەستاوە و ڕەز و باخەکانی داگرتووە. لەنێو ئەم هەورەدا، مێگەلە مەڕێک بەشەپۆلی ڕەنگزەرد دێتە پێش. کەرێکیش لەدوای مێگەل دەبینرێ کە چیغێکی حەسیری و جەواڵ و ستڵی شیر دۆشین و قالبی پەنیر سازکردنیان لێ بار کردووە. بەدوای کەرەکەدا شوان دێتە پێش کە سەگی سپی گەورە دەوریان گرتووە. دواتر، ترومبیلێکی بچووکی سەر داپۆشراو کە دوو کەسی سوار بوون دێت و دەنگی شوان دەدەن کە: «ڕێگا بدە و لای چەپی جادە چۆل کە.»

بەڵام بێ فایدەیە. شوان وەڵام ناداتەوە و بەئاماژە و دەست وا نیشان دەدا کە نابیسێ و کەڕە. بەڵام کابرای کەڕیش دەبێ بزانێ کە ترومبیل ناتوانێ هەمیشە بەدوای مێگەلدا بڕوا. بۆیە لاوەکان هەرا و هاواری خۆیان توندتر دەکەن. دیارە ئەگەر سێ گەماڵی گەورە و دڕ بەقەڵەدەی ئاسن و بەگوێ بڕاوی و بەچاوی سوورەوە دەوری شوانیان نەگرتبایە، بەکارهێنانی زۆر بۆ ئەم دوو لاوە وەکو ئاوخواردنەوە بوو. یەک لە لاوەکان جلی ئەفسەری لەبەر دایە. لە پشتی فەرمانی ترومبیل خۆ هەڵدێنێ و هەڕەشە لە شوان دەکا و بەتوندی داوا دەکا ڕێگا چۆل بکات. شوان لە نێو گەماڵەکانیدا بێ ئەوەی وەسەر خۆ بێنێ هەروا نیشان دەدا کە تێناگات و باشترە وازی لێ بێنن. ئەم بەزمە ماوەیەک درێژە دەکێشێ. ئەو دەم قەشە بەنێو تەپوتۆز دا بۆ لای مێگەلە مەڕ دەچێ و سڵاوێکی گەرم لە شوان و لە دوو لاوەکە دەکات کە سواری ترومبیلن.

قەشەی پیر لاوەکان بەخێر دێنێ و پاشان بەزمانێکی خۆش بەشوان دەڵێ: «ئەوانە دۆستی من و بۆ

سەردانی من هاتوون.»

شـوان گـورج ئاهەنگی بزووتنەوەی دەگـۆڕێ و دەڵێ: «بۆچی نەتانگوت دەچینە سـەردانی دۆن بنە دێتو.؟» پاشان دەنگی گەماڵەکان دەدا و مێگەلە مەڕ خێرا دەکەوێتە لای ڕاستە و ڕێگا بۆ ترومبێل دەکرێتەوە.

قەشە ڕوو دەکاتە خوشکی کە ئەویش بۆ پێشوازی هاتووە و بۆی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەو ئاغایە هەر چەندە لیباسی نیزامی لەبەردایە، ئەندامی حزبی دەوڵەتی نییە. بەڵکو ڕکوڕاست «کۆنچێتینۆ ڕاگۆ»ی خۆشەویستی منە. ئەوەی دیکەش کە وەک قەشەیەک دەچێ کە لە ڕەوشتی کەشیشان هاتبێتە دەر، ئەوە دوکتۆر «نۆنزیۆ ساکا»یە حەکیمی ڕەسمییە. ئەوانە هەر تکیان لە بنەوە کوڕی باشن.

بەم حاڵەش ئەم دوو لاوە هێشتا سەرسوڕمانی کەڕولاڵی مەسلەحەتی شوان بەری نەداون. کنچێتینۆ دەپرسێ:

– ئەم کابرا هیچوپوچە ناوی چییە؟

قەشە بەپێکەنینەوە دەڵێ:

– من گەیشتوومە تەمەنی ٧٥ ساڵی بێ ئەوەی قەت جاسوسیم کردبێ. ئێستاش بۆ دەستپێکی ئەم کارە درنگ بووە. لە کاتێکا باسکی هەر تک شاگردی قەدیمی خۆی گرتووە، بۆ لای باخ دەچنە پێش.

بەڵام شوانیش لە هەقانیەتی خۆی ئەوەندە دڵنیایە کە هەروا هاوار دەکا: بۆ چی نەتانگوت دەچنە ماڵی دۆن بنە دێتو.؟

مارتا بۆ ئەوەی سەرنجی لاوەکان لەسەر شوان وەرگێڕێ پێیان دەڵێ: «فەرموون دانیشن و پشووێک بدەن.» پاشان لە کاتێکا دووبارە دەچێتەوە پشتی دەزگای جۆلایی و دەڵێ: «ئەوانی دیکەش بەم زووانە دەگەنێ.»

بەڵام ڕووداوی کەڕولاڵی مەسلەحەتی شوان وەها کۆنچینتۆی سەرسام کردووە کە ناتوانێ تووڕەش بێ. دۆن بنە دێتو هەر چەند پێی باشتر بوو لەم ڕوونکردنەوە وازبێنێ بەڵام دەڵێ:

– خۆشەویستم! سەرسوڕمانی تۆ فایدەی نییە. پێویست ناکا منێکی کە کارم بەسیاسەت نییە بۆت ڕوونکەمەوە کە لیباسی نیزامی تۆ بۆ وەرزێرانی فەقیر و هەژار و بۆ شوانان چ مانایەکی هەیە. ئەوانە ئەگەر ئەفسەرێکی ئەرتەشی لە جادەیەکی چۆڵ دەبینن، تەنیا بەوەندە وازدێنن کە خۆیان کەڕولاڵ بکەن. تۆ دەبێ فرە مەمنون بی کە لەوەش خەراپتر ناکەن. ئەو ڕۆژە کە گوێچکەکانی کەڕی مەسلەحەتی بکرێنەوە و زمانەکانی لاڵی مەسلەحەتی وەزمان بێن، ئەو ڕۆژە سەرەتای دەمێکی فرە دەردەدار دەبێ کە من ئاواتم ئەوەیە کە بەشی تۆی تێدا نەبێ.

کنچێتینۆ تەماشایەکی دوکتۆر ساکا دەکا و وەک بخوازێ پێی بڵێ لەو قسانە زیاتر چاوەڕوانی شتێکی دیکەم لە قەشە نەدەکرد و سەر کۆنەشی بکات کە بۆچی لەگەڵ خۆی بۆ ئەم داوەتەی هێناوە. بەڵام دوکتۆر دەیەوێ مەسەلەکە پووش بەسەر بکات. و دەڵێ:

– مامۆستای خۆشەویست! ئێمە بۆیە هاتووینە شوێنی گۆشەنشینی تۆ تا پێت بێژین تۆ بەتەنیا نی و ئێمە وەلامان نەناوی. تەواوی ئەو کەسانەش کە تۆ ڕاتهێناون...

دۆن بنە دێتو قسەکەی دەبڕێ و لەم کاتەدا کە ئاهەنگی دەنگی پڕە لە محەبەت و خۆشەویستی نیهانی دەڵێ: DEUS MIHI HARS OTIA FECI (سوپاس بۆ خودا کە ئەم دەرفەتەی بۆ من پێک هێناوە) دیداری ئێوە بەڕاستی بۆ من فرە بەتام و چێژە و دەبێتە هۆی ئەوە کە من زۆر لە نامرادییەکانم لە بیربەرمەوە. ئێستا دانیشن و بحەسێنەوە. نەک لێرە لەسەر زەوی. ئەوە کە گیا نییە. ئەمەیان پنگێکی سەحراییە، ئەویتریان ڕیحانی کێوییە و تەڵخونە ئەوەی خوارەوەتر جەعفەری و گژنیژە. ئەمەی قەراخیان نەعنایە. ئەوانە گشتیان سەوزی قەدیمی و باش و ساخن.

هەر سێکیان لەسەر نیوتەختێکی بەردی مەڕمەڕ لەژێر دارێکی سەوز و جوانی زەیتون دادەنیشن. پیرەمێردی ئێمە لەنێوان ئەم دوو لاوە دانیشتوە. تا ماوەیەکی زۆر لەم سەفا و ئارامییەی باخ، جگە لە دەنگی دەزگای جۆلایی مارتا و دەنگی قاچی و مەکۆ و شانەی دەزگا کە کارێکی شەریف و قەدیمییە، دەنگی دیکە نایە. پیرەمێرد دەپرسێ:

– ئێستا لویجی کاند لورو چ دەکات؟ لەو کاتەوە هیچ ئاگام لێ نییە.

دوکتۆر نونزیۆ ساکا دەڵێ:

– ئەو پێش دوو ساڵ لە لیبی بەکەوتوویی مرد. بۆ من وەک برایەکم لە کیس چوو بێت وابوو. پاش تەواو کردنی خوێندنی موهەندیسی ماوەیەک لەسەر حیسابی خۆی کاری کرد و پاشان سێ ساڵ بێ کار مایەوە. ناچار قبوڵی کرد بوو وەک کارمەندی ئیدارەی موهەندیسی بچێتە لیبی. بۆ بەڕێچوونی ژیان ئامادە بوو بچێتە هەموو شوێنێک. دوو حەفتە پێش گەڕانەوەی کە دەیویست ئامۆزای من بخوازێ کۆچی دوایی کرد. بنەماڵەی «کاند لورو» کە بەخوێنی جەرگ هۆی خوێندنیان بۆ ئامادە کرد بوو، ئێستا بێ کەس و بێ نانهێنەر ماونەوە.

پیرەمێرد بێ دەنگ دەبێ و دووبارە دەپرسێ:

– باتیستا لۆباتۆ چ دەکات؟

– کاری ئەو یاری (سکوپونە) کەس دەرۆستی نایە.

– ئاخر بەڕۆژ چ دەکات؟

– بەیانیان دەنوێ. کە بۆنی کرد دایکی نانی ساز کردووە، هەڵدەستێ. پاشان لە ماڵێ دەردەکەوێ و بۆ یاری (سکوپون) دەچێ. کاتێ هەست دەکا شیو ئامادەیە دەگەڕێتەوە. پاشان دووبارە دوای یاری سکوپون دەکەوێ.

پیرەمێرد دەپرسێ: «کەوابوو ئەو قەت کار ناکات»؟

– یەکشەمۆیان بیلیارد یاری دەکا.

پیرەمێرد سەر ڕادەوەشێنێ و بێ دەنگ دەبێ. دووبارە دەپرسێ:

– ئانتونیۆ سپرانتز چ دەکا ؟

ساکا لە وەڵامدا دەڵێ:

– ڕەنگە وەک تۆش ئاگادار بی ئەو پاش وەر گرتنی دیپلۆمی نێونجی. درێژەی بەخوێندن نەدا. تا ئەم دواییانە لە ڕێگای داهاتێکی کەمی دووکانی بزمارفرۆشی کە باوکی بۆی بەجێ هێشتبوو، ژیانێکی نەمر و نەژی هەبوو. دە ساڵی تەواو لە بەرانبەر ویستی سفتەکان و قەرزداری و ئیجرائیەی جەریمەکانی ناڕاستی لەبەر ڕۆنی بۆن گرتوو و، ساردینی گەنیو و هەرشتەی کەڕوو لێی داوە و تەرازووی لاسەنگ خۆی ڕاگرت. زۆری پێ نەچوو ڕایگەیاند کە نابوت بووە. ئێستا لە ترسی قەرزداران کە خۆیان لێ مات کردووە کەوڵی بکەن، لە ماڵێ نایەتە دەر. بەڵام ئێستا پتر لە ژاندارمان دەترسێ.

– کارلۆ کایونە چ دەکات؟

– ئەو بەنەخۆشی سیل مرد. ژنێک و دوو منداڵی لەپاش بەجێ ماون.

– ژنەکەی لانی کەم شتێکی هەیە پێی بژی. نا ؟

کنچتینۆ وەڵام دەداتەوە:

– نا ، بەڵام جوانە.

پیرەمێرد بێ دەنگ دەبێ. ئێستا ئیتر کارگەی جۆلایی مارتاش لە کار کەوتووە. سێبەری ڕۆژئاوا بەسەر دەشتی فۆچینۆدا دەکشێ. دۆن بنە دیتۆ دووبارە دەپرسێ:

– باشە. بلێ بزانم «وەردونە» چی بەسەرهاتوە؟ ماوەیەکە لێی بێ خەبەرم.

– ئەو ئێستا لە ئیدارەی مالییاتەکان لە بەخشی خۆیدا کارمەندێکی گچکەیە. زۆری هەوڵدا لە ڕێگای سیاسەتەوە بەشتێک بگا. کاتێ تازە لە دەبیرستان هاتبووە دەر دەستی کرد بەهاتوچۆ بۆ مەجلیسی سۆسیالیستەکان و ساڵی ١٩٢٤ ڕەگەڵ «ئاوانتینیست»ەکان کەوت پاشان لە ئەنجومەنێکی نهێنیدا ناوی خۆی تۆمار کرد. ئاخرەکەی هەوڵیدا کە ڕەگەڵ ئێمە بکەوێ و لە ساڵی ١٩٢٧ لەم کارەدا سەرکەوتبێ ئەوەی فایدەی هەبێت. ئێستا کاری هاندان و نووسینی نامەیە بۆ کاربەدەستانی سەروو، دژی ئەو کەسانە کە شانسی سەرکەوتنیان لەو زیاترە. بەڵام تا ئێستا لەپشتی دەفتەری ئیدارەی مالییاتەکان نەبزووتوە. ئاخرەکەی قین و ئیرەیی وایان لێ کردووە کە وەک ناوەکەی قورس و نالەبارە.

– بەڵام باوکی پیاوێکی فەقیر نییە، چما ناتوانێ یارمەتی بکات؟

کنچتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– باوکی مردووە و هەرچی بوویەتی بەسەر نۆ منداڵ. شەش کیژ و سێ کوڕ دابەشکراوە. ئەو شەش کیژانە یەک لە یەکێ ناحەزترن و هەر بۆیە خەڵک نازناوی «شەش عەنتەر»یان پێداون.

لێرەدا ساکا لە کنچتینۆ دەپرسێ:

– بەڕاستی (پێترۆ سپینا چی) دیسانیش هەر کەلانتەرە. ؟

دۆن بنە دێتو بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ:

– چما ئەو ئیتر پارێزەر نییە ؟

کنچتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەو هێشتا ناوی پارێزەری لە سەرە، بەڵام چونکە داوا و داواکارێک لە گۆڕێدا نەبوو، هەوڵی دا تا بوو بەکەلانتەری«ئۆرتو نادی مارسی» کە ناوچەیەکی بچووکە و هیچ دزی و مزییەک نییە. لە لایەکی تریش لەبەر ئەوەی کە ئێستا کەلانتەری بەخشە ئیتر مافی پارێزەری نییە و ناتوانێ موشتەری بۆ خۆ پەیدا بکات. لەگەڵ هەوەڵێن ڕووداوی خەرابی ئیداری کە ببێتە هۆی لێ ستاندنەوەی کارەکەی، بەرەڵای کۆڵانان دەبێ.

دۆن بنە دێتو دەپرسێ:

– باشە، بێژە بزانم ئێستا«دێ پرە تورو» چ دەکات. ؟

ساکا لە وەڵامدا دەڵێ:

– من هەر ئەوەندە دەزانم کە دەورەی شەش مانگەی لە زانستگا خوێندووە و پاشان چۆتە بنیاتی ڕێگای ئاسن. لام وایە هێشتا کارمەندی ڕێگای ئاسنی ڕۆمە.

کنچتینۆ لە ڕاستکردنەوەی پەیڤی ویدا دەڵێ:

– چەند ساڵێکە لە ڕێگای ئاسن وەدەریان ناوە. من حاشا ناکەم کە «دێ پرە تورو» باشترین شاگرد بوو لە زمانی لاتیندا. بەڵام بەبڕوای من ئەو هەمیشە بیرێکی ئاڵۆز و نیوە سۆسیالیستی هەبوو. لە گوندەکەی خۆی لەگەڵ ژنێک نێوانی خۆش کرد کە بەرگدروو بوو، جگە لە مەکینەی دروون هیچی دیکەی شک نەدەبرد. ژنەکە زوو تێگەیشت لەگەڵ کێ پێوە بووە، دیارە بڕیاری دا منداڵێکی لێ پێکبێنێ. کابرا ناچار بوو بیهێنێ. لەو کاتەوە بەرگدروو هەموو ساڵێ منداڵێکی تەحویل دەدا. پاش چوار ساڵ ئێستا ئەم دوو کەسە بەو منداڵەوە کە پێشتر هەیانبوو، پێنج منداڵیان هەیە. لەو ماوەیەدا لەبەر بیری گومانلێکراوی و دژی میللی لە ڕێگای ئاسن دەریانکرد. کەسێکیش لە ڕێگای ئاسن دەربکرێ لە هیچ ئیدارەیەکی دەوڵەتی کاری نادەنێ. بنیاتە تایبەتییەکانیش بۆ پەیداکردنی کادری خزمەت دەبێ سەر لە دەفتەری کار دۆزینەوە بدات. ئەو دەفتەرانەش بەڕەسمی پێیان گوتراوە کە کار نەدەن بەو کەسانە کە لە باری سیاسییەوە گومانیان لێ دەکرێت. خەریکبوونی پیشەی دەستیش بۆ شان و شەوکەتی خۆی بەعەیب دەزانێ. چونکە مرۆ ناچێ پاش دە ساڵ خوێندن بچێ ببێتە دارتاش. بەم جۆرە ئێستا ئەو بێ کاری دایمییە. لەو لاشەوە ژنی بەرگدروو هەمیشە یا سکپڕە و یا شیر دەدا بەئاخرین منداڵی. هەر بۆیەش ناتوانێ موشتری بەرگدروون پەیدا بکات. زۆر جار لە ماڵی ئەم چارەڕەشانە نان وەگیر ناکەوێ. ئەو دەم کاری لەوە باشتری وەگیر ناکەوێ کە بچێ لە مەیخانە ئارەق بخواتەوە. کاتێ سەرخۆش بوو بچێتەوە ماڵ و لەگەڵ ژن و منداڵانی شەڕ بکات تا جیرانەکان بێن لێکیان بکەنەوە. ئەو دەم خەڵک دەڵێن بزانن ئەوانەی لە مەدرەسەی کەشیشان خوێندن تەواو دەکەن، چییان لێ پەیدا دەبێ. !

دۆن بنە دێتـو بەزەحـمـەت ڕا دەبێ. سـەر و چاوی ڕەق و باریکی کـە ڕەگی شـینی باریکی لێ دەرکەوتوون، خەم و ڕەنجێکی قوڵ نیشان دەدەن. چەند هەنگاوێک لەنێو باخدا دەسووڕێتەوە. پاشان بێ ئەوەی هیچ بڵێ، دێتەوە ژوور. مارتا کاری چنینی خۆی تەواوکردووە. ئیستوانەی دەزگای کە هەوداکانی پارچەی داوێنە سەر، بەتاڵ بووە. بەڵام مارتا هەروەک پشتی ژان بکا، هەر لەسەر دەزگا دانیشتووە. پاشان دەست بەو پارچەیە دادێنێ کە هێشتا لەبەر چاوییەتی و ڕوو دەکاتە دوو پیاوی لاو کە لەبن داری زەیتون دانیشتوون دەڵێ:

– ئەو شەمەدەیە دیاری منە بۆ دۆن بنە دێتو بەبۆنەی ساڵی لەدایکبوونی. ئەو ناوی دۆن بنە دێتو بەبێ ناز ناو، بەڕێز و لەسەر خۆ دێنێتە زمان.

نۆنزیۆ ساکا دەڵێ:

کیژی خۆشە ویست!ڕۆژ نییە کە تۆ دیاری گەورەتر نەدەی بەبرای خۆت. واتە تۆ هەموو ڕۆژێ، ڕۆژێک تەمەنی خۆت بەدیاری دەدەی بەبرات.

مارتا سوور هەڵدەگەڕێ و سەر ڕادەوەشێنێ. لە برای خۆی باریکتر و باڵابەرزترە. بەڵام چونکە باڵای چەماوەترە لە باڵای براکەی، هەر چەندە دە ساڵ لەو بچووکترە، پیرتر دێتە بەرچاو. نێوچاوان و چاو و زاری هێشتا هاوڕێکی خۆیان پاراستووە. چونکە ماندووە، بەکاوەخۆ لە میوانان وە نیزیک دەکەوێ و لەژێر داری زەیتون لەنێوانیان دادەنیشێ. پاشان ئارام و هێدێ دەست بەقسان دەکات:

– ژیان وەک دیاری دەدرێ بەهەموومان، چەندە دیارییەکی بەنرخە. دیارییەکە ئەگەر بەلەچەری و ئێرەیی بۆ خۆمانی ڕابگرین، دەفەوتێ و وشک دەبێ. بەڵام ئەگەر لە ڕێگای خەڵکدا بەختی بکەین، زیاد دەکا و جوانیش دەبێ. لەم قسانە مەبەستم خۆم نییە کە لە پەنا براکەمدا بەبەختەوەری دەژیم و هەزار کەڕەت لەوە زیاتر کە دەبێ بیدەم و ناتوانم، وەردەگرمەوە.

لە ئاهەنگی قسەکانیدا شتێکی وەک ئاواز هەیە، ئاوازێکی خەمهێنەر و کاردانەوەیە لە تەمەنی ڕابردوو، نیگەرانی و وروژانێکی تایبەتی و ئیرادەیەکی شەرماوی تا نەهێڵێ ئەوان وابزانن کە ئەو ژنێکی چارەڕەشە و بەشێوەیەک بۆتە قوربانی.

کنچتینۆ لە پەرچدانەوەی قسەکانی ویدا دەڵێ:

ئاخر هەر ئەوە نییە ئەگەر مرۆ هەموو شتی خۆی فیدای خەڵکی تر بکات، خۆی دەستبەتاڵ و بێ بەش دەمێنێ و بەم چەشنە لەم چێژ و نیعمەتە چاو دەپۆشێ کە ژیان پێی بەخشیوە.

مارتا لە وەڵامدا دەڵێ:

– لە ڕاستیدا ئەو نیعمەتانەی ژیان بەئێمەی بەخشیوە بەنرخن، بەڵێ بەنرخ و سەرسووڕهێنەر. کەسێکی دەیەوێ چێژیان لێ وەرگرێ. کەسێکی لەم ڕێگایەدا شەووڕۆژ لە هەوڵدایە تا لەزەتیان لێ بچێژێ، کەسێکی وا لە ڕاستیدا چێژ وەرناگرێ، بەڵکو بەخێرایی ئەو نیعمەتانە دەسووتێنێ و دەیانکات بەخۆڵەمێش. وای، چەند نیعمەتی سەرسووڕهێنەر! بەڵام ئەو کەسەی بەپێچەوانە لە بیریان دەباتەوە و

خۆشی لەبیر دەباتەوە کەسێکی وا لە بەرانبەر ئەوەیدا دەیدا، هەزار ئەوەندە وەردەگرێ و لە ئاخری تەمەنیشیدا ئەو نیعمەتەی لە سروشتی وەرگرتووە لە وجودی ئەودا وەکو پنجی گەورەی سوورە گوڵ لە مانگی مای دا دیسان گوڵ دەکاتەوە.

نۆنزیۆ ساکا دەڵێ:

– ئەو دەمی کە ئێمە منداڵ بووین و لەسەر نیوتەختی دەبیرستان دەرسمان دەخوێند، دۆن بنە دێتو ئەو قسانەی پێ دەگوتین. بەڵام ئاخر فێرکردەکانی ئەو بەکاری چیمان هاتووە؟ ئەو فێرکردانە بۆ «باتیستا لۆ پاتۆ» و «لویچی کاندە لورو» و «ئانتۆنیۆسپرانتزا» و «دی پرە تورو» و «کارلۆ کایونە» و ئەوانیتر فایدەی چی هەبووە. ؟

دۆن بنە دێتو جارێکی دیکەش دێتەوە ژوور و بەستەیەک کاغەزی زەردی بەدەستەوەیە. بەدوو شاگردی قەدیمی خۆی کە لەکن مارتا دانیشتوون دەڵێ:

– ئێوە دەبێ لەگەڵ چی پێک بگرن؟ وچەی چارەڕەشی ئێوە لەگەڵ چی ئەشێ دابنێین؟ ڕەنگە ئێوە وەک ئەو منداڵانە بچن کە لە گۆڕەپانێکی گشتی دانیشتوون و بەدەنگی بەرز بەهاواڵەکانتان دەڵێن: «ئێمە بلوێرمان لێدا و ئێوە سەماتان نەکرد. ئێمە مەرسیەمان خوێندەوە، ئێوە نەگریان» ئاخر هیچ شتێ لەسەر ئەم جەغزە نەسووڕا کە بەڵێنیان بەئێوە دابوو.

چاوەکانی ڕوونی قەشەی پیر کە لە هەتاوی بەرە و خۆر ئاوا شۆقیان وەر گرتوە، نورێکی پاک و ئارام دەخەنە سەر ڕوخساری وی. هەوای دەنگی پتەو و ژماردە و خەفەت هێنەرە. هەروەک پیاوێک دەچێ کە ماوەیەک بەدوای وەڵامی مەتەڵێکدا گەڕابێ و نەیدۆزیبێتەوە و کەم کەم تێ دەگات کە وەڵامی نییە. پاشان دەڵێ:

– ئەوە وێنەیەکی کۆنە کە پێش پازدە ساڵ کاتێ دەمانویست لێک جیا بینەوە گیراوە. ئەوەش وەرەقەی ئاخرین دەقی ئیتاڵیاییە کە وەک تەکلیف بەئێوەم دابوو. سەرخەتی دەقەکە ئاوا بوو: «بەڕاستی بێژن گەرەکتانە لە ژیاندا چی بن و چ مانایەک بۆ ژیان قایلن؟ من ئێستا سەر پێیی بەلاپەڕەکانی دەقی ئێوە و «کایونە» و «دی پرەتورو» و «کاندە لورو» و «سپیرانتزا» و «لوپاتو» و هاوالانی دیکەتاندا هاتمەوە. بەڵێ بەشەرمەوە لای ئێوە دان پێدا دەنێم کە هیچیان لێ تێناگەم. تەنانەت وردە وردە دێ لە خۆم دەپرسم کە ئەوە دێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئەوانە داوای ڕوونکردنەوە بکەم؟ بەقەولی ئەو کابرای فەرەنسەیی کە لە سەدەی دواییدا ژیاوە و وەک ئێوە لە گەنجیەتیدا لە مەدرەسەیەکی ئایینی تەربیەت کراوە، لەوانەیە ڕاستییەکی خەفەتهێنەر بێ. بەڵێ دۆستە خۆشەویستەکان، ڕەنگە ئەو ڕوونکردنەوە خەمهێنەر بێت. ئێستا دۆن بنە دێتو دەنگی گیراوە. لە کاتی ئاخافتندا گومانێکی تایبەتی لە خۆ نیشان دەدا. دەڵێی لە سەرەتاوە لە دڵدا قسەکانی خۆی گوێ داوەتێ، دەڵێی موفەتیشی لەناخی خۆیدا هەیە و یا حاڵەتێکی نزیک بینی هەیە و دەیەوێ بەنێو هێندێ شتی نادیاردا تێپەڕێ و دەترسێ زیان بگەیێنێ، بەڵام نەک بەشەخسی خۆی، بەڵکو بەشتەکان.

دۆن بنە دیتۆ لەو پەڕە زەردانەی کە لە دەستی دان هێندێکیان دەکاتەوە و دەڵێ:

__لەم جۆرە نووسینانە دەبێ هێندێ شت وەرگری و هێندێکیش فڕێ بدەی. هەموویان بەشێوەی کاردۆچی(*) و پاسکۆلی(**) و دانونزیو(***) پڕن لە وشەی بەتاڵ و زیادی. لەوە زیاتر ساکاری تایبەتی شاگردانی پۆلی ناونجی کە بەدەستی کەشیشان ئیدارە دەکرێ بەرچاو دەکەوێ. لەوانەدا ئارەزووی گەنجایەتی و ڕەنگدانەوەی قەراردادی بەهەڵاو بگری وەلاتانی دوژمنایەتی کە هێشتا مەرەکەبی ئیمزای وشک نەبووبێتەوە، دەبینرێ. بەڵام لەنێو تەواوی ئەم مەتڵەبانە و لەپشت پەردەی فیزی ئەدەبی و شتی دەستکردی زیادی و ئیحساساتی ڕۆژدا، هەست بەبوونی شتێکی بنچینەیی دەکرا و ئێستاش دەکرێ کە پێوەندی بەئێوە و وچەی ئێوەوە هەیە. شتێکی کە لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکان و چاوپێکەوتنی بابەتی کە من بەگوێرەی ئەرک چ کاتی دەرس گوتن و چە کاتی وەرزش لە بارەی یەک یەکی ئێوە و لە بارەی کۆی ئێوە وەک یەک دەستە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەنجامم داوە، ڕوون بۆتەوە. بەڵێ کاتێکی ئێوە پاشان چوونە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم شتە نەک هەر پەرەی نەگرتووە، بەڵکو لاشی داوە و کەوتۆتە ژێر کۆیلەتی و فەرمانبەرداری و خەراپ و دزێو بووە و ورد و تێکشکاوە. ئێوە ئێستا تەمەنتان لەنێوان سی و دوو و سی و چوار ساڵ دایە. بەڵام هەر لە ئێستاوە وەک ئەو پیرەمێردانە دەچن کە خۆرەی داتەپاوی ئەوانی خوارد بێت. دیارە ڕووی قسەکانم لەگەڵ باشترینی ئێوە، واتە لەگەڵ ئەو کەسانەیە ئەوەندە بەهۆشن کە ڕوخانی خۆیان تێبگەن.

کنچتینۆ قسەکانی وی دەبڕێ و دەڵێ:

– دۆن بنە دیتۆی خۆشەویست! مەدرەسە کە دەشتی ژیان نییە. لە مەدرەسە دا بەخەون و خەیاڵ ڕادەبوێرن بەڵام لە ژیاندا پێویستە خۆت لەگەڵ دەوروبەر ڕێکخەی. ئێمە لە مەیدانی ژیاندا خۆمان بەرەوڕووی واقعیەتێکی قەدیمتر لە خۆ دەبینین کە دەبێ لە بەرانبەر ئەودا سەر دانوێنین. مرۆڤ نابێتە ئەوە کە خۆی دەخوازێ ببێتێ.

نۆنزیۆ ساکا لە ڕوونکردنەوەی قسەکانی ویدا دەڵێ:

– ئەگەر ئەو خۆ ڕێکخستنە لەگەڵ دەوروبەر بەهۆی داب و شوێنی تازە و جلوبەرگی یەکسان سەربگرێ، ئەو دەم هەوڵ دەدەن کە شەخسی خۆ و کۆمەڵانی خەڵکیش قانیع بکەن کە گۆڕانکاری پێکهاتوە.

(*) کاردۆچی (١٨٨٥-١٩٠٧) شاعیر و ڕەخنەگری ئیتاڵیایی کە دژی ڕومانتیزم ڕاپەڕی، بەڵام خۆشی پتر فورمی پێ گرنگ بوو.

(**) پاسکۆلی (١٨٥٥-١٩١٢) شاعیری ئیتاڵیایی و دانەری شیعری بچووک کە لە ڕوانگەی خەیاڵ و وشەوە زۆر جوانن

(***) دانۆنزیۆ (١٨٣٦-١٩٣٨) نووسەری ئیتاڵیایی و دانەری ڕۆمانەکانی بەنرخ، لە شەڕی گەورەدا بەخشێکی شانازانەی هەبووە. وەرگێڕ م.ق

کنچتینۆ ڕادەبێ و کەمێ لە باخدا دەخولێتەوە تا پێشی ئەم باسەی گرتبێت. بەسەر ڕەفیقەکەیدا دەگوڕێنێ و دەڵێ:

-تۆ دۆستێکی فرە ئازیزی، بەڵام ناهومێدێکی زۆر پیسی کە بڕوات بەسەرکەوتن نییە.

دۆن بنە دێتو کە پاڵی وەدارێکی سەروو داوە بێ دەنگ دەبێ. نونزیۆ ساکا لە پەنا مارتا ماوەتەوە و هەوڵ دەدا تا باسەکە بۆ مەسەلەیەکی بێ ژانە سەر بەرێت. بۆیە بەدۆن بنە دێتو دەڵێ:

– لام وایە ئاخرین دەرسێکی پێتگوتین لە بارەی تراژیدی یونان بوو. چ شیکردنەوەیەکی لە بیرنەکراوت ئەنجام دەدا.

دۆن بنە دێتو قسەکەی دەبڕێ و دڵێ:

لە گەڵ ئەوەش نە خوێندنی تراژیدی یۆنان و نەباس و شیکردنەوەی من لەمبارەوە هیچیان بەکاری ئێوە نەهاتن. جگە لەوە نەتانتوانیوە ئەو تراژیدییە ڕەشەی کە خەریکی ژێر و ژوورکردنی ئێوە بووە بیزانن و بەربەرەکانی بکەن. ئەوە کە لە سەردەمی تازەدا مرۆڤ بتوانێ تەنیا لەگەڵ «درام»ە کانی تێکەڵ بێ و نەک لە گەڵ «تراژیدییەکان» درۆیەکی بێ شەرمانەیە کە پێویستە تەنیا بەڕووداوە نووسی فریودەر و ڕۆژنامەنووسەکانی بسپێرین. کاتێکی هەر ئێستا کنچتینۆ ئیعترافی کرد کە مرۆڤ ناتوانێ ببێتە ئەو شتە کە خۆی دەیخوازێ، بێ ئەوەی خۆی بزانێ ڕکوڕاست شیرەی تراژیدی تازەی ڕوونکردەوە. بێ گومان قەزاوقەدەری کەونارای یۆنانییەکان، واتە «ئانانکە» یا «نمزیس»(*) وە دوای ئێمە نەکەوتوون، بەڵام ئاخر ئەو چارەنووسە تازە و ئەم قەزاوقەدەرە شووم و تازە پەیدابووەی کە نەیهێشتوە ئێوە ببنە ئەوە کە خۆتان دەتانویست، کامەیە؟ ئەو هێزە دڵڕەشەی کە لە ماوەی پازدە ساڵی دواییدا، واتە لە زەمانی گرتنی فیوم(**) تا داگیرکردنی کارخانەکان و لە زەمانی دابەزینی بۆرسەکانی کار و تا کاتی پاککردنەوەی دەزگای فاشیزم لە ساڵی ١٩١٩ وچەی ئێوەی بەشکان مەحکووم کردووە، کامەیە؟ و ئەمە کام هێزە لە ئێوە کە کاتۆلیک بوون، لە سەرەتاوە ناسیۆنالیست، پاشان سۆسیالیست، لەدوایە کو ئۆپراتیویست (لایەنگری هەرەوەزییەکانی کۆمەڵایەتی) لە ئاخریشدا لە کاتی ئێستادا – ئەگەر بەڵگە و نیشانە بەهەڵەیان نەبردبم – دووبارە ناسیۆنالیستی دروست کردووە. ئەوە کام شەیتانی تازە پەیدا بووە کە هیچ شتێ ناتوانێ نەرمی بکات؟ کام قەزاوقەدەری تازە و دڕندەیە کە شوێنی قەزاوقەدەری قەدیمی گرتۆتەوە و هەروەک سەرخۆشێک لەگەڵ ژیانی ئێوە تەختەنەرد یاری دەکات؟

مارتا لەپڕ ڕا دەبێ و بۆ لای ئەو مێزە دەچێ کە بوتڵی خواردنەوە پیاڵەی لەسەر داناون. ئەو دەم دەپرسێ:

– پێتان وایە ئیدیکەش بێن؟

(*) ئانانکە و نمزیس خودای جۆربەجۆری یۆنانی بوون. دەڵێن نمزیس خودای تۆڵە و داد بووە

(**) فیوم : لەنگەر گایەکی یوگوسلاوییە کە لە شەڕی دووەمی دنیا گردا ئیتاڵیا گرتوویەتی وەرگێڕ م. ق.

کنچتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– بێ گومان دەیانویست بێن بەڵام ڕەنگە پاشان لە بیریان کرد بێ لە کاتی خۆیدا بگەنە قەتار و یا ئوتوبوسی پۆستی.

مارتا دەیەوێ پیاڵە زیادییەکان بەرێتەوە ئاشپەزخانە. دۆن بنە دییێو پێی دەڵێ:

– پیاڵێکی زیادی بۆ دۆن پیچێریلی لێرە بێڵەوە. خوشکی قەشە بەدەنگی ئیعتراز و تەنانەت بەئانقەست دەڵێ:

– ئەومان کە بانگ نەکردووە.

دۆن بنە دێتو دەڵێ: هەر بۆیە سەر و کەللەی پەیدا دەبێ. پاشان ڕوو دەکاتە لاوەکان و لێی زیاد دەکا: ئێوە بێ گومان «پیچیریلی»تان لەبیرە. ئەو تاقە کەسێکە لەنێو ئێوەدا کە کەشیشی کردۆتە پیشە. دایک و بابی ئەو کە لە وردە ماڵێکی دێهاتن، توانای ئەوەیان نەبوو کە خوێندنی وی درێژە پێ بدەن. ناچار چووە کن قەشەکانی سالزین و خەریکی خوێندنی زانستی دینی و حیکمەتی ئیلاهی بوو. ئیجازەی کەشیشی وەرگرت. لەگەڵ بوو بەقەشە سالزینییەکانی بەجێ هێشت و بۆ قەڵەمڕەوی ڕووحانی خۆی گەڕایەوە. ئەم کارەی وی سەبارەت بەمامۆستاکانی کارێکی ڕاست نەبوو. ئێستا لە قەشەنشینێکی بچووکی ئەم ناوچەیە پێش نوێژە، بەڵام ناڕازییە چونکە دەیویست لە مەدرەسەی زانستی دینی و یا لە قەڵەمڕەوێکی گەورەتردا ببێتە قەشە. ئێستا بۆ ڕاکێشانی لوتف و مەرحەمەتی ئوسقۆفی گەورە، بۆتە جاسوسی نهێنی وی. هیچ کاتێ لە چوونی بۆ ئەو شوێنانە کە بەگومانی وی ڕەنگە قسەی وا بکرێ کە نرخی ڕاپۆرت دانی بۆ ئوسقۆفی گەورە هەیە درێخی ناکات. هەر بۆیە دەتوانن وا بزانن کە ئەو ئێمە بەدیداری خالیسانەی خۆی سەربەرز بکات.

لەو ماوەیەدا تاریک داهاتوە و کاری مارتای بۆ تێکردنی شەڕاب دژوار کردووە. مارتا دەڵێ:

ـ دانیشن و بخۆنەوە. دۆن بنە دێتو دەڵێ:

– خوشکم دەیویست شەربەتی تەمری هیندیتان بۆ ساز بکات، بەڵام درەنگ وەبیری کەوتەوە.

کنچتینۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەمە دڵسۆزییەکی دایکانە بوە. کەوابوو کیژی خۆشەویست پێت وا بوو ئێمە پێویستمان بەپاڵاوتنی خوێن هەیە.؟

مارتا دەڵێ:

– دەبێ بچینەوە ژووری. لاوەکان بۆ بردنە ژووری پیاڵە و خواردنەوەکان یارمەتی دەدەن. قاتی خوارەوە لە وەتاغێکی گەورە و تاقانە پێکهاتووە. کە هەم ئاشپەزخانەیە و هەم لە ڕۆژەکانی باراندا ژووری کارە و هەم بەدابی گوندییەکان ژووری میوانانە. گۆزەی نەخشاوی دێهاتی لەسەر ڕەفەی کتێبخانە دانراون. لە لای ڕاست و چەپ دیزە و تاوە و هەوری مس ڕیز کراون. لە بان بوخاری گەورەی دیواری، بەنکە بیباری سوور و هێشووی سماق و سیر و پیواز هەڵواسراون. لەپێش بوخاری چەند کۆنە

کتێبی تۆزاوی دەبینرێن. لە گۆشەیەکی وەتاغ کە بێ گومان هی مارتایە تاقەیەکی بچووک بەکاغەزی تۆڕی لەگەڵ پەیکەری نیو تەنەی مریەم لە گێچی ڕەنگی لەنێو گوڵی دەستکرد دەبینرێ. بۆنی تایبەتی کونسیر و لەگەڵ سرکە و بیسکویتی بەیات هەوای گیراوی وەتاغەکەی پڕ کردووە.

مارتا دیسان دەڵێ: «دانیشن و بخۆنەوە»

لە دەرگا دەدەن. دیارە دۆن پێچیریلییە تەشریفی هێناوە. دۆن بنە دیتۆ هەروەک وێستاوە و پاڵی وە بوخاری داوە، پێشوازی لێ دەکات. دۆن پێچیریلی لێی دەچێتە پێش و دەئامێزی دەگرێ و بەزمانلوسی دۆستایەتی خۆی ڕادەگەیێنێ. دۆن بنە دێتو وەڵامی لە ئامێزگرتنی دەداتەوە و نیشانی دەدا کە بچێتە کن میوانەکانی دیکە و پێی دەڵێ:

– دانیشە و بخۆوە. پیاڵەی زیادیان بۆ تۆ داناوە.

دۆن پێچیریلی لە چاو قەڵەوە. دیارە چاک دەخواتەوە و دەخوا و خۆش لەوەڕە. ڕووخۆش و ئاواڵەیە. بۆ ئەوەی درەنگ هاتنی پینە بکات، دەڵێ: «تاریک بوو، ناچاریش بوو ڕۆژنامەی ئوسقۆف نشین بنووسێ. پاشان لە سەری دەڕوا و دەڵێ:

– سەر خەتی وتارەکە ئاوایە: «بەڵای سەردەمی ئێمە»

دۆن بنە دێتو لێی دەپرسێ: «ناچار لە بارەی شەڕ و بێ کاری وتارت نووسیوە.؟

دۆن پیچیریلی بەساردی وەڵام دەداتەوە:

– ئەوانە مەسایلی سیاسین. ڕۆژنامەی ئوسقۆف نشین تەنیا باسی مەسەلەکانی ڕووحانییەت دەکات. هەرچۆنێک بێ لە ڕوانگەی ڕووحانییەتی خالیس. بەڵای سەردەمی ئێمە بەبڕوای من بێ عیسمەتیە لە شێوەی لیباس پۆشیندا. بۆ بەبڕوای ئێوەش هەروا نییە.؟

دۆن بنە دێتو هەروا کە دەچاوەکانی ڕاماوە لەسەرخۆ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

– بەڵای سەردەمی ئێمە نەبوونی ئیخلاس و پاکییە لە بەینی ئینسانەکاندا. نەبوونی باوەڕ نەکردنە بەیەکتر. گیانی پیسی (یەهودا سکریتی)یە کە دەسەڵاتی وی ژیانی کۆمەڵی ژاراوی کردووە.

دۆن پیچێریلی لە باسەکە خۆ دەدزێتەوە و دەڵێ:

– لە قەڵەمڕەوی کەشیشی مندا لە سایەی خوداوە لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنی مەزنی مەعنەوی وەدەست هاتووە. بەو مانایە کە ژمارەی ئیقرار کردن سەتا چل و، دابی (عیشای ڕەببانی) سەتا سی زیادی کردووە.

دۆن بنە دێتو دەڵێ: «پیچێریلی فەقیر!لە پێشدا باسی ڕووحانییەتی خالیس و پێشکەوتنی مەعنەوی دەکەی، پاشان وەک بەقاڵێک دم لە ئەژمار و سەتا چەند وەردەدی.»

دوکتۆر ساکا کۆخە دەیگرێ. مارتا وێنەی ساڵی ١٩٢٠ کە قەشە لەنێو شاگردەکانی خۆی دانیشتووە، لە دەستی برای وەردەگرێ و لەبەر ڕووناکایی لەسەر لێوی بوخاری دادەنێ. هەرسێکیان لە وێنەکە ورد دەبنەوە لە پێشدا هەر کەس بەدوای ڕەسمی خۆیدا دەگەڕێ. پاشان لەو دۆستانەی دەگەڕێ کە لە مێژە

نەیدیوە و پێوەندییان پێکەوە نییە. بیچمەکانی ڕابردوو لە زەیندا زیندوو دەبنەوە. لەگەڵ قیافەکانی کە ئێستا بەدەستی گرژی ژیان ڕەسم کراون، فەرقیان هەیە. لە ڕەسمەکەدا کنچتینۆ لە ڕیزی یەکەمدا لەسەر هەرد دانیشتووە و لاقی هاویشتوونە سەر یەک. سەری لوس تاشیوە. دموچاوێکی ورد و گرژ و ڕەش ئەسمەر و گرینۆکانەی هەیە. چاوەکانی هەروەک پێشوو ماونەوە، بەڵام قژ و ڕیش بزنی هێناویانەتە سەر بیچمی تفەنگچی شارستانی. پێش پازدە ساڵ کەس نەیدەزانی دێتە سەر ئەو شکڵە. ساکا لە هەموان کەمتر گۆڕاوە، تەنیا نێوچاوانی بەوەرینی قژی لاجانگی پانتر دیاری دەکات. لە ڕەسمەکە دا ئەو لەپشت سەری دۆن بنە دێتو دانیشتووە و ملی باریکی لەنێو شانانی وەدەرناوە.

کنچتینۆ لە پڕ دەپرسێ: باشترین شاگردی تۆ کامانەن؟ قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

– باشترین شاگردی من ئەوانە بوون کە تەنیا بەخوێندنی کتێبی دەرسی وازیان نەدەهێنا. ئەوانەی کە تینویی فێربوونیان نەدەشکا.

هەرسێک شاگردی قەدیم تێکڕا هاواریان کرد: ناویان بێنە.

قەشە بزەیەکی دێتێ و پاشان دەڵێ: «پێترۆ سپینا» ئێستا لە کوێیە و چی بەسەر هاتووە؟ لە ڕەسمەکەدا پێترۆ سپینا لە لای ڕاستەی قەشە دانیشتوە و قەشە دەستی لەسەر شانی داناوە. سپینا قژی بڵاو و چاوی بەفیز و توورەی هەیە و کراواتی خوارە. لەبەر ئەوەی کەس وەڵامی قەشەی نەداوەتەوە، دووبارە دەپرسێ: – نەتانگوت پێترۆ سپینا چ دەکا و ئێستا لە کام وڵات دەسووڕێتەوە؟

هەرسێک لاو نارەحەت دەبن و لەبنەوە سەیری یەکتر دەکەن. پیرەمێرد ڕوو دەکاتە کنچتینۆ و بەجیددی لێی دەپرسێ:

– ئەگەر لەبیرم نەچووبێتەوە پێترۆ سپینا باشترین دۆستی تۆ بوو. واتە ئەڤینداری وی بووی. ئێستا ئەو لە کوێیە، خەبەری چیت لەوی هەیە. ؟

ئەفسەری گەنج لە کاتێکا خۆ لە نیگای قەشە دەدزێتەوە دەڵێ:

– من بۆچی بزانم، من کێشکچی ئەوم؟

پیرەمێرد لە پەنا بوخاری ڕاوەستاوە. لەم وەڵامە جۆرێ ڕەنگی دەبزڕکێ کە نیزیکە بکەوێ. بەهەنگاوی سەبرۆکە دەچێتە کن کنچتینۆ و سەری دەگرێتە نێو دەستە لەرزۆکەکانی. سەیری چاوەکانی دەکا و، لە کاتێکا ئەسرینی دەچاوان گەڕاوە دەڵێ: «مندالّە فەقیرەکەی من! چۆن وات لێهاتوە؟ نازانی هەر ئێستا وشەی چەندە دزێوت بەسەر زمانیدا هات؟ وشەی مەترسیداری ئەوتۆ کە لە کتێبی «ژنێز(*) یشدا نا دۆزرێنەوە. لە کاتێکا «ژنێز» خۆی لە کتێبەکانی هەرە خەراپە.

دۆن بنە دێتو لە کاتێکا کنچتینۆ بەترسەوە تەماشای دەکا و بەڵام لە وتەکانی تێ ناگا، سەبرۆکە

(*) ژنێز یا خلقەت، کتێبی ئەوەل لە سەفەری پێنجگانەی تەورات کە باسی ئەفسانە دروستبوون و داستانی مبادی تا مەرگی یوسف و لە دایکبوونی موسا دەکات.

قسەکانی درێژە پێ دەدا و دەڵێ: «کاتێ هەرتکیان گەیشتنە مەزرا، قابیل خۆی بەسەر هابیلی برای دادا و کوشتی. ئەو دەم خوای تەعالا بەقابیلی گوت: چت لە هابیلی برات کرد؟» قابیل لە وەڵامدا گوتی: «من چوزانم خۆ من کێشکچی وی نیم»

قەشە لە ئەفسەری گەنج وەدووردەکەوێ و سەبرۆکە دەچێتە قوژبنی ژوورەکە، ئەو شوێنە کە پەیکەرێکی بچووکی مریەم لەنێو کاغەزی ڕەنگاوڕەنگدا لەسەر تاقچە دانراوە. لەوێ دادەنیشێ قسەکانی بەمجۆرە درێژە پێ دەدات:

– پێترۆ سپینا شاگردێک بوو لە هەموانم پتر خۆش دەویست. ئەو خۆی قەت هەستی بەوە نەدەکرد. بەڵام باشترین شاگردی من بوو. ئەو تەنیا بەوەندەی لە مەدرەسە فێری دەبوو وازی نەدەهێنا. نا ئەوەی نەدەکرد. تینوویەتی نە دەشکا. هەمیشە نیگەران و زۆر جاریش ڕێکوپێک نەبوو. لەگەڵ ئەوەش سەبارەت بەئیراد گرتنی لە سزادانی هاوڕێکانی کە بەناهەقی دەزانین، هەمیشە تەمبێ دەکرا. ئەو دۆستەکانی فرەخۆش گەرەک بوو. لە ڕادە بەدەر. کاتێک دەیزانی لە کێشەیەکدا ئەو خاوەن مافە، هیچ شتێک نەیدەتوانی بێ دەنگی بکات.

دۆن بنە دێتو لەنێو لاپەڕە زەرد هەڵگەڕاوەکانی ئاخرین تەکلیفی ڕێنووس، کە شاگردەکانی لە مەدرەسە نووسیبوویان ڕێنووسی پێترۆ سپینا دەبینێتەوە و دەڵێ:

– ئەوەیە سپینا، گوێ بدەنێ: «ئەگەر ئەوەندە داخدار نەبایە کە دوای مردنم ڕەسمەکەم لە میحرابی کەنیسەکان بکێشن و هێندێ کەسی نەناسیاو کە زۆربەیان ژنی ناحەز و پیرن دەستی پاڕانەوەم بۆ درێژ بکەن و بمپەرستن، دەمویست ببم بەیەکێ لە پیرۆزەکان. دەمویست نەک لەبەر نیعمەتەکانی مادی و بارودۆخی ڕۆژ، نەک لەبەر پێداویستییەکانی دەوروبەر بژیم بەڵکو هەموو کاتژمێرێک لە تەمەنم بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی کار لە پێناو شتێکدا تەرخان بکەم کە خۆم بەهەق و ڕاستی دەزانم.»

دۆن بنە دێتو درێژە بەقسەکانی دەدا و دەڵێ:

– پێش پازدە ساڵ کاتێ ئەم ئیعترافنامەم خوێندەوە، گومانم لە ڕاستی و پاکی پێترۆ سپینادا نەما. بەڵام ئەوەم نەدەزانی کە ئەو دەبێ تا چ ڕادەیەک جلّەوی قەڵەمەکەی بۆ وشە و ڕستە داتاشین بەرەڵا کرد بێ. ئەو دەم بەگوڕ و تاسەوە ژیانی پیرۆزەکانی دەخوێندەوە. چونکە تەنیا چەند ساڵ بوو، باوکی مرد بوو، بەدبەختییەکانی بنەماڵەی مەیلی بیرکردنەوەی لەودا بەهێز کرد بوو.

ماوەیەکی دۆن پیچێریلی چاوەڕوانە پیرەمێرد بێ دەنگ بێت تا ئەویش وەقسە کەوێ. ئاخرەکەی دەڵێ:

– لە ساڵی ١٩٢٠ سپینا دەیویست ببێتە قەشە. بەڵام لە ١٩٢١ چووە نێو کۆمەڵی لاوانی سۆسیالیست. یانی بوو بەبێ دین و ماتریالیست.

دۆن بنە دێتو بەساردی دەڵێ: «من کارم بەسیاسەت نییە»

قەشەی گەنج بەهەڵچوویی دەپرسێ: «بێ دینی و خەبات لەگەڵ خودا، بەڕای تۆ جێگای سەرنج نین؟»

پیرەمێرد بەهێدی وەڵام دەداتەوە:

– ئەو کەسەی نان بەمەزەندی ڕۆژ ناخوا، ئەو کەسەی بەگوێرەی هەلومەرجی ڕۆژ ناژی، ئەو کەسەی نەبۆتە عەبدی نیعمەتی مادی و بەستراوی مادی نییە، ئەو کەسەی بەبێ گوێدان بەپاشەڕۆژی کار بۆ حەقیقەت و دادپەروەری دەژی، ئەو کەسە بێ دین نییە. چونکە لە ئەبەدیەتە و ئەبەدیەت لە وجودی ئەودایە. تۆ ئەی پیپچێریلی خۆشەویست! تۆ دەتوانی زۆر شت و لەوانە فێلّی گەیشتن بەپلە بەرزەکان فێری من بکەی بەڵام من لە زانستی کەلام و ئەدەبیاتدا مامۆستای تۆ بووم. وشەگەل من ناترسێنن. باشە، ساکا تۆ پێم بێژە هیچ ئاگات لە پێترۆ سپینا هەیە؟ ئەو لە کوێیە و چ دەکات؟

ئەو دەم دوکتۆر ساکا لە وەڵامی پیرەمێرددا دەڵێ:

– سپینا ساڵی ١٩٢٧ گیرا. بردیان بۆ دوڕگەیەک. ساڵی دوایی لەو دووڕگەیە ڕایکرد، چووە فەرانسە. لە فەرانسە دەریانکرد، چووە سویس، لەوێش دەریانکرد، چووە لوکزامبورگ. لە لوکزامبورگ وەدەریان نا، پەنای بۆ بەلژیک برد. ئەگەر لەوێ دەریان نەکرد بێ، دەبێ ئێستا لە بەلژیک بێت. چۆن دەژی ئاگادار نیم. بەڵام گومانم لەوەدا نییە ئەو لە زرنگیدا دەستی شەیتانی لەپشتەوە دەبەستێ. لە خزمێکیانم بیستوە تووشی سنگ یێشە بووە.

دۆن بنە دێتو بێ دەنگ دەبێ. پاشان ڕوو دەکاتە مارتای خوشکی و دەڵێ:

– گورگەکان لانی خۆیان هەیە، پەلەوری ئاسمانیش هێلانەی خۆیان هەیە بەڵام ئادەمیزاد جێگای نییە بەئاسوودەیی سەری لێ بنێتەوە و بەگوێرەی خەونە پاکەکانی سەردەمی لاوێنی ژیانی خۆی درێژە پێ بدات. بەڵام میللەتی مەسیح وەک دڕندەیەکی پیس لە ڕاوگەدا ڕاوی دەنێن.

مارتا بەپەشۆکاوی سەیری برای دەکا. سێ لاو ڕادەبن کە بڕۆن و دەڵێن: «درنگە با بڕۆین»

دۆن بنە دێتو و مارتا میوانان بەڕێ دەکەن. دۆن پیپچێریلی کوێرە ڕێی لای چیا دەگرێتە بەر. کنچتینۆ و نۆنزیۆ سواری ماشێنی خۆیان دەبن و بەڕێگای لای هێڵی ئاسندا بۆلای ڕاست دەکەونە ڕێ. پیرەمێرد و خوشکی تا دوور دەکەونەوە تەماشایان دەکەن.

کاتێ هێندێ دوور دەکەونەوە کنچتینۆ بێ ئەوەی سەیری دوکتۆر بکا دەڵێ: «سپینا لە ئیتاڵیایە. لە بەلژیک گەڕاوەتەوە. پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ. لەوانەیە ئێستا گرتبیان. بەڵام چ بکەم ئەو شێتە.

لە حەوا لەسەر بستوی «فورکا کاروزۆ» پەڵە هەوری سپی و بچووک بۆ لای دەشتی فوچینۆ دەڕۆن. هەورێکی ڕەشی بەسام بەدوایانەوەیە دەگرمێنێ و بروسکان دەدا. بایەکی سووک هەڵی دەکاتێ. سەحرا دەلەرزێ و باران دای دەداتێ.

٢

ڕۆژێکی سەرلەبەیانی دوکتۆر نۆنزیۆ ساکا یان بۆ سەر نەخۆشێک بانگ کردووە. جۆتیارێکی گەنج خەڵکی گوندی «ئاکوافرەدا» بەسواری گاری لەدوای هاتووە. دوکتۆر تاوێک تەماشای دەکا و دەڵێ:

– دەڵێی یەکتر دەناسین؟

کابرا لە وەڵامدا دەڵێ:

– من «مۆلاتزۆ کاردیلە» لە بنەماڵەی کاردیلەی خەڵکی ئاکۆ فرەدا–م. بەڵێ ڕاستە یەکتر دەناسین. بابەگەورەم ئیجارە داری کۆنە ئاش و زەوییەکانی کەنیسە بوو. چەندە زەوی باش و بەرێژەو بوون. بابی منیش سێ ساڵان ڕەزیماڵی ئێوەی بەئیجارە گرتبوو. پاشان گیر و گرفت و داواکاری دادگا و نەساخی و شتی تر ڕووی تێ کردین. دوو برام لە برازیل دەژین. ئیتر نامە نانووسن.

دوکتۆر دەڵێ: «ئێمە یەکتر دەناسین. باشە کێ نەخۆشە؟»

گاری بەرەو با دەڕوا، بایەک کە بارانی بەدواوەیە. کاردیلە دەڵێ:

– لە ئاخری مانگی نیساندا باران بەکەڵکە. کاتێ منداڵ بووم تۆ لە مەیدانی ئاکوافرەدا بۆ کەنیسە و خەڵک وتارەت دەدا. لەسەر ئاڵاکە وشەی «ئازادی» نووسرا بوو. بنەماڵەی ئێمە لایەنگری ئازادی بوون. ئەوە هەر دوای شەڕ بوو. ئازادی ڕێگە درابوو. ئەو دەم کەنیسە لایەنگری دەوڵەت نەبوو. بەڵکو لای میللەتی دەگرت. ئێمەش لە لایەک بووین، بەڵام دوایە پەڕ وەرگەڕا.

ئێستا گاری لەبەر باران دەڕوا. ئەو بارانە لە سەرووی زەوییە قوڵەکانەوە دێت کەمەزرای «پالاَنتێن» لە دەشتی شکڵ سەدەفی فۆچینۆ یەک دەگرنەوە. هەر لە ئێستاوە پەردەیەکی خاکی ڕەنگ بەسەر بەشەکانی «ماگلیانۆ» و «لاسکورکلا» کشاوە. کاردیلە قسەکانی درێژە پێ دەدا:

– ئێستا ژنان و پیرە پیاوان بۆ کەنیسە ماونەوە. ئێمەش سەرمان بەر داوەتەوە. باوکم تەمەنی حەفتا ساڵە و هێشتا دوعا خوێنی کەنیسەی «سن ساکرە مێنت»ە. بەیانی یەکشەمۆیان پێشنوێژی «مەسحە» ڕۆژەکانی هەینی پیرۆز و «جێژنی خودا» چاکەتی سوور دەکاتە بەر و لەگەڵ دەستە دەڕوا و لە دوعای بەکۆمەڵدا بەشدار دەبێ. ئێمە هەموو ساڵێ دوو چەلەنگ شەڕاب نەزری کەنیسەی ئاکوافرەدا دەکەین. گشت مردووەکانمان لە نوێژخانەی سن ساکرە مێنت لە گۆڕستانی ئاکوافرەدا لە لای ڕاستەی دەرگای نوێژ خانە ناژراون. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە لە خەڵکی تر زیاتر نین. بەڵام خۆم دەزانم بۆچی باسی ئەوانە دەکەم. مەبەستم ئەوەیە کە ڕێگامان یەکە.

دوکتۆر دەڵێ: «ئێمە یەکتر دەناسین. بەڵێ دەناسین. نەخۆش کێیە؟ خزمتە؟

ئێستا گاری لە جادەی ئاکوافرەدا لادەدا و بەنێو مەزرای نۆک و باقلاندا، بەلارێدا دەڕوا. کاردیلە دیسان دەست پێدەکات:

– لەگەڵ ئەوەش دەکرێ لە ڕێگای جیاوازەوە یەکتر بناسین. ئێمەی جۆتیار ئەربابەکان بەهۆی

زەوییەکان و پێناسەکانیانەوە دەناسین. بەڵام داخوا بۆ ناسین ئەوە شێوەیەکی ڕاستە؟ مرۆڤ کار دەکا، شت دەکڕێ، دەفرۆشێ، ئیجارە دەکا، بۆ ئەم کارانە بەڵگە و ناسنامە پێویستە، بۆ کارکردن دەڕواتە دەرەوە، سەروکاری لەگەڵ سەت ئیدارە دەبێ، لەگەڵ سەت کەسی جۆربەجۆر دەبێتە ئاشنا، بەڵام داخوا ئەوە شێوەی یەکترناسینە.؟ بەڵام من کاتێک لە «ئەستاک» لە نیزیک مارسی کارم دەکرد. لەوێ کانالێکی گەورەی ژێر هەردیان ساز دەکرد. ڕۆژێک هاوڕێکانم پێیان گوتم: «لێرە هاونیشتمانییەکی تۆ هەیە کە پیاوێکی خوێندەوارە» من لەبەرخۆمەوە دەمگوت کە ڕەنگە کەسێک بخوازێ گاڵتەم پێ بکات. گوتم من بەڵگە و پێناسەی خۆم هەیە. ئەوەی پێویستیش بووە بیدەم داومە.. کەوابوو ئەو کابرایە چی لە گیانی من دەوێ؟ ئاخرەکەی کابرا هات و منی دیتەوە. دەستی کرد بەپرسیاران لە بارەی «ئاکوافرەدا» و مەزرای «پالانتین» و ژیانی خەڵکی وێندەرێ. پاشان باسی«فۆچینۆ»ی نیشتمانی خۆی کرد. بەدوای ئەوە دا شەوانە یەکترمان دەبینی. دەچووینە سەر لافاو شکێنی«ئەستاک» لەسەر هەرد دادەنیشتین و تا لای نیوەشەو قسەمان دەکرد. پاش چەند شەو هەرچی دەمانزانی بۆ یەکترمان باس کردبوو. ئیتر یەکترمان باش دەناسی. دەستمان کرد بەباسی ئەو شتانە کە تا ئەو دەم بەتەنیایی بیرمان لێ کردبۆوە. زیاتر ئەو قسەی ڕاستی دەکرد. هێندێ جار منیش. ئێستا ناتوانم لێرە ئەم قسانە بەدەنگی بەرز بۆ تۆ بگێڕمەوە. چونکە پێیان پێدەکەنی. هەر چۆنێک بێ کارەکەم درێژە پێدا. ڕۆژێ هەشت سەعات کار بوو، لەگەڵ ئەوەش هەموو دوو سێ سەعات کاری زیادیان دەکرد تا هەقی زیاتر وەرگرن. بەڵام من کە هەشت سەعات کارم تەواو دەبوو ڕام دەکرد بۆ سەر لافاوشکێن تا بچمە کن ئەو پیاوەی کە دەمزانی چاوەڕوانمە. پێکەوە لە بارەی ئینسان و زەوی و ژیان دەدواین. من بیرم لەوە دەکردەوە: ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە هیچ بارێکەوە، نەبۆ کار، نە بۆ بەڵگە وناسنامە کارێکم پێ نییە. ئەویش نە وەک قەشەیەک، نە وەک مامۆستایەکی مەدرەسە و، نە وەک تەبلیغاتچییەک کە خۆیان هەموو شت دەزانن و تەنیا بۆ قانیعکردنی خەڵک مووچە وەردەگرن، بەڵکو وەک ئینسانێک دێتە کن من. ڕۆژێک ئەو پیاوە لەوێ ڕۆیشت و ئیتر ئاگام لێ بڕا.

دوکتۆر قسەکانی دەبڕێ و دەڵێ: «دەتوانم هەست بکەم کە ئەو کەسە کێ بووە؟»

– جارێ ڕاوەستە بۆت باسکەم کە من پێش دوو ساڵ کاتێک لە جێژنی «بارتو لومە» دەگەڕامەوە لە ڕێگای «ماگلیانۆ» سەگێکم دیت کە ترومبیل قاچی شکاندووە و لە پەنا جادە کەوتبوو کە مرۆڤ بەزەیی پێ دادەهات. من گەماڵەکەم خستەسەر گاری و بەدەسرەیەک قاچیم پێچا و هێنامەوە ماڵ. پاش دوو مانگ گاریچییەکی خەڵکی «لاسکورکلاد» پەیدا بوو، چونکە خاوەنی گەماڵەکە بوو، سەگەکەی لێ وەرگرتمەوە. هاوینی ڕابردووش مەڕێکم لەسەر جادە دیتەوە دەشەلی. ئەو حەیوانەم لە تەویلە لەنێوان کەر و مانگادا جێ کردەوە. پاشان خاوەنەکەی هات و بردییەوە. ئەوە خۆی نەریتێکە. بەڵێ، ئەو کەسەی کە لە «ئەستاک» لە گەڵی ببوومە ئاشنا، دوێشەو لە دەرگای خانووی منی دا. بۆ هەوەڵین جار توانیم بیناسم.

نونزیۆ ساکا بەترسەوە دەپرسێ: «پێترۆ سپینا لێرەیە؟ تۆ من دەبەیە لای ئەو.؟»

کاردیلە گاری لە جادە لادەدا ولە گۆشەیەک ڕایدەگرێ. هەرتکیان دادەبەزن. کاردیلە ئەسپەکەی لە دارێک دەبەستێتەوە و جلێکی سووری دەخاتە سەر پشتی. دوکتۆر بەقیافەیەکی خەفەتاوی سەرێکی ئەملاولا دەکا. باران خەریکە لێی کاتەوە و بۆ لای «تاکلیاکوزو» دەچێ. بەڵام هەوری تازە لە لای «ئاوەتزانۆ» وە دەگەنێ. ئەم دوو پیاوە لە پەنا گاری قسەکانیان درێژە پێدەدەن.«مۆلازو کاردیلە» لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

– بەڵێ، ئەو پیاوە لە دەرگای ماڵی منی دا و هەر چەند تای لێ بوو، نەیدەویست بێتە ژوور. چەند هەنگاوێک پێکەوە ڕۆیشتین، لە ئاوایی چووینە دەر و بەنێو مەزرادا ڕۆیشتین و هێندێ باسی «ئەستاک»مان کرد. پاشان ئەو بۆ منی باس کرد کە بەنهێنی گەڕاوەتەوە ئیتاڵیا و لە ڕۆم نیزیک بووە بگیرێ. گوتی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی پچڕاوە و لانی کەم تا ماوەیەک بێ مەترسی پێوە بوون ناتوانێ ئەم پێوەندییە دووبارە بەرقەرار کاتەوە. بەمنی گوت کە چەند ڕۆژ لەژێر باران لە مەزرا ئاوارە و سەرگەردان بووە. بەڵام ئیتر ئێستا ناتوانێ ئەم وەزعە درێژەپێبدا، چونکە تای زۆرە پاش گومانێکی زۆر بڕیاری داوە بێتە ماڵی من و تا چاک دەبێتەوە من لە ماڵی خۆم ڕایدەگرم. ئەو بەمنی گوت تۆ کارگەری و من سەبارەت بەکرێکارانە کە بۆ ئیتاڵیا گەڕاومەوە خەیانەتم پێ مەکە. شەوی ڕابردوو لە تەویلەدا شاردمەوە. ئێستا تەنیا شتێک لەتۆ دەپرسم: دەکرێ چ کارێک بۆ ئەم پیاوە بکەی.؟ داخوا دەکرێ هەر ئاوا وازی لێ بێنین تا بمرێ؟

دوکتۆر بەوشکی وەڵامی دایەوە: «دەبوایە لە دەرەوە، هەر لەم وڵاتە مابایەوە کە لێی بوو.»

– بەڵام ئەو ئێستا لێرەیە و ئێمە لە دەرگای ماڵی خۆمان دیتوومانەتەوە. ڕاست وەک سەگێک و یا مەڕێکمان دیبێتەوە. داخوا دەبێ لێگەڕێین بمرێ؟

دوکتۆر لە وەڵامدا دەڵێ: «بشمرێ هیچ لە دەست نادا. ئەو تەنیایە. بەڵام من ژن و منداڵم هەیە. بیروڕای سیاسی ئێمە لێک جیاوازە.»

کاردیلە دەڵێ: «لێرە باسی سیاسەت لە گۆڕێدا نییە. مەسەلەی ئینسانی لە گۆڕێدایە. لە کتێبی فێرکردەکانی ئایینیدا کە بەمنداڵی پێیان لەبەر دەکردم نووسراوە: ئاو بدەی بەتینوان، لیباس بدەی بەڕووتان، میوانان ڕابگری، خزمەتی نەخۆشان بکەی. نەنووسراوە ئەو نەخۆشانە عیلاج بکەی کە وەک تۆ بیر دەکەنەوە، بەڵکو تەنیا نووسراوە نەخۆشان چابکەیەوە و وەسسەلام!. دیارە ڕاستە کە ئەو دەم کەنیسە لەگەڵ میللەت بوو نەک لەگەڵ دەوڵەت. لەوانەیە ئیمڕۆ ناوەڕۆکی کتێبی فێرکردنی دینیشیان گۆڕیبێ.»

دوکتۆر دەپرسێ: «ئایا ئەو خۆی تۆی بەدوای مندا ناردوە؟ ئەو بەتۆی گوتوە کە من دەناسێ؟»

– ئەو بەمنی گوت لەگەڵ تۆ هاودەرس بوە. بەڵام نەیدەویست بەدوای تۆ دابێم. لە پەنای گاری گفتگۆ درێژەی دەبێ. پاشان هەرتک بێ دەنگ دەبن. پیاوێکی گوندی بەکەر و بارە دارێکەوە بەوێدا تێدەپەڕێ. پاشان پیرێژنێک بەبزنەوە بەوێدا دەڕوا. کاردیلە لەشکدایە کە ڕاستی هەموو شتێ بڵێ یان نا.

ئاخرەکەی بڕیار دەدا و دەڵێ:

– ڕاستیت دەوێ ئەو نەیدەویست بەدواتدا بێم. دوێ شەو بەمنی گوت: «من لەبەر کرێکاران گەڕاوەمەوە بۆ نیشتمانم داوای یارمەتی لە تۆ دەکەم کە کرێکارێکی بەشەرەفی. بەڵام دوکتۆر ساکا ڕووناکبیرێکە. ئەو دەبێ شوغڵەکەی بپارێزێ. بێجگە لەوانەش ئەو کابرایەکی ڕووناکبیرە کە لەگەڵ دەزگای ئوسقۆف پێوەندی هەیە. بۆ ئەوەی سەرنجی کار بەدەستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، دوور نییە پێمەوە بکات.» بەڵام باوەڕم بەقسەی وی نەکرد. ئەو ئەوەشی گوت کە تەنیا پیاوێکی پیر هەیە کە لە یارمەتیدانی وی ناترسێ. ئەو قەشەیەکە لە دەبیرستان مامۆستا بووە. بەڵام ئەو زۆر پیرە و هەر بۆیەش دڵی نایە کە مەترسییەک بۆ ئەو پێک بێنێ. ئیمڕۆ بەیانی دیتم حاڵی زۆر شڕە. بۆیە بێ پرسی وی لە دوای تۆ هاتم. وای دابنێ مەرێکە و دەبێ دەفریای کەوێ.

دوکتۆر ساکا پاڵی وەتەگەری گاری داوە. بەنیگەرانی و بەهێلاکی سەیری دەوروبەری خۆی دەکا.

ئاخرییەکە تینێک وەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ:

– هەرچۆنێک بێ پێویستە ئەو لێرە بڕوات. زووش دەبێ بڕوات. من تێ دەکۆشم ڕازی بکەم کە خێرا بڕوا. ئەگەر پێویستی بەدەرمان هەبێ بەناوی خێزانی ئێوە ڕەچێتەی بۆ دەنووسم. خوا بەدادمان بگا.

کاردیلە دەڵێ:

– ئەو لێرەیە، لەپشت ئەم دارە گوێزە لە تەویلەدایە. تۆ دەتوانی تەنیا بچیە لای من لێرە دەمێنمەوە و ئاگادار دەبم.

دوکتۆر لەپشت دارە گوێز لەبەر دەرگای تەویلە پیرەمێردێکی چکۆڵە و تێکشکاو دەبینێ کە لیباسێکی خاوێنی لەبەردایە. لەوە تووڕە دەبێ کە بۆچی کاردیلە نەیگوتوە کە کەسێکی دیکەش لەوێیە. دەپرسێ:

– نەخۆش لە کوێیە؟

پیرەمێردی کورتە باڵا لە وەڵامدا دەڵێ: «کێ تۆی ویستوە؟»

– مۆلازۆ کاردیلە بەمنی گوتوە کە نەخۆشێک لێرەیە.

پیرەمێرد لە کاتێکا ڕادەبێ و لە چاوانی ساکا ڕادەمێنێ، دەڵێ:

– من ئەسپاردبووم ئەو کارە نەکات. ئەو دەم دوکتۆر نونزیۆ ساکا بەسەرسوڕمانەوە «پێترۆ سپینا»ی دۆستی کۆنی دەبیرستانی خۆی دەناسێتەوە.

چاوی گەورە و قوڵ و گەش. لێوی باریک، گوێچکەی ناسک بەڕەنگی ڕوون و پڕ خوێن و، قژی پڕ و ئاڵۆز، تەنیا شتێکە لەسەر و سیمای قەدیمی ویدا ماوەتەوە و ئەمڕۆ دەڵێی لە مستێک قوڕی سوورکراوە و قەڵشیو دروست کراوە.

ساکا غیرەت وەبەر خۆ دەنێ و بەزەحمەت دەڵێ:

– تۆ لە تەمەنی مندای. واتە ٣٣، ساڵی بەڵام وەک ٦٠ ساڵە دێیە بەرچاو. ئەدی چۆن خۆت وا

گۆڕیوە؟

سپینا وەک مناڵێکی فێڵی کردبێ و یاری بردبێتەوە قاقا پێدەکەنێ. پاشان بۆ دوکتۆر ڕوون دەکاتەوە کە پێش ئەوەی بۆ ئیتالیا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەروچاوی خۆی بگۆڕێ و وابکا پۆلیس نەیناسێتەوە ماوەی چەند حەوتوو بەماجومێک کە مادەی ئەسڵی وی «تەنتۆرایۆد»ە لەسەر دەموچاوی خۆی کاری کردووە و بەو ماجومە ئاوا چرچ و گنجاوی کردووە کە بێتە سەر شکڵی پیرەمێردان.

سپینا دەڵێ:

– ئەو ماجومە داهێنانی خۆمە. لەوانەیە بەکاری شتی دیکەش بێت. کاتێ ئیدەیاڵی لاوێکی حاڵ ناونجی ئیتالیایی تەنیا ئەوە نەبێ کە بکەوێتە بەر سەرنجی کچانی توریستی سویسی و ئەمریکایی و ئامانجی جیدیتری پێ نیشان بدرێ، ڕەنگە پێویست بێ لەجیاتی بنیاتەکانی ئێستای جوانکردن، بنیاتێکی ناحەزکردنی دەستکرد بۆ لاوانی جوان و ژیگۆلۆ و لووت بەرز ساز بکرێ.

دوکتۆر ساکا بەحەپەساوی سەیری ڕوومەتی گوڕاو و شکڵ پیری هاوتەمەنی خۆی دەکا. سپینا هەرگیز بەو جۆرەی کە دەبوایە ببێ، لاوێکی جوان و شیک نەبووە، بەڵام بزۆزی و ڕکوڕاستی قسەکانی هەمیشە ڕووناکییەکی داوە بەقیافەی و لەکن ژنان جوانی نیشان داوە. ئەو بێ ئەوەی لاوێکی بێ شەرم و پڕ ئیدیعا و «دۆنژوان» بووبێ، بەژنبازێکی بەتوانا و شێلگیر ناسراوە. ئێستا چۆن پیرەوی لە بیروڕایەکی سیاسی توانیویەتی وای لێ بکات کە ڕوومەتی خۆی وا ترسناک بکا و لە هەڕەتی لاوێنیدا ئاوا پیری نیشان بدا.

دوکتۆر ئیراد دەگرێ و دەڵێ:

– لەگەڵ ئەو هەموو زەحمەتەی کە بۆ گۆڕینی قیافەی خۆت کێشاوتە، پۆلیس دیسان تۆی ناسیوەتەوە.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

– پۆلیس بەهیچ جۆر منی نەناسیوە. تەنیا پاش پێوەندی لەگەڵ تەشکیلات بێ گومان یەک لە جاسوسان توانیویەتی خۆ دەوێ بخزێنێ و پۆلیس خەبەردار بکات. هەڵاتنی من لەبەر ئەوەیە کە پۆلیسی ڕۆم ڕەسمی قەدیمی منی لەلایە و بۆ هەموو شوێنێکی ناردووە. جگە لەوە من نەمویستووە لە ڕۆم بمێنمەوە. من هاتوومەوە ئیتالیا تا لەنێو جووتیارانی هەژاردا کار بکەم.

ئەم فێڵە کە وەک فێڵەکانی ڕۆمانتیکی سەردەمی شۆڕشی ١٨٤٨ دەچێ دوکتۆری خستۆتە بیری واقعیەتێک و بەڵام منداڵانە و بەترس کە هەر چۆنێک بێ بۆ لای ئەو کشاوە. دەنگی کامیۆنێک لە جادەی میللی لە جێی ڕادەپەڕێنێ.

سپینا بەزەردە خەنە پێی دەڵێ: «مەترسە، دانیشە. دەنگی کامیۆن دوور دەکەوێتەوە.»

دوکتۆر لە کاتێکا لەبەر نیگای سپینا خۆ لادەدا، دەڵێ:

– دانیشتن لێرە بێ فایدەیە، من خەیاڵی زۆر بڵەییم نییە. من لە سەرەتاوە نەمدەزانی بۆ دیتنی تۆ دێمە ئێرە، ئێستاش کە هاتووم تەنیا بۆ ئەوەیە کە نەسحەتت بکەم تا زووە لێرە بڕۆی و بۆ خاتری

بەرژەوەندی خۆت و ئێمەش بچیەوە دەرەوە.

سپینا دەڵێ: «سوپاسی پەندەکانت دەکەم بەڵام ناچمە دەرەوە.»

ساکا دەپرسێ:

-- بۆچی هاتوویەوە ئیتاڵیا؟ تۆ کە ئازادیت خۆش دەوێ بۆ لەو وڵاتە نامێنیەوە کە ئازادی تێدایە.؟

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ: «من بۆیە گەڕاومەوە کە بتوانم پشوێک بدەم.»

ساکا دەڵێ:

– شۆڕشگێڕە مەزنەکان، واتە مامۆستاکانت. ئەو کەسانەی سەبارەت بەپێشکەوتنی بیروباوەڕی خۆیان چەند ساڵان کاریان کرد و ئاخرەکەی دامودەزگای دیکتاتۆریان تێکدا، تەمەنی خۆیان لە دەرەوە بردەسەر. تۆ ناتەوێ وابیێ؟

سپینا لە مانای ئەم ئیرادە تێدەگات. لە وەڵامدا دەڵێ:

– تۆ هەقتە. من نازانم خۆم بۆ نەخشێکی گەورەی سیاسی ڕابگرم. من شۆڕشگێڕێکی خەراپم. بەڵام لە بارەی ئاوارەیی هەر باسی لێ مەکە. نەقڵی من وەک نەقڵی شەرابەکانی وڵاتی خۆمانە. کاتێکی بۆ ئاووهەوایەکی دیکەیان دەبەن، خاسیەتی خۆیان لە دەست دەدەن. لە کاتێکا شەرابەکانی دیکە بەپێچەوانە هەر دەڵێی بۆ ناردنە دەرەوە باشن.

ساکا دەپرسێ: «ئەگەر بتگرن چی؟»

– دیارە زیندان بەترسە. بەڵام واش نییە کە وام لێ بکا نیشتمان بەجێ بێڵم. من جیهان وەتەنیم. بەڵام دوور لە نیشتمان وەک ماسییەک دەچم کە لە ئاو هاتبێتەدەر. ئیتر ئاوارەیی بۆ من بەسە. زیاتر لەوە ناتوانم سەبر بکەم.

نۆنزیۆ ساکا لەگەڵ ئەوە کە دەستەکانی بەلاساکردنەوە لە «پۆنس پیلات» (*) دەبزێوێ، دەڵێ: «کەوابوو پێوەندی بەمنەوە نییە و من دەست لەم کارە هەڵدەگرم

سپینا دەڵێ:

–خۆشحاڵم کە دەبینم بەگوێرەی ئایاتی ئینجیل قسان دەکەی. وا دیارە فێر کردەی ئایینی بۆ تۆ فایدەی هەبوە. پاشان لێی زیاد دەکا و دەڵێ:

– من پێرێ شەو لە کاتێکا لەبەر نۆبەتێ دەلەرزیم و تا مێشکی ئێسکانم تەڕ بووم و لە برسان و لە تینوان دەمردم لە «مۆنتە دلا کروچە» بەرانبەر دەبیرستانی پێشووی خۆمان شەوم بردە سەر. ئەو

(*) پۆنس پیلات حاکمی ڕۆمیی فەلەستین. لە گەڵ ئەوەش کە بڕوای بەوە هەبوو کە عیسا بێ تاوانە، تەسلیمی دوژمنانی کرد. بۆ ئەوەی بەرپرسی لەسەر شانی خۆی لابەرێت، گوتی : « ئاو بێنن. ئاویان هێنا و دەستەکانی شوشت و گوتی: لە مەرگی عیسادا من بێ خەتام. ئێوە بەر پرسن!» ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ مانای وایە کە من بێ تاوانم.

خانووەشم دیت کە هەشت ساڵ پێکەوە تێیدا بووین. دەبێ ئەو باخچانەی لە باخی ماڵەکەدا گوڵمان لێ دەچاند هێشتا مابن. ئایا شەمدانەکانی منت لەبیرە؟ بێ گومان لە قاتی دووەم هێشتا ئەو ژوورە گەورە هەیە کە لەوێدا تەختەخەوی من و تۆ ئەوەندە لێک نیزیک بوو کە بێ ئەوەی سەرپەرشتی مەدرەسە بزانێ تا نیوە شەو قسەمان دەکرد. داخوا ئەم نەخشە خەیاڵیانەت لە بیر ماون کە پێکەوە دەمانکێشان؟ لە بیرتە «دۆن بنە دێتو» هەڵبژاردەی شاعیرەکانی سەردەمی کەونارای بۆ لێک دەدایەنەوە.

«دۆن سیلۆجیسمۆ» ئوسوڵ و قایدەی ئاقڵ و مەنتیقی فێر دەکردین. «دۆن زاشئۆ» دەقەکانی باوکانی ڕووحانی پێشووی بۆ شی دەکردینەوە. «دۆن فلۆریندۆ» کردەوە و قەولی قارەمان و پاشایانی باس دەکرد. لەسەر مێزی خواردن لە ژووری سفرەخانە هەرجارەی یەک لە ئێمە بەنۆرە دەبوایە شەرحی حاڵی یەک لە شەهیدان و یا یەک لە پیرۆزان بەدەنگی بەرز بخوێنینەوە. کاتێ ئێمە لەو دنیای غەیرە واقعی هاتینە دەر کۆمەڵ و کەنیسە و دەوڵەتێکمان دیتەوە کە لەگەڵ ئەوەی فێری ئێمەیان کردبوو فەرقی زۆر بوو. هەر یەک لە ئێمە ناچار بووین ڕێگای خۆمان هەڵبژێرین. یانی سەر بەخزمەت بسپێرین و، یا یاخی بین. لە پێشوودا ڕێگای نێوەڕاستیش لەنێوان ئەم دوو ڕێگایەدا هەبوو. بەڵام دوای شەڕ ئەو ڕێگایانە لە وچەی ئێمە بەسترا. لەو کاتەوە تا ئێستا چەند ساڵ ڕابردووە؟

پازدە ساڵ و، ئەگەر کەسێک ئێستا من و تۆ لێرە ببینێ ناتوانێ هەست بکات کە ژیانی ئێمە تا تەمەنی بیست ساڵی لە یەک خەتدا چۆتە پێش و هەرتکمان بۆ داهاتوویەک خەونمان دیوە.

ساکا هەست بەناڕەحەتی دەکات:

– بەڵێ ڕاستە. ئێمە ئێستا سەر بەدوو دەستەی لێک جیاوازین.

سپینا بۆ ڕاستکردنەوەی وتەی وی دەڵێ:

– بەدوو مرۆڤایەتی لێک جیاواز. لە ڕاستیدا لەنێوان خەڵکی ئازاد و کۆیلە جیاوازییەکە تەنیا ناکۆکی ساکاری دەستەیی نییە. بەڵکو ناتەبایی مرۆڤایەتییە و ئەگەر ئەڵمانییەکان وشەی «ڕەگەز» یان قوڕاوی نەکردبایە، دەمگوت ناتەبایی ڕەگەز. بەمحاڵەش ئەگەر من ئەم وشەیە بەکاردێنم لەبەر ئەوەیە کە بۆ دەربڕینی ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، وشەی تر نادۆزمەوە. لە بارودۆخی ئێستادا کە بەکردەوە لە پەنای دەسەڵاتی تۆ دام، نیشاندانی ڕێز گرتن لە تۆ و لەو کەسانەی وەک تۆ ڕەفتاریان کردووە پێویستی بەتەقەلایەکی من هەیە کە ئەو کارە لە تواناما نییە. لەلایەکی دیکەوە ئێستا بۆ حیساب پاککردن زۆر زووە. تۆ دەتوانی بڕۆی.

پێترۆ سپینا دەگەڕێتەوە ئەو تەویلەیە کە وڵاخەکانی لێ هاتوونەدەر. لەبەر ئەوەی هیلاکە لەسەر کورتانی کەرێک دادەنیشێ. دوکتۆر لە دوودڵی دایە. پاشان لێی دەچێتە پێش و دەڵێ: «لانی کەم با تەماشات بکەم. من دەتوانم لە ڕێگای کاردیلەوە دەرمانت بۆ بنێرم»

سپینا بەزۆری کراسەکەی هەڵدەداتەوە. سەری وەک پیران و پێستی سووتاوی دموچاوی، فەرقێکی سەیر لەگەڵ لەشی نەرم و ساف وسپی وەک لاوانی تازە پێگەیشتووی ئەو نیشان دەدا. دوکتۆر بەسەر

سینگی دۆستی نەخۆشی خۆیدا دادێتەوە و بەدڵسۆزی تەواو هەموو دەندەکانی سینگی دەکوتێ و گوێچکەی پێوە دەنێ نەبزی دەست و دڵی ئیمتیحان دەکا و لە هەناسەکانی کە بەزەحمەت لە سییەکانی دێنەدەر ورد دەبێتەوە.

ئەوەندەی تەماشا دەکا، سپینا توانای خۆڕاگری نامێنێ، لەسەر کورتانەکە دەکەوێ، لار دەبێتەوە و بەچاوی نیوەقوچاو سەبرۆکە لەسەر هەرد درێژ دەبێ. ئێستا هەستێکی باشی و برادەری سەردەمی گەنجی ساکا دادەگرێ و دەڵێ:

– گوێ بدەیە پێترۆ، دۆستی من، باشە ڕکوڕاست پێکەوە بدوێین. تۆ نابێ بمری. نۆنزیۆ دەستی دەکوشێ، باسی ئاوات و نامرادی و بەدبەختی و درۆ و پیلان و ناڕەحەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکا و دەڵێ:

– ژیانی ئێمە هەمووی هەر کاتییە. هەموو لایان وایە ژیانی ئێستا ژیان نییە. ئێستا دەبێ بسووتێ و بسازێی، دەبێ سووکایەتی قبوڵ بکەی، بەڵام ئەوە هەمووی کاتییە، ئاخرەکەی ڕۆژێک دێ کە ژیانی واقیعی دەست پێ دەکا. بەڵێ، ڕۆژێک ئێمە خۆ بۆ مردن ئامادە دەکەین. مردن بەو داخەوە کە ژیانمان نەکردووە. هێندێ جار ئەو فیکرە هەراسانم دەکات کە: مرۆڤ لە جارێک زیاتر نایەتە دنیا، ئەو تەمەنە یەکجارەکییەش دایمە لە بوونی کاتی و لە چاوەڕوانی ڕۆژێکدا بەسەر دەبا کە ژیانی واقعی دەست پێ بکرێ. بەڵێ، تەمەن هەر بەم شێوەیە تێدەپەڕێ. کەس لە ئێستادا ناژی، کەسیش نییە کە بتوانێ ئەوەی لە ڕۆژدا کردوویەتی بەحیسابی داهاتی لەباری خۆی دابنێ. کەس نییە بتوانێ ئیدیعا بکا «ژیانی لە فڵان کات و لە فڵان شوێن دەست پێکراوە!» ئەو کەسانەش کە لە دەستەبەندی دەوڵەتی دان و لە زێدەیی ویش کەڵک وەردەگرن، دەبێ لەگەڵ کەینوبەین بژین، بێزاری ئەوانیش لە ئاڵۆزی و ئەحمەقی ئەم دەزگایە لە خەڵکی تر کەمتر نییە. ئەوانیش لە کاتی بووندا دەژین وتەمەن لە چاوەڕوانیدا دەبەنە سەر.

سپینا دەڵێ:

– نابێ چاوەڕوانی بکێشی. لە ئاوارەییشدا تەمەن لە چاوەڕوانیدا ڕادەبرێ، دەبێ هەنگاو بنێی، دەبێ بڵێی: «لەم ڕۆوە ئیتر بەسە!»

ساکا بەئیعتراز دەڵێ: «ئەگەر ئازادی نەبێ، چی؟»

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ ؛

– ئازادی شتێک نییە بەدیاری بدرێ بەکەس. دەتوانی لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا بژی و ئازادیش بی. تەنیا ئەوەندە بەسە کە دژی دیکتاتۆر خەبات بکەی. مرۆڤێک بەمێشکی خۆی بیر دەکاتەوە ئازادە. بەپێچەوانە، دەتوانی لە وڵاتێکی هەرە ئازادی سەر زەوی بژی، بەڵام ئەگەر ڕەزیل و نۆکەر سیفەت بی، ئازاد نییە و سەرەڕای نەبوونی گوشار و مەجبورکردن دیسان کۆیلەیە. نابێ سواڵی ئازادی لە خەڵک بکەی بەڵکو دەبێ بەشەڕ وەدەستی بێنی.

نۆنزیۆ بەناڕەحەتی و بیرکردنەوە ڕادەوەستێ و پاشان دەڵێ:

– تۆ دیاردەی تۆڵەسەندنەوەی ئێمەی. تۆ باشترین ئەندامی پەیکەری ئێمەی. تێبکۆشە بەهێز بی، زیندوو بی، ئاگات لە سلامەتی خۆت بێ.

پێترۆ بەتوندی دەڵێ:

–نۆنزیۆ، ئەگەر گەڕانەوەی من بۆ ئیتاڵیا هەر ئەوەندەی فایدە بوو بێت کە ئەم دەنگەی تۆ زیندوو بکەمەوە و دۆستی کۆنی خۆم بدۆزمەوە،بەسە. ئەوە هەمان دەنگی پێشووی تۆیە، دەنگی شەوەکانی سپی دەبیرستانە کە لە کاتدا هەموو ژوورەکانی خەو، لە خەودا دەبوون.

کاردیلە دێتە دەرگای تەویلە و ئاوی بارانە لە سەرتاپای دەچۆڕێتەوە و دەڵێ:

– باران لێی ناکاتەوە و لەم دەوروبەرانەدا زیندەوار نابینرێت. دوکتۆر و کاردیلە ئەولاتر دەچن بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن دەتوانن بەگورجی چاری حاڵی نەخۆش بکەن. کاردیلە سپینا لە ئامێز دەکا و دەیباتە عەمباری کا کە لە بان تەویلەیە. دوکتۆر بەسپینا دەڵێ:

– تۆ جارێ لێرە خۆ وەشێرە. ئەشێ تەواوی ڕۆژ ئیستراحەت بکەی ئەوەی پێویستە کاردیلە بۆت دێنێ. لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدەین پەناگایەکی ڕاحەتترت بۆ بدۆزینەوە. سپینا لەنێو قسەکانیدا دەڵێ:

– من جارێکی تر نیشتمان بەجێ ناهێڵم.

دوکتۆر لە وەڵامدا دەڵێ: «بەداخەوە ئەگەر بشخوازی ناتوانی سەفەری درێژ بکەی. ناتوانی بەنهێنی لە چیاکانی ئالپ تێپەڕی. دەبێ بۆ چەند مانگ پەناگایەکت بۆ بدۆزینەوە کە لێرەش زۆر دوور نەبێ و ئەمین و ڕاحەت بێ. پاشان هەر چۆنی دەتەوێ وا بکە.

پێترۆ سپینا بەتەنیا دەمێنێتەوە و لەسەر کا ڕادەکشێ. دوای ڕۆژەکانی ترس و ڕاکردن ئێستا دەتوانێ بحەسێتەوە و لەگەڵ سووکبوونی نۆبەتییەکەی بێتەوە سەرخۆ. لەو ڕۆژەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان، ئەوە هەوەڵین جارە تاوێک دەحەسێتەوە و دەمارەکانی ئاسوودە دەبن. لە ڕادە بەدەر کەیفخۆشە وەک خۆی پێشبینی کردبوو، کاردیلە پەنای داوە. دەبێ بڕوات بەمرۆڤ هەبێ. پتر بەوە خۆشحاڵە کە نۆنزیۆ ساکا بەپێچەوانەی خۆی فیکری لێ دەکرد، ئامادە بووە یارمەتی بدات. دەبێ بڕوات بەدۆست هەبێ. لەگەڵ بیرکردنەوە لەم دوو ڕووداوە، لە خۆشیان حەز دەکا سەر مەقولات بدا. بەتایبەت کە کەسیش نایبینێ. پاشان بیر دەکاتەوە کە دەبێ ئاقڵ و ئارام بێت. چونکە خەباتێکی توندی لەگەڵ مردن لە پێشە. بەم حاڵە دووبارە لەسەر کا ڕادەکشێتەوە. هەروەک عیسا منداڵی ئاسمانی ئاقڵ و ئارام لە ئاخوڕی خۆیدا دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی شکڵی ئاخور تەواو بێت، پێویستە سپینا لەنێو کەر و گایاندا گەمارۆ بدرێ. ئەمجارەش کەر و گا لەوێن، بەڵام لە خوارەوە، واتا لە تەویلە ئەویش تەنیا لە کاتی شەودا، چونکە بەڕۆژ دەچنە لەوەڕ کاتێ کەر و گا دەگەڕێنەوە کە ئەو«دەرکراوەی قانون» ماوەیەکە لە ئاخوڕی خۆیدا خەوی لێکەوتوە. نەرمایی کا خەوی بەسەردا هێناوە. هەروا کە ڕاکشاوە هیوادارە خەونی مەزراکانی گەنمی وەرزی هاوین و هێشوە گەیشتوەکان و گوڵەکانی دەشتێ و جریوەی مەلان ببینێ. لەوە تووڕە و بێزار دەبێ کە دەزانێ پۆلیس خزاوەتە نێو تەشکیلاتی وی و ئەو ناچار بووە کە لەگەڵ ئەو

هاوڕێیانەی کە دوای گەڕانەوەی چووبوونە لای پێوەندی بپسێنێ. بەڵام ئێستا ڕەفتاری کاردیلە و دوکتۆر ساکا هەستی برایەتی لەگەڵ هاونیشتمانانی تێدا زیندوو کردۆتەوە. هەروا کە لەنێو کادا ڕاکشاوە، دەزانێ ئەم هەستە لەودا بەهێز دەبێ. دەڵێی لە ناخیدا هەست بەپێوەندییەکی لەشی لەگەڵ وڵاتەکەی دەکات. هەر دەڵێی گەڕاوەتەوە بۆ ئامێزی دایکی. سپینا لە تاو لەرزدا دەسووتێ. بەڵام هەست دەکات حاڵی باشە. پاش چەند ساڵ بێ هێزی و دەربەدەری ئێستا دووبارە هەناسە هەڵدەکێشێ. لەپشتی خانوووی تەویلەکە جۆگەیەکی پڕ ئاوی ڕوون دەنگی دێت و بەسەر ورتکە بەردی لوس و چڵە گیای باریکدا دەڕوا. ئەوە گرنگترین دەنگێکە لەسەر کا بەگوێی دەگات، دەنگێکە لە درێژەی شەوی بێ حاڵیدا بۆ ئەو وەک لالاییە. ئاوازێکی کۆنە کە هەمیشە نوێیە. ئەفسانە و حکایەتی پەریانیش هەروا پەیدا دەبن. ئێوە ئەی پەری دێهاتی ئەفسانەی جوان بۆ ئەو هاونیشتمانییەی خۆتان، بۆ ئەو پیاوەی کە شارنشینەکان ڕاویان ناوە، بهۆننەوە.

سپینا زۆر دەنوێ و تەنیا ئەو کاتە وەخەبەر دێت کە دەزانێ کاردیلە خواردن و دەرمانی بۆ هێناوە. نان دەخوا و بەدوای ویدا دەرمان و پاشان لەنێو کادا دووبارە دەنوێتەوە. کاردیلە ڕۆژێ سێ جار دێتە لای. بەسواری گوێدرێژ دەگاتێ. دادەبەزێ، باری کەرەکەی دێنێتە خوار. هەوساری لە کولمێخێک دەخات کە لە دیواری داوە. دەچێتە تەویلە و بۆ عەمباری کا سەردەکەوێ. سپینا بزووتنەوەی وی دەناسێ. کاردیلە هەر ئەوەندە دەمێنێتەوە کە پێویستە. کەم قسان دەکا. زوو وەدوای کاری خۆی دەکەوێ. سپینا هەموو جارێ لێی دەپرسێ:

– ئیتر دوکتۆر ساکا خەبەری نییە؟

– نا، بێ خەبەرە.

سپینا چاوەڕوانییەتی، بەپەلە نییە. پەناگا پەنجەرەیەکی گەورەی بێ دەرگای هەیە کاتێ خەرمان هەڵدەگیرێ، کایەکە بەوێدا دەکادێنێ دەکەن. هەر لەم پەنجەرە گوشادەوە لەگەڵ ئەوەش خۆی دەخاتە پەناوە، دەتوانێ دووره دیمەنی بەربلاوی مەزراش تەماشا بکات. مەزرای گەنمی تازە شین بووی بەهار بەڕەنگی سەوز، مەزرای باقلە بەهەزاران چاوی چکۆلە و ڕەش لەنێو گەڵای زێوین و باخەکانی ڕەز. لە کۆتایی دووره دیمەندا، بەشێکیش لە جادەی میللیدا دەبینێ. شەوێک کاروانێکی درێژی گاری ڕادەبرێ. قافڵەیەکی درێژە چرای بچووکیان بەنێو تەگەرەکاندا هەڵواسیوە و دیارە دەچنە بازاڕ. سپینا خەوی لێ دەکەوێ و لە خەودا تا بازاڕ لەگەڵیان دەچێ. لەنێوان دوو خەودا مەیدانەکانی ژینی دەوروبەری خۆی لەنێو پەنجەرە گەورەکاندا تەماشا دەکات. دژوارە هەستی عەجایبی ئەو تاریف بکرێ. بەتایبەت ئەو شتە سروشتییانە کە لەوێ، لەپێش وی لە جێگای خۆیانن و لەگەڵ خەیاڵی زەینی ئینسانێکی ئاوارەی وەک ئەو و لەگەڵ دنیای خەیاڵی، لەگەڵ سەحرای خەیاڵی، لەگەڵ وەرزێرە خەیاڵییەکانی بەرهەمی خەیاڵەکانی ئاوارەیی ئەو فەرقیان هەیە و زیاتر سەرنجی ئەو ڕادەکێشن. ئێستا سپینا جارێکی دیکە بیری نووسراوەکانی سەردەمی ئاوارەیی خۆی دەکاتەوە کە بەشێوەی ڕیئالیزمی واقعی دانراون و ئێستا ئیمرۆ لای ئەو شوێنی خەون و وڕێنەیان هەیە. لەم واقعیەتە ساکارە کە دەیبینێ سەری سووڕماوە. لەبەرچاوی

مەزرای واقعی و گوندی واقعی و کەری واقعی دیارن. بەڵێ مەزرای سروشتی و دێهاتی سروشتی و کەری سروشتی، ئەو شتانە ئێستا لەبەر چاوی بەر جەستەن و نەک لە زەین و لە خەیاڵی سووتێنەری ویدا. ئەو لەشی نەخۆشی خۆی هەروەک شتێکی سروشتی لە پەنا شتی دیکەی سروشتی بەچاو دەبینێ. هەروەک شتێک لەنێو شتەکانی تر. تەنانەت نە وەک شتێکی ناوکی و یا بنچینەیی، بەڵکو وەک شتێکی سروشتی لەنێو شتە سروشتییەکانی دیکەدا، جەستەیەکی بابەتی و دیار، جەستەیەک کە لە خاک پەیدابووە، جەستەی سپینا لەوێ لەسەر کا ئارامی گرتوە. لە لایەکی وی ئاڵقەیەکی درێژی نان هەیە و لە لایەکی دیکەشی گۆزەڵەیەکی شەڕاب. ئەمە خواردنێکە کاردیلە بۆی هێناوە. کا زەردە و نان قاوەیی و شەڕاب سوورە.

سپینا چەند دەفتەری نوشتاوەی لای خۆی ڕاگرتووە، کە یادداشتی وین لە بارەی کشتوکاڵ. هەر چەند ئەگەر ئەو دەفتەرانە پۆلیس بیانگرێ بۆ وی ترسی هەیە، بەڵام نایەوێ لەبەینیان بەرێ. پێی وایە لەوانەیە ئەم دەفتەرچانە بۆ کارێکی گرنگتر بەکاربێن. بەتایبەت ئەگەر قەرار بێ چەند حەوتوو لە خەباتی تێکۆشان و کاری تەشکیلاتی دوورکەوێتەوە. سپینا بێ سەرنجدان پەڕەکان هەڵدەداتەوە و بەسەریاندا دێتەوە، بەڵام ناتوانێ بیانخوێنێتەوە. ئێستا وا دێتە بەرچاوی وەک بەزمانی چینی نووسرا بن. ئەو لەناخدا هەمیشە لە تیئۆری بێ حاڵ بووە. ئەو بۆ کار و کردەوە هاتبۆوە ئیتاڵیا نەک بۆ بیرکردنەوە.

ڕۆژێکیان دوکتۆر ساکا بەدرێژی بۆ کاردیلە باسی وێتامینەکان دەکات و نەتیجە دەگرێ کە سپینا پێویستی بەخواردنی زیاتر هەیە. لەو ڕۆژەوە جۆتیار نان و شەڕابی سپینا دوو ئەوەندە زیاد دەکات.

سپینا قەت شەڕاب خۆر نەبوە بەڵام بۆ سافکردنی ئیشتیای لە تامی سەدەفی دەریایی و کەلەمی بوریانی (شارلرو) و «سرن» ئێستا بەدڵی خۆی شەڕاب دەخواتەوە. هێندێ جار کاردیلە دەتوانێ لە ماڵی خۆیان بەدزی دایکی پەنیر و سوسیۆنی سیر لێدراوی بەراز بدزێ، لەو کاتەدا بۆ سپینا جێژنی بەراستییە.

شەڕاب هەمیشە سپینا لە نەشەیەکی کەمدا ڕادەگرێ. جارێکیان کە سپینا لە ڕادە بەدەر شادمانە کاردیلە بەنامەیەکی دوکتۆر ساکاوە دەگاتێ کە لەوێدا بەڕستەیەکی وەک پێشگۆیی نەخشەیەک نیشاندراوە کە نیشانی دەدا سپینا لە گوندێکی کوێستانیی بۆ ماوەی دوو سێ مانگ لە پەنادا دەبێ، تا چاک دەبێتەوە.

سپینا ئەو دەم لە چۆنیەتی ئەم نەخشەیەی کە لە ماوەی چەند حەوتوو خۆ شاردنەوە ئەمنیەتی وی دابین بکات، سەر دەر ناکات، بەڵام هەست دەکا کە مەبەست پەناگایەکە کە نەک هەر هەوەس ئەنگیز دەبێ بەڵکو زیاد لە هەموو شت ئەوی سەر گەرم دەکات و هەر بۆیەش قبوڵی دەکا.

بەیانی ئەو ڕۆژە سپینا لە خەو دایە کە دوکتۆر ساکا کاتی ڕۆژئاوا دەگاتە لای، سپینا لە تەویلە دێتە خوار، فتیلەکە هەڵدەکات دۆستی خۆی دەبینێ کە بوخچەیەکی گەورەی پڕ لە لیباسی کەشیشی و شتی دیکەی بەدەستەوەیە. لەو کاتەدا سپینا ناتوانێ ناڕەحەتی تایبەتی خۆی بشارێتەوە و دەڵێ:

– ساڵەهایە کە من خۆم لە دەرەوەی کەنیسە دەزانم و دەبێ دانی پێ دابنێم کە لە پۆشینی لیباسی

کەشیشی بێزارم. ئەم کارە ئەتکی حورمەتە کە لە ئەخلاقی مندا نییە.

نۆنزیۆ ساکا لەم دوو دڵیە شاد دێتە بەرچاو و دەڵێ:

– ئەگەر من تۆم نەناسیبا و بیرم کرد باوە کە ڕەنگبێ لەم لیباسە کەڵکی دوور لە ئەدەب و ئیحترام وەربگری، ئەوەم بۆ تۆ نەدەهێنا. لە تەویلە لەبەر ڕووناکایی کەمی چرای نەوتی و لە خزمەت کەر و مانگایان کە سەیریان دەکەن لیباس دێتە گۆڕین. بێ گومان مانگا هیچ لەوە تێناگات، بۆیە لە هەرد دەنوێ و چاو لەسەر یەک دادەنێ و خەوی لێ دەکەوێ و یا لانی کەم خۆی دەخەو دەکات. بەپێچەوانە، کەر هەروا وێستاوە و سەیریان دەکات. وا دێتە بەرچاو تەماشاکردنی حەیوان دوکتۆر ناڕەحەت دەکا، چونکە کەر سەر بەلایەکی دیکەدا وەردەگێڕێ. کەر تەسلیم دەبێ و بەڵام دیسان سەر بادەداتەوە و بەشێلگیری تەواو لە پیاوێک ڕادەمێنێ کە لە عەمباری کا هاتۆتە خوار و ئێستا خەریکە عەبای ڕەش و درێژی کەشیشی دەکاتە بەر کە پێشەکەی بەدوگمەی بچووک ڕازاوەتەوە.

نۆنزیۆ ساکا دەڵێ: «بەرخ بۆ ئەوەی ورگی نەدڕن، دەچێتە پێستی گورگەوە»

چاوەکانی سپینا لە ڕوومەتی سووتاویدا حاڵەتێکی ڕێزداری منداڵانە بەخۆوە دەگرن. نۆنزیۆ ساکا بەدەنگێکی نیوە جیددی بەبۆنەی دانانی سپینا بەپلەی کەشیشی ئەم وتارەی خوارەوی پێشکەش دەکات:
– وەک خۆت ئاگاداری ئەم لیباسە یادگاری ڕازی کەونارایە و لەلایەن قەشەکانی «ئیزیس» و «سراپیس» بەئێمە گەیشتوە. ئەم لیباسە کۆبوونەوەکانی «پێرەوانانی مەسیح» کە هەوڵیان دەدا ڕازەکانی دنیای مەسیحیەت لە پیسییەکانی جیهان بپارێزن و «چازانی و تواناییەکانی سروشتی» کەمایەتییەک کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەکان دەژیان و بەڵام دژایەتیان دەکرد، بپارێزن هێنایانە نێو کەنیسەی کاتۆلیک. بەم چەشنە داب و سوننەتێکی کە بەردەوامیان زیاد لە سەردەم و زەمانەیێکە کە تێیدا پێکهاتوون و لە مەزەبێکەوە بۆ مەزەبێکی دیکە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەیان گواستۆتەوە. ئێستا ئەی ئەو کەسەی کە بۆ ڕازەکانی نوێی شۆڕشگێڕی، بۆ ڕازەکانی مادەی خەریک یاخیبوون دەستنیشانکراوی، تۆی کە کراسە ڕەشەکان دەکەیە بەر کە بەر لە هەزاران ساڵ دیاردەی فیداکاری و ئیلهامی بان سروشت بووە...»

سپینا بزیەکی دێتێ. دوکتۆر ساکا لە درێژەی وتارەکەیدا هەر بەم هەوایە دەڵێ: «من نازانم بۆ چی ئەو زانا ماتریالیستە لیباسێکی وەک ئەو کراسەی بۆ ئەندامانی دەستەی نێو نەتەوەیی کرێکاران پێشبینی نەکردووە و یا لانی کەم دەستووری نەداوە کە تەواوی کەسانی ئەو دەستەیە نێوەڕاستی سەری خۆیان بتراشن تا کارمەندی دەوڵەت و ئەمیندار و شیکەرەوەی دەقی پیرۆز لە کەسانی ئاسایی جیا بکرێنەوە کە بێ وەرگرتنی کارتی ئەندامەتی دەچن و هەقی ئەندام دەدەن.

کات تێدەپەڕێ. ساکا دەپرسێ:

– ناوت چ دەبێ؟

سپینا بیر دەکاتەوە و پاشان سپادا پیشنیار دەکات

نۆنزیۆ لە وەڵامدا دەڵێ: «زۆرباشە کەوابوو ئێمە ناوت دەنێین «دۆن پاولۆ سپادا»

– بۆچی دۆن پاولۆ؟

– چونکە پێترۆ سپادا لە پێترۆ سپینا زۆر نیزیکە و وێک دەچن. کەوابوو ناوی تۆ دەبێتە دۆن پاولۆ سپادا. خۆ لە بیرت ناچێ. ؟ کڵاو و کتێبی دوعا و دەسحێب و زیننارت لە جانتادایە.

قەشە دەڵێ:

– زۆر باشە Proce damus in Pace بەئەمانی خودا.

٣

دۆن پاولۆ بەفایتوونێکی بێ سەرپۆش لە جۆری «ڤیکتۆریا» ئانیپاڵ سۆفریتۆ کە ئەسپێکی کوێت ڕایدەکێشێت، لە کاتێکا خۆی لە فایتوونەکەدا مات کردووە، ڕێگای بەرینی مەزرای«پاڵنتین» بەجێدێڵێ و دەگاتە دەشتی فۆچینۆ.

ئێستا ڕاست سەعاتێکە کە خۆر لە پشتی چیای پاراسانۆ سەر وەدەر دەنێ. دەنگی چوارناڵەی ئەسپ لەسەر ڕێگا، سەگەکانی نێو تەویلە دەوەڕێنێ. لەپشت چەند پەنجەرەیەکی کە هێشتا ڕووناکن سیمای کونچکاو دەردەکەون.

بەم چەشنە دۆن پاولۆ سپادا پاش دە ساڵ دەربەدەری بۆ وڵاتێک دەگەڕێتەوە کە لە وێدا لە دایکبووە و هەڵی داوە. لەلای چەپی وی لە ڕووناکایی ڕەنگ پەڕیوی ئاسۆ باڵای چیای ولینۆ بەدوو لوتکەی سەر بەبەفر داپۆشراو سەری بەرز کردۆتەوە. لە بناری چیای ولینۆ تەپۆلکە و بەرزایی ڕەڵمی بەجێماو لە لافاوەکان وردە وردە کە بۆ لای دەشت دادەکشێن نابوت دەبن و لە سێبەری کە بەسەر مەزرادا هاتووە دەگەڵ زەوی دەبنەوە یەک. گاری لە گوندی «ئاوەتزانو» تێدەپەڕێ کە کۆشک و خانووی کوێستانی لە پەنا کۆمەڵێک کۆخی بچووکی لە قوڕ دورسکراو قوتبوونەوە.

بیست ساڵ دوای بومەلەرزەی ساڵی ١٩١٥ هێشتا دیمەنی تێک ڕووخاوی چەند ماڵ کە گیا لەسەر وێرانیەکانیان ڕواوە دەبینرێن. دۆن پاولۆ کە لەنێو گاری پڕ تەکاندا مات بووە پێی سەیرە کە توانیویەتی بەم هاسانیە بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە و بەم هەموو گوندانەدا تێپەڕێ بێ ئەوەی کەس بیناسێ و ترسی بۆی هەبێ. ئانیپاڵی گاریچی کە لە جێگای خۆی دانیشتوە و سەبر قەننە دەکێشێ. بۆ پێشگری لە یۆرتمەی ئەسپەکەی جگە لەوەی کە جاروبار لغاوی ئەسپەکە بکێشێ ڕێگایەکی دیکەی نییە. جارێک لە دۆن پاولۆ ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ:

– وەستا لیتریو ناڵبەندی «ئاکوا فرەدا» ناڵێکی لێ دەدا و لیرەیەکی وەردەگرت، بێ گومان دەزانی مەبەستم ناڵی ئەسپە. بەم پێیە من هەمیشە لیرەیەکم دەدایە. ڕۆژێک پێی گوتم باشترە لەجیاتی لیرەیەک دوو هێلکەی بدەمێ. لای ئێمە لە بارەی هێلکە دەبێ ژن بڕیار بدەن. ژنی منیش ئەم پێشنیارەی پێ خەراپ نەبوو. لەودەمەوە لەجیاتی هەر ناڵێک دوو هێلکەمان دەدایە. دوێنێ ئاسایی بەدوو هێلکەوە چوومە کن وەستا. بەڵام وەستا «لتریو» گوتی دەبێ سێ هێلکان بدەی، چونکە بەهۆی شەڕەوە ناڵ گران بووە. ئەسپەکەمی ناڵ کرد و چووم بە ژنەکەم گوت لەبەر شەڕی تازە هێلکەیەک قەرزدار بووم. ژنم دەستی کرد بەقیژەقیژ و گوتی ئەم قسانەم بەگوێ داناچێ. ئیمڕۆ دوو جار بەپێش دووکانی وەستا «لتریو» دا تێپەڕیوم هەرتک جار پێی گوتم: ئەو هێلکانەی مە چییان لێ هات؟ هێشتا مریشک هێلکەی نەکردووە؟ لە وەڵامدا گوتم تا بەیانی ڕاوەستە. سبەی هەوا دەگۆڕێ. ئەم پەڵەهەورە لەسەر «پچینا» دەبینی؟

کاتێ ئانیپاڵ ئاوڕیداوە تا بیروڕای قەشە لەمبارەوە بپرسێ، دیتی خەوی لێ کەوتوە. فایتوونەکە گەییووەتە دوو ڕێیانێک. ئێستا ئانیپاڵ بەگوێرەی ڕێبازی قەرارداد بۆ گەیشتن بە«فوسادی مارسی» واتە بەو گوندەی کە قەشە دەیویست شەو لەوێ بەرێتە سەر، دەبوایە ڕاست بەکوێرە ڕێی چۆلی «فۆچینۆ» دا تێپەڕێ. دۆن پاولۆ بۆ ڕۆیشتن بەم ڕێگا چۆلەدا پارەیەکی زیاتری داوە. چونکە لە ڕاستیدا دەیەوێ لەو جادەیە خۆ بپارێزێ کە بەتەنیشت فۆچینۆدا دەڕوا و کورتترە و، بەڵام پێش گەیشتن بە «فۆسا» بەنێو چەند بەخشدا تێدەپەڕی. ئەو لە ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێگا دوورترەدا گوتوویە:

من لە بارەی دەشتی فۆچینۆ و شێوەی کشتوکاڵی تازەی وێندەرێ و جۆگەکانی ئاودێری تاریفم بیستووە، بۆیە پێم باشە بەو ڕێگایەدا بڕۆین هەر چەندە ڕاستەڕێ نییە.

بەڵام ئێستا خەوی لێکەوتوە و کەوابوو ئەو جۆگە لانەی دەیویست بیانبینێ مەگەر لە خەودا بیانبینێ. بەم چەشنە ئانیباڵ نیزیکترین ڕێگا دەگرێتەبەر. جادە بەبەرز و نەوی سووکەوە درێژەی هەیە. لە یەکێ لەم هەورازانەدا دۆن پاولۆ وەخەبەر دێت. ئێستا لە عاسمان لەسەر دەشتی فۆچۆنۆ شکڵی عەزیا و ماری عاسمانی پێکەوە نووساون. قەشە ئاگاداری لاڕێیی فایتوونچی دەبێ و دەپرسێ:

– ئەوە هەمان ڕێگای قەراردادییە؟

ئانیبال لە وەڵامدا دەڵێ: «سبەی هەوا دەگۆڕێ.

– ئەوە لەو کوێرە ڕێیانەی فۆچینۆیە؟

– ئەگەر سەرماتە پێم بێژە

دۆن پاولۆ بەجیددی دەپرسێ: «داخوا ڕووبارێک دیارە؟»

ڕووبارێک لە گردی دێتە خوارێ و بەبن پردێکدا دەڕوا کە لەسەر جادە دروست کراوە.

ئانیباڵ لە کاتێکا بەدەست ڕووبارەکە نیشان دەدا دەڵێ:

– ئەوەش ڕووبار. پاشان لێی زیاد دەکا و دەڵێ:

–بەڵێ، ناڵبەندی «ئاکوا فرەدا» لەجیاتی ناڵێک سێ هێلکەی دەوێ. چونکە قیمەتی ناڵ لەبەر شەڕی تازە گران بووە.

دۆن پاولۆ ئیتر نا خەوێ، بەڵام گوێش ناداتە قسەکانی فایتوونچی. بێ دەنگییەکی کوتوپڕ بەسەریدا زاڵ دەبێ. بیرەوەری منداڵی و گەنجیەتی دێنێتەوە بەرچاو. ڕێگا بەردەڵانە. گاری هەڵبەز هەڵبەزیەتی. دۆن پاولۆ هەموو پرد و جۆگە و ڕەز و دار و شتە قەدیمییەکان کە زۆربەیان لەگەڵ شتە تازەکان تێکەڵبوون، دەناسێتەوە.

لەسەر دوو ڕێیان بەرلەوەی بگەنە ئورتا، لە تاریکیدا قاوەخانەی ئاکۆسانتا بەدی دەکات. ژنی قاوەچی بەیارمەتی کیژەکەی کە ئێستا گەورە بووە، خەریکە کورسییەکان دەباتە ژوور. واتە کیژی «ئاکواسانتا» ئەوەندە گەورە بووە! کەوابوو دەبێ ئاکواسانتا پیر بوو بێت. دە دوازدە ساڵی دیکە، ئەم کیژەی کە ئێستا منداڵێک زیاتر نییە بەنۆرەی خۆی دەبێتە مودیری قاوەخانە و کیژەکەی بۆ بردنە ژووری

کورسییەکان یارمەتی دەدا. چەرخی ڕۆژگار هەروا دەگەڕێ.

تەگەری گاری بەنێو بەرد و گلـمەتی جادەدا دەچنە خوار و بەزەحمەت دەسووڕێن. بەڵام لەپڕ لەسەر پێچێک هەوەڵین خانووەکانی گوندی «ئورتا» دەردەکەون. ئەوەتا لە چوونە ژووری گوندی فانۆسێکی بەرقی لەسەر دووکانێکی ڕەشی چەرخ سازی هەڵواسراوە، ئەمە ئەو گوندەیە کە ئەو لێی لە دایکبووە.

دۆن پاولۆ چاوانی دەقوچێنێ. نایەوێ هیچ شتێ ببینێ. هەوەڵین بوونەوەرێک کە ئاگاداری هاتنی گاری دەبێ «نرون» سەگی چەرخ سازە کە دۆن پاولۆ باشی دەناسێ. «نرون» بەگوێرەی عادەت دوو سێ جار دەوەڕێ، پاشان لەپشت دەرگای دووکان ڕادەوەستێ و هێندێ مرەمڕ دەکا. گاری لە کاتی تێپەڕبووندا لە دەرگا دەخشێ. ئەو دەم «نرون» قوڕەیەکی درێژ و گوێچکە ڕووشێنەر دەکێشێ. «فاوت» دێڵە سەگی پاسداری باخی پشتی کەنیسە کە دۆن پاولۆ ئەویش دەناسێ وەڵامی ئەو قوڕەیە دەداتەوە. «فاوت» لە «نرون» دەپرسێ «چ خەبەرە؟» نرون بەتووڕەیی وەڵامی دەداتەوە: «چۆن چ خەبەرە؟» بۆ نابیسی چ خەبەرە؟ «فاوت» لەوێ لەپشتی کەنیسە نازانی چ باسە، دیسان دەپرسێ: ئاخر چ خەبەرە، چبووە؟ ئەو دەم نرون بەتووڕەیی سێ چوار جار ئاوا دەقوڕێنێ. یانی: «بۆ نابیسی چ خەبەرە؟» ئێستا گاری لە مەیدانی گوندی تێدەپەڕێ. ئەو دەم «فاوت»یش وەک شێتان دەست بەوەڕین دەکا و تولەکانی لە خەو هەڵدەستێنێ. لەگەڵ وان دەست دەکا بەخۆ هەڵاویشتن بەدیواری باخدا و تا دەتوانێ دەوەڕێ. تولەکانی خەوالوو لەگەڵ دایکیان دەست بەوەڕین دەکەن: «چ خەبەرە؟» چ خەبەرە؟ دایک بەتووڕەیی وەڵام دەداتەوە: «چۆن چ خەبەرە، بۆ، نازانن چ خەبەرە؟» ئەو دەم هەموو سەگەلی دەوروبەر یەک لەدوای یەک دەست بەوەڕین دەکەن. «شیری» سەگی شوان، سەگەلی دیکە کە لە دەوری ئاشی نوستوون، واتە ئەو سەگانە لە خانوو و ئیداران بەستراونەوە و سەگی گاریچییەکانی کە پاسەوانی تەویلەکانن، وەخەبەر دێنێ. «کالون» سەگێکی گورگییە بەدەنگی بەسامی خۆی سەگەلی خانووەکانی کوێستانی سەر گردەکان، واتە سەگەلی ڕاوێ و تولە فەرنگییەکان ژنە بەفیزەکان داڕۆژێنێ.

دۆن پاولۆ هەروا چاوی بەستوون ئێستا سی چل سەگ لە چوار لای گوندی دەوەڕن و دەلورێنن. گاری لە ئاخرین ماڵەکانی «ئۆرتا»ش تێپەڕیوە بەڵام سەگەل هەروا دەوەڕن. پاشان یەک لەدوای یەک بێ دەنگ دەبن. لە هەمووان بێ حەیاتر «کالون»ە، کاتێ ئەویش بێ دەنگ دەبێ، دۆن پاولۆ چاوان دەکاتەوە گاری بەپێش حەوزی فوارەدا تێدەپەڕێ کە تایبەتی بۆ ئەو وڵاخانەیە کە لە مەزرا دەگەڕێنەوە. لەسەر حەوزی فوارە تەتەڵەیەکی مس دەبینرێ لەسەری نووسراوە: بەهیممەتی بنەماڵەی سپینا دروست کراوە.

دۆن پاولۆ بەفایتوونچی دەڵێ: «من تینوومە. ڕایگرە»

لە فایتوونەکە دێتە خوار، بەلوێچی دەستی ئاو دەخواتەوە. بەدەستە تەڕەکانی نێوچاوانی تەڕ دەکا کە لە گەرمان دەسووتێ. جادە ئیتر بەردەڵان نییە و ئەسپ دەتوانێ چوارنال بڕوا. ئەو دەم دۆن پاولۆ پشت لە ئەسپ دادەنیشێ و تەماشای ئاخرین چراکانی گوندی خۆی دەکات. هێشتا دە دوازدە پەنجەرەی ڕووناک لە تاریکایی شەودا دەبینرێن کە وردە وردە دەکوژێنەوە. یەک لەو سەرە لەسەر گردی دەکوژێتەوە، یەکی تر لە خوارێ لە نیزیکی ئاش، یەک لەلای چۆم و پاشان یەک لەلای گۆڕستان. پاشان دیسان لەسەر گردی

دەکوژێتەوە، پاشان یەک لە گۆڕستان و یەکێ خوارتر و ئاخرەکەشی ئاخرین چرای گۆڕستان دەکوژێتەوە. ئێستا ئیتر لە سێ پەنجەرە زیاتر ڕووناکییان نەماون و، چونکە شەویش درنگە لەوانەیە پەنجەرەی وەتاخی نەخۆشان بن. دۆن پاولۆ هەموو خانوو و کوچە باخ و پەنجەرە و باخەکان دەناسێتەوە. گاری بەتەنیشت کانگای قەدیمی «پۆزولان» کە ڕۆژێک هی باوکی بووە و ئەو کاتێ منداڵ بووە لەوێ لەگەڵ منالە کرێکاران گەمەی کردووە، تێدەپەڕێ. لە پەنا جادە لەسەر گردی ڕەزی خۆی دەناسێتەوە کە تاقە مێراتی باوکی بووە و بۆی بەجێماوە. دار هەنجیرەکان هەروا لە جێی خۆیانن بەڵام دیار نییە دارە گێلاس و گوێزەکان چییان لێ هاتوە. گۆیا مامی کە بەرپرسی پاراستنیان بووە ئەو دارانەی بڕیوە. دۆن پاولۆ چاوی پڕ دەبن لە ئەسرین. بەڵام لەپڕ کزە بای شەوانە بۆ لای ڕۆژهەڵات دەسووڕێ و با هەڵی دەکاتێ. لە لای ڕۆژهەڵات خشەخش دەکەوێتە نێو داران، مانگ هەڵدێ، دۆن پاولۆ مل بەلاوە دەنێ و خەوی لێ دەکەوێ.

لە گوندی«فۆسادی مارسی» لەپێش میوانخانەی «تورەنسل» ئانیبال وەخەبەری دێنێ. بەر لە گەیشتن لە قەشە دەپرسێ: «ئاغای قەشە دەکرێ ڕاسپاردەیەک بۆ من بنووسی؟

دۆن پاولۆ دەپرسێ: ڕاسپاردە بۆ کێ و بۆچی؟

ئانیباڵ تاوێک فیکر دەکاتەوە و دەڵێ: «ئێستا ناتوانم عەرزت بکەم، بەڵام ئاخر ڕۆژێک هەر بەکار دێت. تۆ دەتوانی ڕاسپاردەیەکی گشتی بنووسیت.

قەشە دەڵێ: «ئاخر من تۆ ناناسم»

ئانیباڵ دووبارە جادەی «ئاکوافرەدا» دەگرێتە پێش دەڵێ: «زۆر باشە، شەو بەخێر!»

دۆن پاولۆ بەزەحمەت بۆ ژووری خۆی سەردەکەوێ. ئەوەندە هیلاکە دووبارە خەوی لێ دەکەوێتەوە. بەیانی زوو لە خەو ڕادەبێ، بەڵام لەبەر تەمبەڵی ماوەیەکی درێژ لە جێدا دەمێنێتەوە.

دوکتۆر ساکا دەستووری تایبەتی بۆ نووسیوە کە: «قەشە لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ڕووحانیی خۆی دەبێ چۆن ڕەفتار بکات.» دۆن پاولۆ سپادا کە قەشەی قەشە نشینی فراسکاتییە، ئێستا هاتووە تا لە گوندی کوێستانی «پێتراسکا» بەخشی قەڵەمڕەوی ڕووحانی کەشیشانی «مارس» چاک بێتەوە و سڵامەتی خۆی وەدەست بێنێتەوە.

لە دەستوورە تایپکراوەکاندا ئەم گیروگرفتانەش پێشبینی کراون کە ڕەنگە تووشیان بێت و چۆنیش بەسەریاندا زاڵ بێت. دۆن پاولۆ دەیانخوێنێتەوە و دووپاتیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو گاریچییەی کە قەرارە بەدوایدا بێت و بیباتە «پیتراسکا» تا دوای نیوەڕۆ نایە، تەواوی بەیانی لە ژوورەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەخۆشییەوە دەبینێ کە ئەو ژوورە ئاو و ئاودەستی هەیە. پاش ماوەیەک مانەوە لە عەمباری کا، دەست و دموچاو شوشتن بەئاوی ڕەوان چێژی هەیە. جگە لەوە ئەم ئاودەستە نیشانەی پێشکەوتنی وڵاتەکەیەتی. لەبان ئاودەستەکە بەخەتی گەورە نووسراوە: «لە موسافیرانی بەڕێز داوا دەکەین کە میز دە ئاودەستەکە نەکەن، چونکە بۆگەن دەبێت.» لەگەڵ ئەوەش ئاودەستەکە بۆگەنیوی هەر لێ دێت.

دۆن پاولۆ تەماشای ئاوێنە دەکات. پێش هەڕەکەتی لە «ئاکوافردا» قژەکانی زۆر کورت کردووە. ئێستا بەو عەبای ڕەشی کەشیشی و قژی تاشراوی بیچمێکی سەیری لێ پەیدا بووە. وەختە ئەوەندە بەخۆی پێبکەنێ کە ئاوی لە چاوان بێت.

عەباکەی لە پێشەوە ٢٨ دوگمەی هەیە. خەمی ئەوە دایگرتوە کە هەر کاتێ دایکەنێ و بیکاتەوە بەری ئەشێ ٢٨ دوگمە بکاتەوە دایخاتەوە. پاشان تێدەگا کە ئەوەندە بەسە دوگمەکان تا نێو قەد بکاتەوە و عەباکەی بەسەریدا بێنێتە دەر و، یا بەخوارەوەدا دەبەری کاتەوە. هەر چەندە ئەم جۆرە لیباس داکەندنە ژنانەیە و وەپێکەنینی دەخات. بەڵام قۆرتێکی دیکەی دێتە پێش. خەمی ئەوە دەیگرێ لەوە کە کاتێ بخوازێ شتێک لە گیرفانی دەربێنێ ناچار دەبێ داوێنی عەبای هەڵداتەوە. داخوا ئەو لەکن خەڵک عەیب و گاڵتە نییە؟ بەڵام پاشان لە ئاستی گیرفانانی کەلێنێک لە عەباکەیدا دەبینێتەوە کە بەهاسانی دەتوانێ دەست بخاتە گیرفانی. ئەو کەشفە شادی دەکات. تەنانەت لە وەش تێدەگات کە لیباسی کەشیشی هەر چۆنێ بێت، کارێکی گران نییە. لەسەر نانخواردن دۆن پاولۆ لەگەڵ خاوەنی میوانخانە کە بێوەژنێکە بەناوی «برە نیچە جیراسولە» دەبێتە ئاشنا.

دیوارەکانی سالۆنی نانخۆری بەلاپەڕی ڕەنگیی گۆڤارێکی ناسراوی حەفتەیی ڕازاوەتەوە. ڕەسمەکانی نیشاندەری شانۆی وروژێنەرن. لە جێیەک ڕەسمی کیژی سوژنەوانی ڕێگای ئاسنە کە دەیەوێ قەتارێک لە تەسادوفێکی حەتمی نەجات بدا. شوێنێکی تر ڕەسمی فڕۆکەیە. هەڵۆ پەلاماری داوە. ڕەسمێکی دی قەفەسی باخی وەحشە کە لەنێو شار شکاوە و دڕندەکان هاتوونەتە دەر و سەریان دەدووی خەڵک ناوە.

مادام «برەنیچە» لەپێش مێزی قەشە دادەنیشێ تا دەردی دڵی بەدبەختییەکانی خۆی بۆ باس بکات. ئەم ژنە کرستی نەبەستووە. زۆر ئارەقە دەکا و مەمکە گەورە و شلوبڵەکانی وەک دوو مەلەوان کە هیلاک بووبن و نەتوانن خۆ لەسەر ئاو ڕابگرن. کاتێ «برەنیچە» لە بارەی کەنیسەوە دەست بەقسان دەکات، دۆن پاولۆ قسەکانی دەبڕێ و دەڵێ: «بەداخەوە من بەشی قەشەنشینی ئێرە نیم. لە «فراسکاتی» بۆ حەسانەوە هاتوومە ئێرە.»

برەنیچە ناڕەحەت و بێ دەنگ دەبێ. لە دەرەوە هەتاوە. دۆن پاولۆ لەسەر تەختێکی پێش میوانخانە دادەنیشێ. پێنج شەش لاوی جوانی کڵاو بەسەر و سیغاری پێنەکراو لەسەر لێوان کە نیوەی دوگمەی باڵتۆیان دانەخراوە، لەسەر مێزێک دانیشتوون و خەونوچکە دەیانباتەوە و هەر دەڵێی زیندوو نین. لەولاتر چەند لاوی بێ کار یاری وەرەق دەکەن و بەڵغەمیان لە هەموو لاوە وەک پەپوولەی زەرد دەفڕێن. زۆربەی ئەم لاوانە نیشانەی حزبی دەوڵەتیان لە جێ دوگمەی خۆیان درووە. لەنێویاندا پیاوێکی بەتەمەنتر کە وەک قومار کەری خانەنشین دەچێ، بەسمێڵێکی بادراو بۆ باڵا و ڕیشێکی بزنی و کڵاوێکی لێوار پان لەسەر، لەگەڵ لاوەکان قومار دەکات. قاوەی خۆشی دەخواتەوە و دەنگی ملچەی زاری دێت. لەگەڵ دیتنی قەشە بۆ پاراستن لە چاووزار دانیشتوان وریا دەکاتەوە و دەڵێ: «ئاسن! ئاسن!»

ئەوانەی خەونوچکە دەیانباتەوە لە خەو ڕادەپەڕن و بەپەلە بەدوای شتێکی ئاسندا دەگەڕێن. ئەوانەی

شتی ئاسن نادۆزنەوە دەست دەگیرفانی پانتۆڵەکانیان دەنێن. دۆن پاولۆ ئەم فێڵە دەزانێ و کەمی ماوە بەجنێو وەڵامیان بداتەوە. بەڵام بێ دەنگ دەبێ. بەتایبەت کە دژ کردەوەی ئەم لاوە بێ کارانە ناوونیشانەی کەشیشایەتی وی مسۆگەر کردووە.

مەیدانێکی بچووک لە پێش میوانخانە بەردڕێژ کراوە. بارەگای حزبی دەوڵەتی لە ئاخری مەیدانەکەیە کە ئاڵای لەسەر هەڵکراوە. ڕەسمێکی گەورەی هامبرت شاش بەسمێڵی گەورەوە لەوێ لە تالاری شاردارییە. دووکانێکی پارچە فرۆشی لە گۆشەیەکی مەیدان هەیە کە تۆپی کەتان و چارشێوی ژنانەی بەڕەنگی تلخ و توند لێ دانراوە. پارچەفرۆش لەپێش دووکانی خۆی دانیشتووە و سمێڵی ئەستوری بەشکڵی دوو شاخەی دووچەرخە بۆ لای سەرو باداوە.

مێش دەوریان داوە، جار و بار وەک گا دەنگێکی لێ دێتە دەر و تفێک تا نێوە ڕاستی مەیدان فڕێ دەدا. گۆشەی ئەو ماڵانەی کە بەسەر مەیدانەکەدا دەڕوانن، کە بەشکڵی مەڕمەڕ ڕەنگ کراون. هێندێ نووسراوەیان لە تاریفی لێهاتوویی قارەمانێکی بەناوبانگی مۆتۆڕ سوار، بەسیمی تەلەفۆنەوە هەڵواسراوە. بوونی قەشەیەکی غەریب بۆتە هۆی کۆبوونەوەی دەستەیەک لە سواڵکەرانی ڕەشوڕووت کە مێشی یەکجار زۆر دەوریان لێداون. یەکی نەقوستان کە بەدار دەستیش بەزەحمەت دەتوانێ بەڕێگادا بڕوات، بەناوی گشت پیرۆزەکان داوای سواڵ و سەدەقە دەکات.

دۆن پاولۆ دەگەڕێتەوە بۆ میوانخانە. «برەنیچە» لێی وەنیزیک دەکەوێ غیرەتێک وەبەر خۆ دەنێ و دەڵێ:

– تۆ وەپیاوێکی باش دەچی. کیژێک لێرە لە سەرەمەرگدایە.. دۆن پاولۆ دیسان قسەکەی دەبڕێ و دەڵێ: «بەداخەوە من بەشی قەشەنشینی ئێرە نیم»

ئیتر «برەنیچە» ناتوانێ پێشی گریانی خۆی بگرێ و دەڵێ:

– کەوابوو ڕێگا بدە با ڕووداوەکەت بۆ باسکەم. کیژەکە نایەوێ کەشیشی ئەم ناوچەیە بێتە بان سەری، چونکە خزمیەتی. من پێم گوت قەشەیەکی غەریب هاتۆتە ئێرە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتوە. ئەو پەسندی کرد کە تۆ بچیە بان سەری.

دۆن پاولۆ دووبارە دەڵێ: «بەداخەوە من بەشی ئەم قەشەنشینە نیم.»

«برەنیچە» بەگریانەوە سەر ڕادەوەشێنێ:

– چۆن دەتوانی کیژێکی فەقیر بەبێ قەشە و بەم حاڵە و بێ دوکتۆر بەرەڵاکەی تا بمرێ. ئەگەر ئەسپێک بێتە مردن دوکتۆری حەیوان بانگ دەکەن و دراوسێکان بۆ یارمەتی بانگ دەکەن.

دۆن پاولۆ بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ: «بۆچ بێ دوکتۆر؟»

«برەنیچە» لەوە دەترسێ کە زیاد لە ئەندازە هەڵەوەڕی کردبێ. سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکا و پاشان بەترسەوە دەپرسێ: «داخوا دەتوانم بەنهێنی شتێکت پێ بڵێم.»

دۆن پاولۆ بەئاماژەی سەر وەڵام ئەرێ دەداتەوە.

«برەنیچە» بەگریان بەهەوایەکی لە سەرخۆ دەست بەگێڕانەوەی داستانەکە دەکات:

– کیژەکە بێ مێردە. چووە خۆڵی وەسەرخۆ کردووە. ئەو دەم بۆ ئەوەی ئابڕووی نەچێ و شەرافەتی بنەماڵەی پەڵەدار نەبێ هەوڵی داوە منداڵەکە فڕێ بدات. قانوون ڕێگا نادا و ئەگەر دوکتۆر و یا مامان و یا هەر کەسێک بیەوێ بۆ کارێکی وا یاریدەی ژنێک بدات، سزای زیندانە. ڕووداوی ئاوا زۆر قەوماون کە هەموویان کەوتوونەتە بەندیخانەوە. ئەوەندە بەسە کە ڕۆژنامەکان بخوێنییەوە. هێندێکی وا هەن تووشی ڕۆژی ڕەشتریش هاتوون. کیژی سەر دەفتەری «فۆسا» کە چوار مانگە سکی پڕ بوو، ئاوی ژاڤێلی خواردەوە. کیژێکی دیکە کە خزمەتکاری کەلانتەر بوو، چووە «تیولی» تا خۆی بخاتە ئاو هەڵدێر. ئەم کیژەی ئێستا باسی دەکەم هەوڵی داوە بەتەنیایی خۆی نەجات بدا. چاری نەبوو جگە لەم دوو ڕێیە کە یەکیان هەڵبژێرێ –بێ ئابڕوویی یا مەرگ– ئەو مردنی هەڵبژارد. ئێستا لە سەرەمەرگدایە. دوکتۆر ناتوانێ بچێتە بان سەری. چونکە دەیکاتە سوورەت مەجلیس و ڕازەکە بڵاو دەبێتەوە. نایەوێ کەشیشی ئێرە بچێتە بان سەری. چونکە خزمیەتی. دیارە ئەو خەتای کردووە، بەڵام بەخشین هەموو کەس دەگرێتەوە. مەسیح بۆ خاتری هەموو دنیا لەسەر چوار میخە گیانی دا. دۆن پاولۆ لە عەجبەتان لە جێی خۆ وشک بوو. برەنیچە ئاماژەی پێ دەکات کە وەدوای کەوێ تا شتێکی دیکەی بۆ باس بکات. قەشە بەدوایدا دەچێتە قاتی یەکەم. برەنیچە دەچێتە ژوورێک و دۆن پاولۆ بەدوایدا. ژوورێکی نیوە تاریک، بۆنی دەرمانی ضد عفونی لێ دێت. تەختێکی ئاسنی بچووکیان لە قوژبنێک لەژێر خاچێکی گەورە داناوە. برەنیچە بەسەبرۆکە بانگ دەکات: «بیانکینا!»

شتێک لە جێیەکەدا دەبزوێ. لەنێو پرچی ڕەشی کە بەسەر سەرینەکەیدا بڵاوبوونەوە، ڕوومەتێکی وەک مانگ و منداڵانە و تێکشکاو لە دەرد و ژان دەردەکەوێ. دۆن پاولۆ هەست دەکا کە برەنیچە لە ژوورەکە چۆتەدەر. مات و سەرسام لە پەنای ڕادەوەستێ. تاوێک وڕ دەبێ و بیردەکاتەوە کە بەسەبرۆکە بچێتە دەر. بەڵام چاوە داپچڕاوەکانی کیژی لە سەرەمەرگدا نیگەرانی وین. ئەگەر بڕوا و نەخۆش هاوار بکا چۆن دەبێ؟ چۆن ئەم نەخۆشە سەرەمەرگە تێبگەیەنێ کە کەشیشی بەڕاستی نییە. لەلایەکی دیکەشەوە خۆ تێوەردان لە گاڵتەی ئاوا، کارێکە لێی بێزارە. دۆن پاولۆ ڕادەوەستی و نازانێ چ بکات. لە دەستورەکانی دوکتۆر ساکادا ئەم شتانە پێشبینی نەکراون. نەخۆشی بەدبەخت هەروا بەچاوی زەقەوە لە قەشە ڕاماوە. ئەو دەم دۆن پاولۆ سڵاو دەکا و لەسەر نوکی پێ لێی دەچێتە پێش. لەسەر نەخۆشدا دێتەوە و دەستی دەگرێ و ماچی دەکات. چاوی کیژ پڕ دەبن لە ڕۆندک. شەمەدێکی تەنک، قاڵبێ جەستەی ناسک و لاواز و مەمکی قوتی وەک لیمۆ و قاچی باریکی ئەوە. قەشە پێی دەڵێ:

– منداڵی ئازیز، منداڵی خۆشەویستم! من لە هەموو شت ئاگادارم تکات لێ دەکەم هیچی دیکەم پێ نەڵێی. تکا دەکەم ئێتر خەموخەفەتی سەرشۆڕی نەخۆی. ڕەنج و دەردی خۆت تازە نەکەیەوە. تۆ پێویستت بەئیعتراف بەگوناحانت نییە. پێشتر ئیقراریان لەتۆ وەرگرتووە.

ئەو دەم نەخۆش دەپرسێ: «کەوا بوو تۆ لە گوناحی من خۆش دەبی؟»

– بەڵێ، منداڵی ئازیزم! تۆ بەخشراوی. چۆن دەتوانم تۆ نەبەخشم. تۆ تاوانی گوناحی خۆت داوە ئەم

تاوانەش زۆر قورس بووە.

دۆن پاولۆ دەستی کیژی گەنج دەگرێتە دەست. دەستی هەردووکان گەرمە. کیژەکە دەپرسێ:

– دەڵێی تۆش تا و لەرزت هەیە. بۆ چما تۆش نەخۆشی؟

دۆن پاولۆ بەسەرتەکاندان وەڵامی ئەرێ دەداتەوە و بەبزەیەکەوە دەڵێ:

– منیش وا سزا دەدەمەوە.

لە کۆڵان دەنگی«ماگاشیا»ی گاریچی دێت کە دەڵێ:

– کوا ئەم کەشیشەی دەچێتە «پیتراسکا»

دۆن پاولۆ بەکیژی جوان دەڵێ: «من دەبێ بڕۆم. تۆ هیچ مەترسێ، چونکە بەخشراوی. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی چەپەڵدا کە تۆی مەجبور کردووە تا لەنێوان مەرگ و بێ ئابڕووییدا یەکیان هەڵبژێری، بەخشین هەر نییە.

«ماگاشیا»ی پیر لەپێش میوانخانە دانیشتوە. ئەو پێشتر شۆرباوی خۆی خواردوە و ئێستا خەریکە نانەکە بەشەڕاب تەڕ دەکا. زەلامێکە باڵابەرز، ڕیشدار، چوار شانە و زەبەلاح. لەجیاتی باسکی چەپەی کە بڕاوەتەوە، قۆڵی چاکەتەکەی بەشانی داداوە. کەشیشی لەسەر کورسی لە پەنا خۆی دادەنێ و گارییەکەی بەکاوەخۆ دەکەوێتە ڕێ کە دێڵەکەرێک ڕایدەکێشێ. قەشە دەپرسێ:

– لەمێژە باسکتان بڕاوەتەوە.؟

– پێش دوو ساڵ لە «شاند لور» بڕیانەوە ئاخ و ئۆف فایدەی چی هەیە؟ «خودا مێشەکان بۆ کەری پیر دەنێرێ»

ماگاشیا هەوسارەکان لە ئاڵقەی پێش عارەبانە دەبەستێ، سەبیلەکەی پێ دەکا و لە ڕوونکردنەوەی کاری خۆیدا دەڵێ:

– ڕاگرتنی هەوسارەکان بەدەست هیچ پێویست نییە. ئەم دێڵەکەرە دەساڵە هەموو حەوتوان ئەم ڕێگایە دەبڕێ و هیچ مەترسی ئەوەش نییە کە لە ڕێگا لابدات. تەنانەت دەزانێ بۆ ئاوخواردنەوە و بۆ دەست بەئاو گەیاندن لە کوێ بوەستێ. دەشزانی کە هەموو هەوراز و لێژێک بەچەند ببڕێ.

ماگاشیا لە «فۆسا» کڵاوێکی تازەی کڕیوە و کڵاوە کۆنەکەی بەدەزوو لە بەری وی درووە و لەسەری ناوە. لەپێشدا کڵاوەکان لەبان سەر و پاشان وەک سەربازێکی جەنگی بەلا سەر و پاشان بەلا گوێچکەیەکی ترەوە دەنێ و بەڵام ئاخرەکەی سەرناکەوێ وەک گەرەکیەتی لەسەری بنێ. دێڵەکەری فەقیر کە لە گاری بەستراوە بەکەشیشی نیشان دەدا و دەڵێ:

– ئەم حەیوانە ناوی «بادپا»یە. بادپا یانی تیژڕۆ. بەڵام ئێستا پیر بووە. بۆیە وا بەسەبر دەڕوا.

قەشە دەڵێ: «ئێمەش پیر بووین.»

ماگاشیا دەڵێ: «دیسان خۆشبەحاڵی کەر. کەر تەنیا تا بیست و چوار ساڵ کار دەکات. بەڵام هێستر

٢٢ ساڵ و ئەسپ ١٥ ساڵ کار دەکات. بەڵام مرۆڤ تا حەفتا ساڵ و زیاتریش. خوا بەزەیی بەحەیواناتدا هاتووە نەک بەئادەمیزاد. هیچ ناکرێ چونکە هەقیەتی هەرچی دەیەوێ وابکات.

فایتوونەکە بەپێش تەویلەدا تێدەپەڕێ. «بادپا» بەدەنگ و هەوایەکی ناخۆش دەزەڕێنێ و پاشان هەنگاو توند دەکا تا ئەو جێیە لێی ڕادەوەستێ. لە تەویلە زەڕڕەیەک وەڵامی دەداتەوە. ماگاشیا دەڵێ:

– ئەوە یەکێ لە دۆستانی قەدیمی «بادپا»یە. کاتێکی بادپا گەنج بوو، لەگەڵ ئەم هەڤاڵەی کەینوبەینی هەبوو، بۆیە هەموو جارێ کە بێرەدا ڕادەبرێ هەرتکیان سلاو لێکتر دەکەن. بێ گومان ئیمرۆ هەرتکیان پیر بوون بەڵام دڵ قەت پیر نابێ.

کە لە گوند دەردەکەون، جادە دەبێتە هەوراز. قەشە تەواوی چیا و دۆڵ و مەزرا و ڕێگاکان دەناسێتەوە. تا گاری دەچێتە پێش جادە هەروا بەسەر دەشتی سەوز و شکڵ سەدەفیی فۆچینۆدا دەڕوانێ کە وەک زاری گەورەی ئاگرپژێنێک دەچێ. لە دەوروبەری ئەم زارە گوندەکان هێشتا شوێنەواری بوومەلەرزەیان پاراستووە و وەک کەندووی قەڵشیوو وێران دێنەپێش کە بەشێکیان ئاوەدان کرابنەوە. هێشتا بۆنی ئاو و ئاگر لەم عەردە دێت. گاری ماگاشیا هەروا سەبر دەڕوات. عارەبانێک کە گیای لەسەرە و زەلامێک لەبانی خەوی لێ کەوتووە، دەیگاتێ و وەپێشی دەکەوێ. بڕێک دوورتر عارەبانەیەکی تر کە گایەک و مانگایەک دەیکێشن وەپێشی دەکەون. خێزانێکی وەرزێریش کە ژن و مێرد و منداڵ سواری کەرێک بوون، وەپێشی دەکەون. ژنەکە مەمکی وەدەرخستوون و منداڵەکە شیر دەدا.

ماگاشیا لە کابرای کەرسوار دەپرسێ: «ئەمساڵ بەروبوو چۆنە؟»

– چەندی بلێیی خەراپە.

ماگاشیا بەسرتە بەقەشە دەڵێ: «ئەوە مانای وایە ئەمساڵ بەروبوویان زۆر باشە.»

– کەوابوو بۆچی پێچەوانەی گوت؟

– چۆن بۆچی؟ بۆ پاراستن لە چاوی پیس

قەشە دەپرسێ: «بەروبوو لەلای ئێوە چۆنە؟»

ماگاشیا نیشانەی خاچ دەکێشێ و لە وەڵامدا دەڵێ: ئیفتیزاحە.. بەڕاستی ئیفتیزاحە

قەشە دەڵێ: «لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا هەوای باش بووە»

ماگاشیا دەڵێ: «خەتای ترومبیلانە بەبۆنی پیسی گازەکان حاسلات خەراپ دەکەن.

لەلایەکی جادە نێوە نێوە کۆگا بەردڕۆ کراون. لە پەنا ئەم کۆگا بەردانە بەردشکێن لەبن لق و گەڵا دانیشتوون و بەکوتک بەردان ورد دەکەن. گاری ماگاشیا لە گوندی «لاما دیمارسی» تێدەپەڕێ. لەسەر دەرگایان شاخی گایان بۆ چاووزار هەڵاوەسیوە. ژنەکان وەک هەموو شوێنی لەسەر کانی چاوەڕوانی نۆرەن. پیرە پیاو لەبەر دەرگا خەریکی سەبیلە کێشانن. ژاندارمیش دەلیباسی یەک ڕەنگی ژەنراڵەکانی دەورانی پێش شەڕ بەتەنیا لە شەقامەکان دێن و دەچن. لە دەرەوەی گوندی «لاما» نوێژدانێک بەناوی «مریەمی دەست لێ نەدراو» دروست کراوە. ماگاشیا نیشانەی خاچ دەکێشێ و دەڵێ:

– ئەوە نوێژدانی حەزرەتی مریەمە کە بەیادی موجیزەیەکی قەدیم بەناوی نوێژدانی «گوڵی سوور» دروستکراوە. لەوساڵە ڕاست لە نێوەڕاستی مانگی ژانویەدا گوڵی سوور پشکووتن و گێلاسیش پێگەیشتن و مەریش زان. بەڵام خەڵک نەک هەر خۆشحاڵ نەبوون، بەڵکو ترساشن. گریمان دەدرا کە ئەم بەخشینەی عاسمان، بانگەوازی کارەساتێکی گەورە بێت. قەزاوقەدەر هەر لەو ساڵەدا تاعون هات.

– کەوابوو ئەم نوێژدانەیان بۆ دروستکرد

– بۆ ئەوەی حەزرەتی مریەم قینی بنیشێتەوە. پاشان لێی زیاد دەکا و دەڵێ:

– ئەمساڵ دیسان ساڵێکی باشە. بەڵام نەک لای ئێمە. مەبەستم ئەوەیە بۆ خەڵکی دیکە ئەمساڵ بەگشتی ساڵێکی باشە. خوا دەزانێ دیسان چ بەدبەختییەکمان بەسەردێت.

لەولای نوێژدان ڕێگا بەشێوەی مار پێچ بەنێوان دوو گردانداا دەڕوا. بەسەر پردێکدا تێدەپەڕێ و دەچێتە دۆڵی «پیتراسکا»

چەند ژن دەستەیەکیان پێکهێناوە و مانگایەکی پیر بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن. بەڵام مانگا بەدیتنی پرد جەنە دەگرێ و قاچ لە هەردی قایم دەکات و بەهیچ قیمەتێک نایەوێ قاچ هەڵبڕێ. یەک لە ژنەکان دەڵێ: «سندان کوشتوو تۆ زۆر جار بەم پردەدا تێپەڕ بووی، ئێستا بۆ ناتەوێ. ؟ شەرم ناکەی؟ بەڕاستی دەبێ شەرم بکەی. بۆ لە خۆڕا جەنە دەگری؟

گاری ماگاشیا بەدۆڵی پیتراسکادا، کە لە هەوڵەوە بەرینە و پاشان بەلێژی بەردەڵانی پڕ لە بەردی هەتاو بردوودا، سەبر سەبر دەڕواتە پێش. لە خوارەوەی بەردەکان، لەو شوێنانە کە سێلاو لم و لیتەی لێ بەجێ هێشتوە، زەوی بچووک هەن کە هەرزن و پەتاتەیان لێ چاندوون. ئەم زەوییە بچووکانە، نەک بەهەکتار، بەڵکو بەگەز و تەناف دەیانپێون. لە بناری چیا پارچە زەوی کێڵراو هەن کە هەتوانی سەر برین وەبیر مرۆڤ دێننەوە. لە تەواوی ناوچەکان کە بڕوکە زەوییەکی شایانی کشتوکاڵ پەیدا بووە، نیشانەی تێکۆشانی ئادەمیزاد بەرچاو دەکەوێ. گاری و عارەبەکان بەپێکهێنانی دوو شوێنی قووڵی وەک هێڵی ڕێگای ئاسن، جادەی تەنگی ویلایەتیان بڕیوە کە لە درێژایی بەردەڵاندا سێلاو کێشاویەتی. گاری دەڕواتە پێش. هەتا زیاتریش دەڕوا بنارەکانی دۆڵ لەبەر گەرمای سووتێنەر و سێلاوەکان و با و گێژەڵوکە لوستر و قەڵشیوتر و کرێنتر دەبێ. بزنەکان لە چڵە گیای نێو بەردان کە دەنک پەیدا دەبێ دەلەوەڕێن و ڕیشی شەیتانیی خۆیان بەرەو قەشەی غەریب کە بەگاری هەڵگری تووتن و خوێ سەفەر دەکا ڕادەوەشێنن. سەرکەوتن لە بناری چیا دژوارتر دەبێ. بۆ سووکبوونی بار، ماگاشیا دادەبەزێ.

لەسەر پێچێک خانووێک دەردەکەوێ کە بەشکڵی خانووبەرەی «ڕینسانس» لەسەر تەختە بەردێک دروست کراوە. دەرگا و پەنجەرەکانی توند داخراون. ماگاشیا لە باسی ئەم خانووەدا دەڵێ:

– ئێرە خانووی کوێستانیی «سیمونە سکارافا»یە. ئەو پاش ئەوەی سی ساڵ لە برێزیل بردیە سەر و لە کشتی قاوە سامانێکی زۆری وە سەریەک نا، ویستی بگەڕێتەوە نیشتمان تا بەدڵێکی ئاسوودە لە سامانی خۆی کەڵک وەرگرێ. ئەم خانووە کوێستانیەشی بۆ خۆی دروست کرد. بەڵام هێشتا حەفتەیەک

تێیدا نەژیا بوو، شێت بوو، وای لێ هات ناچاربوون بیبەنە نەخۆشخانەی «ئاکویلا» لە «سانتا ماریای کۆلە ماجیو» هێشتاش هەر لەوێیە. بەڕاستی نرخی چی هەبوو کە بۆ پەیداکردنی سامان ئەو هەموو زەحمەتە بکێشێ.

لەنێو دۆڵەکە دەستە هەورێک لە بزووتندان کە لە چیاکانەوە بۆ لای دەشتێ دێن، واتە لە کوێستانەوە بۆ لای شار لە خاچێکی دار کە لە کوپەبەردێک قایمکراوە ئەم نووسراوە بەرچاو دەکەوێ: «٢٢ی ئوتی ١٩٠٩»

ماگاشیا دەڵێ: «ئەلێرە «دۆن جیۆ لو» سەر دەفتەری «لاما» یان ڕووت کرد و کوشتیان. لە شیکردنی جەستەی دەر کەوت حەوت چەقۆیان لە دڵی دابوو. کەس نەیزانی کێ ئەو بەڵایەی بەسەرهێنا. دۆن جیۆلۆ بەسوتی سەتا سی پارەی بەقەرز دەدا. پاش کوشتنی وی سوتخۆری نەما.

لە قووڵایی دۆڵ هەوەڵێن خانووەکانی «پیتراسکا» دەردەکەون. ماگاشیا دەڵێ:

– ئەمە لەو گوندانەیە کە شانسی نییە. دوو جار لافاو و جارێکیش بومەلەرزە وێرانی کردووە.

قەشە دەپرسێ: «ئێستا حەشیمەتی چەندە.؟»

– هێشتا چل ماڵێک دەبێ. ئەوانەی کە دەتوانن بۆ دەشت بار بکەن.

لە لایەکی جادە دیسان کوپەیەکی بەرد دەبینرێ کە خاچێکی داری لێ قایم کراوە. لەسەر خاچەکە نووسراوە: «١٥ی مانگی مای ١٩٢٣» ماگاشیا بۆ ڕوونکردنەوەی وی دەڵێ:

– لێرە «ونچنزینۆ ساپونە» بەهاندانی هەستی ئیرەیی کوژراوە. ئەم «وینچنزینۆیە» لەگەڵ ژنێکی ئەمریکایی تێکەڵ ببوو. کاتێ مێرد لە ئەمریکا گەڕایەوە، گەرووی ژنەکەی لە خەوێدا بەتیغی ڕیش تاشینێ بڕی و پاشان هاتە ئێرە و لەپشت تەختەبەردێک خۆی لە «وینچنزینۆ» مات کرد کە بۆ سەر کار بێرەدا هاتوچۆی دەکرد. کاتێ وینچنزینۆ هات ئەمریکایی خۆی پێدادا و بەداس سەری لێ کردەوە. پاشان وەچیا کەوت بەڵام پاش سێ مانگ گرتیان و بەسی ساڵ زیندان مەحکوم کرا. کیژێکی هەبوو ئێستا گەورە بووە. بێ ئەدەبی نەبێ ڕێی کەوتۆتە جندەخانەکانی نزیک سەربازخانەی شاری ڕۆم. کیژێکی خەراپ نەبوو.

گاری بەپێش خاچێکی دیکەدا دەڕوا. ماگاشیا دیسان دەست بەگێڕانەوەی نەقلێک دەکا و دەڵێ:

– لێرەکانەش...

قەشە قسەکەی دەبڕێ و دەڵێ:

– بێ گومان لێرەش بەدبەختییەکی تر ڕووی داوە،

– تۆ لە کوێ دەزانی؟

– ئاخر تۆ جگە لە داستانی بەدبەختی چی دیکەم بۆ باس ناکەی. چما دەتەوێ بمترسێنی؟ داخوا دەکرێ لێرەش کارەساتێکی ناخۆش ڕووی نەدابێت؟

ماگاشیا دەڵێ: «ڕووداوە باشەکان لەبیر دەچنەوە، بەڵام بەسەرهاتی خەراپ و ناخۆش هەمیشە لەبیر دەمێنێ و لە باوکەوە بۆ کوڕ سینگ بەسینگ نەقڵ دەکرێن. کەسێکی مردووە ئەگەر پیاوێکی باش بوو بێت، یەکسەر دەچێتە بەهەشت. بەڵام ئەگەر بەگوناحباری کوژرا بێ هەر لەم دۆڵەدا دەمێنێتەوە. بۆیە هەمیشە باسی دەکەن. کەسێکی بکوژرێ ئیتر ڕووحی ئارامی نابینێ. ساڵەکانی هەوەڵی ڕێبوارەکان بێ ئارامی ڕووحی بەردەێک داوێنە شوێنی جنایەتەکە. ئێوەی قەشە پێچەوانەی ئەوە دەڵێن. لەگەڵ ئەوەش وەزعەکە هەروایە وەک من گوتم.

ئێستا گاری بەپەنا هەڵدێرێکی لافاو دڕدا ڕادەبرێ. ماگاشیا دیسان دەڵێ:

– لێرە برای فەقیری من بەگارییەوە هەڵدێرا، شەو بوو. بەبارە تووتن و خوێوە لە فۆساوە دەگەڕاوە. ڕاست لەو شوێنە بوو شەیتان لەسەر ڕێگای سەوز بوو. فەقیرە تەنانەت دەرفەتی نەهێنا نیشانەی خاچیش بکێشێ. هێستری گاری دەکێشا ڕەویەوە و بۆ دەربازبوون لە چنگ شەیتان بەلای چەپەدا خلیسکا و کەوتە قووڵایی دۆڵەوە.

ئێستا لە نیزیک لافاوگر خانووێکی چۆڵ لەسەر گردێکی بچووک دەردەکەوێ. ماگاشیا دەڵێ:

– ئەوە خانووی جندووکانە.

قەشە دەپرسێ: «چۆن؟ جندوکەش خانوویان بۆ خۆ دروست کردووە؟ لە گاڵتە دەرچێ کارەکانی وان زۆریش خەراپ نین. ماگاشیا حەوسەڵەی گاڵتەی نییە و دەڵێ: (بنەماڵەی «کولامارتینی» خەڵکی «پیتراسکا» ئەم خانووەیان دروست کرد. بەڵام هێشتا تەواو نەببوو، جندوکە داگیریان کرد. پاشان کەس نەیتوانیوە لە ناویدا نیشتەجێ بێت. لەم دۆڵەدا هەموو کەس ئەم خانووە بەپەناگای «گوناحکاران» ناو دەبەن. ئێستا ئاخرەکەی دەگەنە پیتراسکا. شێست خانووی قەڵشیوی دوکەڵاوی کە بەدەرگا و پەنجەرەی داخراو دیارن، بێ گومان هێندێکیان چۆڵن. گوند لە مەیدانێکی ڕەحەتی ئاسا کە سروشت لە پانایی دۆڵدا هەڵی کەندووە، دروستکراوە. هێندێ لە خانووەکان بەوێنەی خانووی خۆڕاگر لە بەرانبەر بوومەلەرزە دروست کراون کە لە وەتا بوومەلەرزەی دوایی بۆتە ێیجباری. لە دەوروبەری ئەم ماڵانە چەند خانووی بچووکی لە قوڕ و بەرد و سواڵەت دروستکراو، قوتبوونەوە. لە هەمووی ئەم ماڵانە بێجگە لە دوو خانووی نەختێ باش چیدی بەرچاو ناکەوێ. یەک لەوانە کە بەپردیەوە نووساوە، موسافیرخانەی «ماتاڵنا ڕیکۆتا»یە کە قەشە پێویستە لەوێ دابەزێ. ئەویتریان کە گەورەتر و قەدیمیترە و لەوپەڕی گوندی لە نێوەڕاستی پارچە زەوییەک بەداڕێژراوی بەرد، دروستکراوە. ئەوە ماڵی دەوڵەمەندی بنەماڵەی «کۆلامارتینی»یە و تاقە ماڵی ئاوەدانی«پیتراسکا»یە کە لە لافاو و بوومەلەرزە پارێزراوە.لە نیزیک ماڵی«کولامارتینی» گۆڕستانی گوندی و کەنیسەیەکی بچووک هەیە کە هەیوانی ڕووی لە دۆڵە.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «داخوا لەو کەنیسەیەدا نوێژی مەسح-یش دەکرێ؟»

ماگاشیا دەڵێ:

– ئێستا سی ساڵە ئەم کەنیسەیە کەشیشی نییە. خەڵکی ئەم گوندە زۆر فەقیرن. لە کوێ دەتوانن

خەرجی قەشە بکێشن.

لە دەوروبەری گوند و گۆڕستان زەوییەکان بەپارچەی فرە بچووک دابەشکراون. مەزراکان ئەوەندە بچووک و دیواری بەردی سنوورەکانیان ئەوەندە زۆر و بەرزن کە لە دوورەوە مرۆڤ وادەزانێ شارێکی وێران و چۆڵ دەبینێ. چەند سەت میتر ئەولاتر لە «پیتراسکا» دۆڵ دەبەسترێ و ئیتر ڕێگا نامێنێ. دوو جۆگەلەی باریک لەو سەری دۆڵەکەوە دێنە خوارێ بەرلەوەی بگەنە «پیتراسکا» تێکەڵ دەبنەوە. ئەم دوو بەشە بەهۆی پردێکی دار یەک دەگرنەوە. حەوزێکی فوارە لەپێش موسافیرخانەیە. منداڵێک کە خوێنی لە کەپوی هاتووە لووتی دەشواتەوە و ئاوەکە سوورهەڵگەڕاوە. ژن و کیژی گەنج لەژێر پردەکە لە پەنا سێڵاوگر دانیشتوون و جلەکانیان دەشۆن. ماگاشیا لەپێش موسافیرخانەکە «ماتالنا» لەوێ چاوەڕوان وێستاوە، گاری ڕادەگرێ. پیرەمێردێکیش دەگاتە وێ کە بالاپۆشێکی دێهاتی لە خوری ڕەش بەخۆ داداوە و سەروڕیشی تەواو سپی بووە. پیرەمێرد قولاپێکی ئاسنی لەسەر شانە، بەڵام ئەم ئامرازە شتێکی لە فیزی وی کەم ناکاتەوە کە لەناوچاوانیەوە دیارە. هەموو شت لەوێدا قەدیمە، تەنانەت قسەکانی پڕ لە ئەدەبیش کە بۆ بەخێرهێنانی قەشە بەسەر زمان دادێن. لە بالاپۆشەکەی هێشتا بۆنی خوری مەڕ دێت.

ماگاشیا دەیناسێ و دەڵێ: «ئاغای پاسکاڵ کولا مارتینی.»

دۆن پاولۆ داوای لێبوردن دەکا، هەست دەکا حاڵی باش نییە و لەبەر هیلاکی پەکی کەوتوە.«ماتالنا» ڕاست دەیباتە دیوێک کە بۆی ئامادە کردووە. خەو! خەو!

دۆن پاولۆ لە تاریکیدا دەنگی ژنێک دەبیسێ کە کوڕەکەی بانگ دەکاتەوە. کوڕەکە وەدرنگی کەوتوە و لەگەڵ هاڤاڵانی یاری دەکات. بانگ دەکات: ڕاوەستە دایە، هاتم، ئێستا دێمەوە.

٤

لە مەیدانی نێوان موسافیرخانەی «ماتالنا ڕیکۆتا» و پردی پیتراسکا بەیانی یەکشەمۆ ئاهەنگی ناو لێنانی کەرێک بەڕێوە دەچێ کە لە ئاخرین بازاڕدا کڕاوە. لاوێک هەوساری کەری بەدەستەوەیە و جۆتیارێکی پیریش بەدار لێی دەدا و پاش هەر دارێکیش هەر تک زەلام بەگوێی کەرەکەدا هاوار دەکەن: «گاریبالدی!»

گاریبالدی ناوێکە بۆ ئەو کەرەیان هەڵبژاردووە. لە قاموسی وەرزێراندا ئەم ناوە بەواتای بەهێز و ئازا و قەوەت دێت. ناو لێنانەکە درێژە دەکێشێ، چونکە بێ گومان کاتی گەرەکە تا کەر تێ بگات کە ناوی گاریبالدییە. وەرزێری پیر بەبێ هەستی قین و تووڕەیی، بەتوندی لە پەراسووی ئەم حەیوانە دەدا و هەر دەڵێی دۆشک دەکوتێ. پاش هەر دارێکیش پیرەمێرد و لاو بەگوێی حەیواندا دەچریکێنن «گاریبالدی»!

کەر تەماشایان دەکا و هەموو جار سەر ڕادەوەشێنێ. جۆتیاری پیر لە پەراسووی دەدا و هەر جارە لایەکی دەکوتێ. دەیان و دەیان جار ناوی «گاریبالدی» قارەمان و زەبری ئەو دارانەی وەپەراسووی حەیوان دەکەون لە مەیدانی پیترۆسکا بەنۆرە دەنگ دەدەنەوە. ئاخرەکەی جۆتیاری پیر هیلاک دەبێ و بەلاوەکە دەڵێ: «ئیتر بەسە. بێ گومان حەیوان تێگەیشتووە.»

ئەو دەم لاو بۆ ئیمتیحان مستێک کا هەڵدەگرێ و دەچێت لەسەر پرد نیشانی دەدا و لە دوورەوە بانگ دەکات«گاریبالدی» کەر بەغار دەچێتە لای. لاو دەڵێ: «ڕاستە، تێگەیشتوە.»

دۆن پاولۆ لە جێدایە و تای هاتووتێ، لەپشتی پەنجەرەوە لەسەر یەک چەند جار ناوی گاریبالدی دەبیسێ، مات و نیگەران دەبێ، ئایا لەوانەیە حزبی کۆماریخواز لە پیتراسکا ئەوەندە بەهێز بێت؟

قەشە لە مالتانا ڕیکۆتا دەپرسێ: «چ باسە؟»

– شتێکی گرنگ نییە. «شاتاپ»ی پیر کەرە تازەکەی خۆی ناو لێ دەنێت»

شاتاپی پیر لە سەرانسەری دۆڵ بەم ناوە ناسراوە. ئاهەنگی ناولێنانی خۆشی هەروا بەڕێوە چووە. بەگەنجیەتی لەکن کابرایەکی ئەمریکایی بەناوی «کارلۆ کامپانلا»ی خەڵکی پیتراسکا خزمەتکار بووە، ناوبراو لە شاری نیویۆرک لە شەقامی «ملبۆری» زستانان خەڵوزفرۆش و هاوینان سەهۆڵی فرۆشتووە. لە ڕاستیدا ئەوەی لە وڵات ناوی «کارلۆ کامپالا» بوو، لە نیۆیۆرک بەناوی «مستر چارلزلیتل بیل یخی – زخاڵی» (Charles Little_ Bell,Ice and Coal) ناسرا بوو. وەک حەیوانی چوار پێ خزمەتکارەکەی دەکار دەکرد. هەموو جار کە ئەم حەیوانە بەدبەختە وەزمان دەهات،

«مستیر لیتل بیل» بەتووڕەیی بەسەریدا دەیگوڕاند کە: شات ئاپ!! Shut up «شات ئاپ» بەزمانی ئینگلیزی یانی «بێ دەنگ بە– کڕ بە». بەڵێ پاش ئەوەی شاتاپ چەند ساڵان لە ئەمریکا ژیا، لە زمانی ئینگلیسی جگە لە «شات ئاپ» چیتر فێر نەبوو. ئەوەشی وەخت و بێ وەخت دووپات دەکردەوە. جارێک نەبوو کە ژنەکەی زمانی بگەڕێ، شەپێکی لێ نەداو بەئاماژەی قامکی فەرمانی بێ دەنگی نەداتێ و

نەڵێ «شات ئاپ» بەم جۆرە وشەی شاتاپ هاتە نێو زمانی ناوچە و تاقە وشەی ئینگلیزییە کە خەڵکی پیتراسکا مانای دەزانن و تاقە نیشانەی کلتووری تازەی بێگانەیە کە بەکلتووری کۆنی ناوچەوە نووساوە.

دۆن پاولۆ لە تەختی خەو دێتە خوار و دەچێتە بەر پەنجەرە و دەیەوێ ئەم پیاوە ببینێ. شاتاپ و کەرەکەی لە کۆڵانی باخی نیزیک پردی دار بۆ لای چۆم دێنەخوارێ. لە دەرگای کۆڵانی باخ تەتەڵەیەکی کۆن بەرچاو دەکەوێ لەسەری نووسراوە: «ڕشتنی زبڵ و پیسایی لێرە قەدەخەیە.» لە نووسینی ئەم ڕاستییە دیارە کە ئەو شوێنە پڕە لە زبڵ و سواڵەت و شووشە شکاو و کۆنە کەوش و خواردەمەنی ڕزیو و پاشماوە و شتی دیکە. ڕەنگە ئەو مەسەلەی نیشان نەدا کە خەڵکی پیتراسکا زۆر بەتەنگ پاک و خاوێنیەوەن، بەڵام لانی کەم نیشانەی ئەوەیە کە خوێندەوارن.

دۆن پاولۆ نەک هەر خوێندنەوە شارەزایە، بەڵکو نووسینیش دەزانێ. تەنانە بەشێوەی ئەدەبیش. لەگەڵ ئەوەش تەواوی زانست و زانیاری وی ناتوانێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی دژواری پاکوخاوێنی یارمەتی بدات. ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی دۆن پاولۆ وە ئەگەر نیشانەی وەزعی ژیانی خەڵکی دێهاتی خوارووی ئیتاڵیا نەبایە و لەلایەکی تر ئەگەر بەپێچەوانەی تەواوی ئەو بێ بەشیانەی کە تا ئێستا توانیبووی خۆیان لەبەر ڕابگرێ، بۆ ئەوەشیان هەر دەیتوانی و پێویستیش نەبوو لێرەدا باسی بکات.

لە پیتراسکاش وەک زۆربەی دێهاتەکانی درواسێ ئاودەستی تایبەتی نییە. بەگوێرەی دابونەریت سێ جۆر ئاودەستی گشتی بوونەتە باو کە بریتین لە سێ پنچکە دڕوو کە هێندێ لێک دوور لە سێ جێگا لە قەراخ چۆم چەقێنراون. لە بەهاردا ئەم دڕکانە گەڵا و لقوپۆپ دەردەکەن و دادەپۆشرێن. کەسێکی لەپشت ئەو پنچکانە دادەنیشێ کەم و زۆر لەبە چاوان دیار نییە. بەڵام لە پاییزدا وەزعەکە دزێو و دژوارە. دابەکەش وایە هەر یەک لەم سێ پنچکانە بۆ چینێکی دیاریکراوی دانیشتووی گوند دانراون. پنچکی هەوەڵیان بۆ وەرزێرانی هەرە فەقیر، پنچکی دووهەمیان بۆ وردە مالیکان دانراوە، پنچکی سێهەم بۆ ژنانە. منداڵ دەچنە پشت کەنیسە. ئەم دابە هەمیشە لە بەرچاو دەگیرا و جگە لە سەردەمی پاش شەڕ، واتە سەر دەمێک کە بەڕواڵەت بە«مەترسی سوور» ناسرا بوو، ئەم دابە تێکنەچوو. ئەو دەم وا هاتە پێش کە وەرزێرە فەقیرەکان ئیتر نەدەچوونە پشت پنچکی هەوەڵێ و بەفیزەوە دەچوونە پشت پنچکی دووهەم. بەم کارە لە سەرەتاوە وردە مالیکەکان سەریان سووڕدەما و باوەڕیان نەدەکرد، پاشان بوو بەبێزاری و تووڕەیی و هەڕەشەش ئەوان لە یەکتریان دەپرسی: «ئەدی ئێمە بچینە کوێ؟»

ئەو دەم «ماتالنا ڕیکوتا» دەیگوت: «ئەی وای دین لە دەست چوو.»

بەخۆشییەوە ئەو سەرلێشێواوییەی لە بارەی مەزهەبەوە بەهۆی شەڕ لە بیروباوەڕی خەڵکدا پێکهاتبوو نەما. نەزم و زاکون دووبارە هاتەوە جێ. کەلک وەرگرتن لەپشتی پنچکەکان وەک خۆی لێ هاتەوە.

دۆن پاولۆ لەبەر ئەوەی هەم قەشەیە و هەمیش نەخۆشە، لە بواری ئەدەب و پاکی و هەم لە ڕوانگەی پاک و خاوێنیشەوە ناتوانێ بچێتە پشت ئەو پنچکانە، دیارە ناتوانێ بچێتە پشتی کەنیسەش. کەوابوو زیاتر لەوە هەست بەتووڕەیی و شەرمەزاری دەکا کە بێتە باسکردن. ئەو بۆ ئیتاڵیا گەڕاوەتەوە تا لە

وڵاتدا خەریکی کاری شۆڕشگێڕی بێ. هەزاران گرێمان و پڕۆژەی زانستی سەبارەت بەمەسەلەی کشتوکاڵ لە مێشکی خۆدا جێ کردۆتەوە. ئێستا لە ئەنجامدا بەرهەمی تەواوی ئەوانە بۆتە ئەوە کە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ گیروگرفتی پێداویستی هەرە سەرەتایی ژیان دەست بەیەخە بێت. ماتاڵنا لە قاتی یەکەمی موسافیرخانە ژووری خاوێن و تەختی خەوی دووکەسەی خۆی کە سێ چوارەمی ژوورەکەی گرتووە بۆ قەشەی تەرخان کردووە. تەنیا جێگای مێزێکی بچووک و کورسییەک و ڕووشووییەکی لە ئاسن ڕەنگ کراو ماوەتەوە. لەبان تەختەکە پەیکەری بەخاچ کێشراوی مەسیح دەبینرێ کە ئازای بەدەنی بێ ڕەنگ و بێ خوێنە و لەشێکی بێ هەست و داتەپاوی وەک ڕوخساری وەرزێرانی فەقیر و برسی دەچێ. بەرەوڕووی پەیکەری مەسیح قوڵکەیەکە پەیکەرێکی بچووکی سپی ئاسمانییان لە مریەمی دەست لێ نەدراو لێ داناوە کە سکی پڕە و خەریکە شەیتان سەرکوت دەکات. ئاخری مانگی مای واتە مانگی مریەم و عەزیایە. ماتالنا هەموو شەوێ چرایەکی ڕۆنی زەیتوون لە بەرانبەر پەیکەری سپی و ئاسمانی مریەم هەڵدەکا تا لە شەڕی دژی دوژمنان یارمەتی پێ بکات.

ئێستا دۆن پاولۆ حاڵی زۆر خەراپە. ئاووهەوای کوێستان وەک چاوەڕوان دەکرا حاڵی ئەوەندە باش نەکردووە. تەواوی ڕۆژ لە جێدایە و بەسەعات لەم تەختە دووکەسیەدا بەخۆڕایی جینگڵان دەدا و ئەمدیووە ودیو دەکات بێ ئەوەی بتوانێ تاوێک ئاسوودە بێ. شەووڕۆژ بۆ ئەو کۆتاییان نایە.

دۆن پاولۆ بۆ تەواوکردنی شانۆسازی و ئەنجامی نەخشی کەشیشایەتی خۆی چەند کتێبی ئایینیشی لە دوکتۆر ساکا وەرگرتووە. لەوانە کتێبی دوعا و پەندی «سنت ئالفوس ماری دی لیکوری» و «فیلوتە» و شەرحی حاڵی «کامیل دون لیس» لە پیرۆزەکانی «ئابرۆتزە» لە سەدەی پازدەهەم و شەرحی حاڵی «سن ژان بوسکو» لە پیرۆزانی ۆیە مۆنی» لە کۆتایی سەدەی دوایی و ئاخرەکەشی نامیلکەی داب و ڕەسمی ئایینی.

دۆن پاولۆ لەپێشدا ئەم کتێبانە پەڕ پەڕ وەردەگێڕێ و بەگوێرەی هەڵکەوت لە هەر شوێنێ بۆ دەربازبوون لە ژیانی نەگۆڕی کە ئەو تێیدایە، چەند دێڕێک دەخوێنێتەوە هەروەک لە هەر پەڕێکی چاپی یا ڕۆمانی پۆلیسی و یا نامیلکەیەکی دەرمانی هەروا دەکات. لە سەردەمی گەنجییەتیدا زۆر لەو کتێبانەی لەبەردەستدا بووە. ئێستا زۆر لە لاپەڕە عەکسدارەکانی. ڕەسمە لەبیرچووەکانی وەبیر دێنێتەوە. لە گۆشەی هەرە نهێنی بیریدا خەیاڵی مەترسیداری سەردەمی منداڵی وردە وردە گیانیان دێتەوە بەر و دەردەکەون. بەم جۆرە دۆن پاولۆ هەست دەکات کە بۆ لای ئەم کتێبە پیرۆزانە دەکێشرێ. وای لێ دێ هەموو شەوان دەست بەخوێندنەوەیان دەکا و ئەوەندەیان دەخوێنێتەوە تا چاوەکانی هیلاک دەبن.

بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێ لە وجودی ئەودا، ئەو منداڵە بێ گوناحە لێک دەدرێتەوە کە هەموو شەو بۆ فێربوونی دەرسی شەرعیات دەچوو تا بۆ هەوەڵین قبوڵی دینی مەسیح خۆ ئامادە بکات. ئەو منداڵە دەبیرستانیە لە وجودی ئەو دا گیان دەگرێتەوە کە بەحەز و هۆگری تەواو شەرحی حاڵی پیرۆزانی دەخوێند و لە بارەی هەلومەرجی ژیانێکی دوور لە هەلپەرستی لەگەڵ «دۆن بنە دێتو» باسی دەکرد. بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ وتووێژێکی لەسەرخۆ لەنێوان ئەم لاوە کە هێشتا لە وجودی ئەودا نەمردووە و ئەو

شۆڕشگێڕەی کە ئێستا بوونی لەگەڵ وجودی ئەو لاوە تێکەڵ بووە بەڕێوە دەبات. بێ تاقەتییەکی لە ڕادە بەدەر کە بەرهەمی نەخۆشییەکەیەتی، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، دۆن پاولۆ بۆ ساڵەکانی سەرەتای گەنجیەتی دەگێڕێتەوە. چونکە زۆربەی کات نەخۆش بووە و لاوازی و کز بووە و لە لایەکی تریش تاقانەی بنەماڵێک بووە کە هەمیشە دایک و دایە گەورە و پوور و کوڵفەتی ماڵ ئاگاداریان کردووە و بەهێزیان کردووە. بەجۆرێک هەمیشە خۆی لە کەشوهەوایەکی گەرم و پڕ لە محبەت و دڵسۆزی ژنانەدا بووە. ئێستاش کە دەستی قەزاوقەدەر وای لێ کردووە تا پەنا بۆ کەشوهەوایەک بەرێ کە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە چەند پلە لە کەشوهەوای گەشە و هەڵدانی خۆی نزمترە.- واتە بۆ پیتراسکا-. دیسان ژنەکانن کە لەبەر هەرچی بێ دێنە لای و تەواوی دەنگوباس و شوێنەواری ژیانی دەرەوە کە ڕۆژانە پێی دەگا، لەبەر ئەوەی پیاوەکان لەسەر کارن، ژن و منداڵ پێی دەگەیێنن. ئەو ژن و منداڵانەی کە هەموویان بەزاراوی خۆی و دایکی قسان دەکەن.

«ماتالنا» بوونی قەشەیەک لە موسافیرخانەی خۆی بەڕەحمەتی خودا دەزانێ. کارەکانی خۆی وا ڕێک دەخا کە بەهەر بیانوێک بێ زیاتر لەکن قەشە بێت. قەشە لە هەر ماڵێک نیشتەجێ بێ، نابێ هیچ بەڵایەک ڕووی تێ بکات. ترسی نەخۆشی هەمیشە «ماتالنا» لە دڵەڕاوکەدا ڕادەگرێ. لەبان موسافیرخانە لەو شوێنە کە دوو پلوسک یەک دەگرنەوە، سەرەگایەک بەدوو شاخی گەورەوە قایم کراون.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «ئەم شاخە گایانە بەکاری چی دێن.؟»

«ماتالنا» لە کاتێکا نیشانەی خاچ دەکێشێ لە وەڵامدا دەڵێ:

– بۆ پاراستن لە چاوی پیس. بەڵێ تەنیا بۆ پاراستن لە چاوی پیس. چونکە ئەم شاخانە بۆ پێشگری لە بەڵای دیکە بەکار نایەن. لە ڕاستیدا موسافیرخانەی ماتالنا سەرەڕای بوونی ئەم شاخە گایانەش لە بوومەلەرزەی ساڵی١٩١٥ لەگەڵ گەلێک ماڵی دیکە وێران بوو. ماتالنا دەگێڕێتەوە کە:

– ئەم موسافیرخانەیە لە سەرەتاوە زۆر لەوە گەورەتر بوو کە ئێستا هەیە. مێردە فەقیرەکەی من شەش ساڵی تەواو لە ئارژانتین زەحمەتی کێشابوو تا توانی ساختمانی ئەو تەواو بکات. تەنیا سێ مانگ لە تەواوبوونی تێپەڕیبوو کە بوومەلەرزە وێرانی کرد. من حەفتەیەکی تەواو لەژێر خاکدا مامەوە. ڕاستیت دەوێ من نەمدەزانی بوومەلەرزە هاتووە. وام دەزانی ئێمەیان بەچاوەوە کردووە و تەنیا موسافیرخانەی ئێمە وێران بوە. هەر بۆیەش کاتێ دوای حەفتەیەک خۆڵەکانی سەر پەناگای منیان لابرد و کولانەیەکی گەورەیان بۆ هێنانەدەری من کردەوە، غیرەتی ئەوەم نەبوو بێمە بەر ڕووناکایی. بەخەڵکم گوت لێگەڕێن با هەر لێرە بم. ئیتر ئارەزووی ژیانم نییە. بەڵێ، بەڕاستی نەمدەویست ئیتر بژیم. بەڵام خەڵک دڵخۆشییان دامەوە و لەپشت کولانەکەوە پێیان گوتم کە نیزیکەی تەواوی گوند وێران بووە. نیزیکەی تەواوی «مارسیکا» وێران بووە. زیاتر لە سێ بەشی لەگەڵ خاک بۆتە یەک و تا ئێستا پەنجا هەزار مردوویان بژاردوە. ئەم کارەساتە لە چاوی پیس نەبووە. بەڵکو سزایەکی خواوەندی بووە. مەسەلەیەک هەیە دەڵێ: «بەڵا کە زۆر بوو خۆشە»

مێردە فەقیرەکەی من بۆ ئەوەی بچێتە شەڕ، گەڕاوە بۆ ئیتاڵیا. لە ماوەی شەڕدا زیانی پێ نەگەیشت.

دوای شەڕ دیسان گەڕاوە بۆ ئارژانتین و پێنج ساڵی دیکەش بەهەر زەحمەتێک بوو کاری کرد تا ئەو پارەیەی بۆ تازەکردنەوەی ساختومانی موسافیرخانە پێویست بوو، پاشەکەوتی کرد. ساختومانی تازەی موسافیرخانە تازە تەواو ببوو و مێردەکەم لە سەروبەندی گەڕانەوەدا بوو کە لەپڕ نامەکانی بڕان. دوای شەش مانگ لەلایەن بەخشدارەوە کاغەزێکم بۆ هات، من ترسام و پێم وابوو مەسەلەی باجی تازە هاتۆتە گۆڕێ. چوومە وێ. یەکێ لە کارمەندان گوتی: مێردەکەی تۆ لە ڕووداوێکدا کە لەوانەیە بۆ هەموو کەس بێتە پێش مردووە. کەوتۆتە ژێر ترومبیل. من دەستم بەهاوار و گریان کرد و گوتم بێ گومان ئەو بەڵایەی لە چاوی پیسەوە بەسەرهاتووە، چونکە دەبوایە بگەڕێتەوە و لە خانووی تازەی خۆی کەڵک وەرگرێ. بەڵام ئەو کارمەندە گوتی: لە چاوی پیس نییە، ئەمە ڕووداوێکە ڕەنگە بەسەر هەموو کەس بێت. لەگەڵ ئەوەش دوور نەبوو لە چاوی پیس بێت. دیارە قەشەکان دەڵێن بڕوایان بەچاوی پیس نییە. بەڵام ئەگەر بەڕاستی بڕوایان پێ نەبایە، لیباسی ڕەشیان لەبەر نەدەکرد.

جگە لەوەش «ماتالنا» ڕۆژەکانی هەینی و چوار شەمۆ گۆشتی ناخوا، بەبڕوای وی مانگی مارس مانگی «سن ژۆژێف» و مانگی مای مانگی «حەزرەتی مریەم» و مانگی ژۆئن مانگی «ساکرە کور» و مانگی نوامبر مانگی مردووانە. ماوەیەکی تەمەنی لە چل تێپەڕیوە و لەنێو موسافیرخانەدا بەسەر و قژی ئاڵۆز و شانە نەکراو دێت و دەچێ. خۆی زۆر هیلاک دەکا تا خواردنێکی باش بدا بەقەشە. پاش هەموو خواردنێکیش چاوەڕوانی سوپاس دەکات. بەڵام بێ فایدەیە، دۆن پاولۆ قەت نەوسن نەبووە. لەلایەکی دیکەش لە پیتراسکا خواردەمەنی جۆر بەجۆر نییە کە هەڵبژاردنیان دژوار بێ. نانی لە شەڕابدا خوساو «تلێت» هێشتا لەو خواردەمەنیانەیە کە لە هەموو شتی پێ خۆشترە. لەگەڵ ئەوەش ماتالنا هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچێتە لای تا پرسیاری لێ بکا کە بۆ نیوەڕۆ چی بۆ دروست بکات. ئەوە خۆی خواردنێکی ڕۆژانەیە.

ڕۆژێکیان قەشە وەئامان هات و بۆ ئەوەی بەیەکجاری کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنێ، بەماتالنا دەڵێ: «هەرچی ئاسایی خەڵکی پیتراسکا دەیخۆن ئەوەم بۆ بێنە» ماتالنا گرژ دەبێ و، بەڵام ئەم فەرمانەش ئەنجام دەدات. بەم جۆرە بەیانیان پارچە نانێکی گەنمەشامی و بیباری شین و خوێ و ڕۆنی زەیتونی بۆ دێنێ و، شەویش سوپی لۆبیای بۆ ساز دەکات. ئەم بەرنامەی خواردن دوو ڕۆژ زیاتر دەوام ناهێنێ، چونکە مەعدەی دۆن پاولۆ جگە لە شۆربای شەو چیدیکەی پێناکەوێ. ئێستا ماتالنا سەرکەوتووە و لە سەرکەوتنی خۆی کەڵکی خەراپ وەردەگرێ. جارێکی دیکە عەزابی بەیانیان دەست پێ دەکاتەوە. پیرێژن بڕوایەکی پتەوی بەعیلاجی مەعدە هەیە و پەیتا پەیتا دەڵێ:

– دەرمانی هەرە باش بۆ ئەم نەخۆشییە هێلکەی تازەیە. هەر بۆیەش لە باخچەی پشت موسافیرخانە دە دوازدە مریشک ڕادەگرێ. کە مریشک هێلکەی کرد، گورج بۆ نەخۆشی دەبات. کاتێ مریشکێک هێلکەی وەدرنگی دەکەوێ ماتالنا بەدوایدا دەگەڕێ و بەقامکی گچکە تاقی دەکاتەوە تا بزانێ هێلکەی پێیە یان نا. دوای تاقیکردنەوە لە باخچەڕا بانگی قەشە دەکات و دەڵێ: «نیو سەعاتی دیکە هێلکە دێتەدەر.»

بەڕاستیش دوای نیو سەعات مریشک هێلکە دەکات مریشکێکی ڕەش لەنێو مریشکەکانیدا بەناوی «پتلا» بۆ هێلکەکردن لە هەمووان کات ناسترە. «پتلا» گەڕان و هەڵبەز هەڵبەزی نێو موسافیرخانەشی پێ خۆشە. زۆر جار تا ژووری نەخۆشیش سەردەکەوێ. کاتێ کە توانی لەژێر تەختی خەودا خۆ بشارێتەوە، ئیتر نەهەڕەشە و نەلینگەکەوش ناتوانن بیهێننە دەرێ. ماتالنا ناچار کەڵەشێر بانگ دەکا. ئەو دەم «پتلا» کە هەست بەدەنگ و هاتنی کەڵەشێر دەکات، بۆ ئەوەی خافڵگیر نەبێ، بەناچاری لە پەنجەرەوە دەردەپەڕێ. ماتالنا کوڕێکی هەیە بەناوی «ئامریکۆ» منداڵێکە وەپیران دەچێ. چەند دانی پێشەوەی کەوتوون بەشتێکی کەم دەست بەگریانێک دەکا ناتوانی گوێت لێ بێ. ئامریکۆ لەو منداڵانە نییە کە وەک ددانی ماڕین. دایکی بانگی دەکا و دەڵێ:

– کوڕە وەرە بڕۆ لەکن ماگاشیا کیلۆیەک خوێ بکڕە. هەتیو ڕادەبێ، دە هەنگاو دەڕوا و ڕادەوەستێ تا شتێک لە هەردی هەڵگرێتەوە. پاشان دەگەڕێتەوە و دەچێ لەبەر ماڵێ دادەنیشێ. دایکی بەتوندی دەڵێ: «چیم پێ گوتی؟»

ئامریکۆ بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات، ئەمجار ماتالنا بەسەریدا دەقیژێنێ: «گوتم بڕۆ لەکن ماگاشیا کیلۆیەک خوێ بکڕە.»

هەتیو هەڵدەستێ، دە هەنگاو دەڕوا. قامکی دەلووتی وەردەدا و دەیکۆڵێ، پاش تاوێکی قامک دەکونە کەپۆی دیکەی ڕادەکا و کۆڵین درێژەپێدەدا. پاشان لەپڕ دەست بەشین و گابۆڕێک دەکا ئەو سەری دیار نەبێ.

ژنەکانی دراوسێ لە ماڵ دێنەدەر. ژنی دیکەش دەگەنێ و دەنگی گریانی ئامریکۆش زیاتر گوێچکە کەڕ دەکات. ئەو دەم ماتالناش دەگاتێ و بەقاپێکی متبەقی کە بەدەستییەوەیە ئەوەندی لێدەدا پشووی لێ دەبڕێ.

بەیانی «کیارنیا پاتاکا» بەبزنێکەوە دەگاتە موسافیرخانە. ماتالنا هەوڕێک هەڵدەگرێ و بزنەکە دەدۆشێ و قەترەی لێ دەبڕێ ئەو دەمە پیاوەکان هەموو چوونە سەرکار. ژنەکان بەپەلە خۆ دەگەیێننە بەر پەنجەرەکان و یا لەبەر دەرگا دادەنیشن تا ئەسپێ و ڕشکی ماڵێ پابکەنەوە.

کاتی نیوەڕۆ «فیلومنا ساپونە» بەمناڵێکی شیرە خۆر و هێندێ کاهو بۆ سەلاتەی دۆن پاولۆ دەگاتێ. فیلومنا کاهوەکان دادەنێ و لەنێو دەرگای موسافیرخانە دادەنیشێ. یەقەی خۆی دەکاتەوە و مەمکەکانی وەدەر دەنێ و منداڵەکە گورج پێیاندا دەنووسێ. فیلومنا ڕای سپاردۆتە کن قەشە کە ئیقراری لێ ببیسێ، بەڵام قەشە گوتوویەتی چونکە قەشەنشینی ئێرە نییە ناتوانێ. لە مەیدانی نێوان موسافیرخانە و پردی دار، منداڵی گەورە مەشقی نیزامی و دابی ڕێکخراوی دەوڵەتیی «بالیلا»(*) لاسا دەکەنەوە لەسەر

(*) ژان پاتیست بالیلا (١٢٨١-١٧٢٥) لاوێکی ئیتالیایی خەڵکی ژێن کە ساڵی ١٧٤٦ دژی دەسەڵاتی ئوتریشییەکان بەسەر ئیتالیادا خەڵکی وروژاند.. لە ١٩٢٦ ناوی بالیلایاندا بەمنداڵانی ٨ تا ١٤ ساڵەی فاشیست کە دەچوونە نێو ڕێکخراوێکی نیزامی تایبەتی.

دیاریکردنی دوژمن کێشەیان لێ پەیدا بووە و هەموویان لەوە سکاڵایان هەیە کە دوژمن زۆر جار دەگۆڕێ. سێ منداڵ بەنوێنەرایەتی ئەوانیتر دێنە کن دۆن پاولۆ و دەپرسن:

– ئێستا دوژمن کێیە؟

قەشە بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ: «کام دوژمن؟»

یەک لە منداڵەکان بەدڵنیاییەوە دەڵێ: ئەو دوژمنەی بەمیرات ماوەتەوە.

– دوژمنی میراتی؟ قەشە باش تێناگا و یا خۆی لە نەفامی دەدا. یەک لە منداڵەکان ڕوونی دەکاتەوە:

– لە مەشقدا دوو لا هەن. لایەکیان ئیتالیاییەکانن و لایەکەی تر دوژمنی میراتییە. ماوەیێک بوو خانمی مامۆستا بەئێمەی دەگوت: دوژمنی میراتی فەرەنسە و یوگوسلاوین. پاشان گوتی: ئەڵمانین. دوایە گوتی: ژاپۆنین. ئیمڕۆ بەیانی بەمەی گوت: «ڕۆڵەکانی من دوژمنی میراتی تازەی ئێمە ئینگلیزە.» بەڵام لە کتێبی دەرسی ئێمەدا بەشێک هەیە بەناوونیشانی: «دۆستایەتی دێرینی ئینگلیز و ئیتالیا» ئەوەی کە ئێمە تێ ناگەین کامیان هەڵەیە، خانمی مامۆستا یا کتێب؟

دۆن پاولۆ لە وەڵامدا دەڵێ: «کتێبی دەرسی ئێوە ساڵی ڕابردوو چاپکراوە کەوابوو هەرچی تێیدا نووسراوە کۆن بووە.»

منداڵەکان دەڵێن: «باشە کەوابوو تا دوژمنی میراتی خۆمان کە ئینگلیزە نابووتی بکەین:

قەشە بەئیرادەوە دەڵێ: «ئینگلیزەکان لە وشکانی شەڕ ناکەن. ئەوان لە دەریادا شەڕ دەکەن.»

منداڵەکان بڕیار دەدەن بچن لە چۆمدا شەڕ بکەن. دۆن پاولۆ لەپشتی پەنجەرەوە سەیری هەوراز و نشێوی شەڕ دەکا.

دوژمنی تازەی میراتی زوو دەشکێ، بەڵام حزبی میللی کە تا میشکی ئێسکانی تەڕ بووە لە شەڕ دێتەدەر.

منداڵانی گوندی کۆمەڵێکی جیا بەگوێرەی داب و زاراوی تایبەتی خۆیان دادەمەزرێنن. لەو کۆمەڵەدا قارەمانانی بەردهاوێژ و بازدان لە خەندەک و ڕاوی مارمێلکە و میزکردنی بەرەو با، ناویان دەنووسن.

منداڵە گچکەکان یاری «شەشخان» یان پێ خۆشترە. چوا گۆشەیەکی درێژ بەخەڵوز لەسەر هەرد دەکێشن و پاشان ماڵ ماڵ دابەشی دەکەن و ژمارەی بۆ دادەنێن. دژواری یارییەکە لەوەدایە کە دەبێ مەڕمەڕەکە بەنوکی پێ بەرێتە نێو ماڵەکە و نابێ لەسەر خەتیش بوەستێ کە بەخەڵوز کێشراون. ئەگەر بوەستێ، دەسووتێ و دەبێ لەسەررا دەست پێ بکاتەوە. دۆن پاولۆ بەمنداڵی لەم یارییەدا وەستابوو.

دایکەکان لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بەدوای منداڵەکانیاندا هاواریانە. دەنگدانەوەی سامناکی جنێو و توک و دوعایان ئەوەندە بۆتە کارێکی ئاسایی کە کەس بەگرنگی نازانێ و زۆرتر لە حەوا بڵاو دەبێتەوە. «فیلومینا ساپونە» بەسەر کوڕەکەیدا دەگوڕێنێ و دەڵێ: «ڕەببی ڕۆڵە وەک «سن بارتولومە» جەرگت بکەیە کەباب ڕۆڵە.

«کارینا پاتاکا» هاواری کیژەکەی دەکا و دەڵێ: «خوایە هەر تک چاوت وەک چاوی «سنت لوسی»

بێننە دەرێ و بیانخەنە بەری دەستت.!

«ئانۆنزیاتا لە کـاتێکا لانکی منالّەکەی ڕادەوەشێنێ دەڵێ: «لای لای کوڕی نازدارم. لایلای تاجی سەرم، لایلای زیاتر لە دوڕ و گەوهەرم، لایلای ئەستێرەی بەیانیم!»

«ئانتۆنیا»ی بەرگدروو بەسەر کیژەکەیدا چەماوەتەوە و دەڵێ:

– لایلای مەلائیکەی عاسمانی، لایلای بووکی پاشا، لایلای مرواری گەوزیو.

دوای نیـوەڕۆ ژنان لە نێـوەڕاسـتی کـۆڵان خـەریکی کـاری مـاڵ دەبن: یەکێ جلە تازە چۆڕاوەکـان هەڵدەخـات، یەکی دیکە پەتاتە سـپی دەکـا، یەکـیـان کـراس پینە دەکـا، چوارەمی لەشی منداڵەکـەی دەخورێنێ و ئەسپێیانی لێ دەدۆزێ. ئەو ژنانەی هیچ کاریان نییە لەسەر بەردەکانی پێش موسافیرخانە دادەنیـشن. هەمـوویان پێ پەتی و شڕە پۆشن و بەقژی چەور و بەکروزیان وەک ئەو بزنانە دەچن کـە تازە دۆشرابن. یەک لەوان «جزیرا»، پیرێژنێکە ئەوەندەی برسیەتی کێشاوە و منداڵی وەسەر یەک ناون وەک تەشی دەچێ و هەمیشە لەبەر ژان و ئازار دەناڵێنێ. زۆربەی نزیک بەتەواویان باسی منداڵبوونی خۆیان دەکەن.

«ئانۆنزیاتا» بەو زوانە چوارەمین منداڵی دەبێ. «لیـدوینا» تا ئێـسـتـا ١٨ منداڵی بـووە. زەحـمـەت سـەری منداڵی هەوەڵـە، ئەوانیـتـر بەتەنیـایی ڕێگای هاتنەدەری خـۆیان دەدۆزنەوە. یەکی دیکە «ئانینا سـترادۆنە» سکی پڕە و دەست لە سکی دەدا و دەڵێ: «سەری لێرەیە و لاقـێکی لێـرە و یەکی لەولایە. ئەوە دەبێ کوڕ بێ، چونکە لوشک داوێ.»

«جزیرا» دەڵێ ئەوە بەدەست خودایە. خودا بەگوێرەی گوناحمان ڕەفتارمان لەگەڵ دەکات. هەر دەردێک نیـشـانەی سزایەکە. دەسـتـەیەک منداڵی نیـوە ڕووت و قـوڕاوی لە دەوروبەری قـوڵکەیەکی پڕ لە ئاوی حەوزی فـوارەیی یاری دەکـەن و تا سەروکەللەی «سینیۆرینا پاترین یانی» مامۆسـتـای مەدرەسـەیان دەر نەکەوێ ڕاناکەن.

زۆربەی ژنەکـان لە چاوەڕوانی مێـردەکـانیـان کـاتێ هەوای خۆش بێ، سووپی شەو لە کۆڵان لێـدەنێن. سەرئاورەیەک، لەسەر ئاگرێک دادەنێن کە دەورەی بەبەرد گیراوە، پاشان لەسەر ئەو ئاورەیە مەنجەڵێکی مس یان تەنەکەیەکی نەوت دادەنێن.

لە گەڵ تاریکی هەوا «کریسـتینا» دێتە موسافیـرخانە و بۆ چرای مریەمی دەست لێ نەدراو ڕۆن دێنێ. ئێـسـتـا دۆن پاولۆ دەنگی ئەم کـیـژە گـەنجـە دەناسێ کـە بەدڵسـۆزی لە حـاڵی وی دەپرسێ و چەند شت ڕادەسپێرێ و لە بارەی باشترین شێوەی خزمەت و ئاگاداری نسحەتی«ماتالنا» دەکات و پاشان بەپەلە دوور دەکەوێتەوە. دۆن پاولۆ هێشتا کریستینای نەدیوە. بەڵام لە ڕێگای ماتالناوە زانیویەتی کە ئەو سەر بەتاقە بنەماڵەی وەزع و حاڵخۆشی «پیتراسکایە» چەند ساڵان لە بنیاتێکی ئایینی کە ژنە تەرکەدنیاکان بەڕێوە دەبات، خوێندوویەتی و ئێستا خەریکە بگەڕێتەوە ئەم بنیاتە تا بچێتە ڕیزی ژنانی تەرکە دنیا. دوکتۆر ساکاش لە بارەی ئەم کیژە وەک کەسێکی لە ڕادە بەدەر ژیر و بەتەربیەت قسەی لەگەڵ کردووە.

کریستینا لە ماڵێ کاری زۆرە و خۆی تەنیا هەموو کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبات. یارمەتی بەنەنکی دەکا کە تەمەنی نیزیک سەت ساڵە. بەدایک و باب و پووری ڕادەگات کە لە هەمووانیان پیرترە. جگە لەوانە ئاگـای لە براکـەشی دەبێ کـە لە خـۆی گـەورەتر و تەمـبـەڵ و بێ کـارەیە. لەگـەڵ ئەوەش سـەبارەت بەتەربیـەتێکی کە لە مەکتەبی ژنانی پیرۆزدا وەری گرتووە، تەواوی خەڵکی گوندی ڕێزێکی تایبەتیـان بۆی هەیە. ئەو زۆر جار دەچێـتـە ماڵی فەقـیران تا یارمەتیان پێ بکات و لە بچووکترین کـاری ژیاندا ڕێنوێنییان دەکات.

«کاسارولا» ژنی جادوگەر هاتۆتە کن قەشە تا لە گیای جادوویی خۆی کە دەرمانی کۆخەیە بیداتێ. نەخۆش پێشکێشی وی ڕەت دەکـاتەوە. «کاسارولا» ژنێکی بێ حەیای کـەپو پانی لێو ئەسـتوری وەک لێـوی قـولەڕەشـانە. بۆ ئەوەی پارێزگـاری و ڕیازەتی خـۆی باشـتـر بەقـەشـە نیـشـان بدا، دەست دەکـا بەخـوێندنەوەی وێرد و دوعـای تاراندنی شەیتـان و جندووکـان بەزمانی لاتینی. پاشـان دوگمەی یەقـەی بلوزی دەکاتەوە و میدالّ و خاچ و زیننار و ئەو نیشانانەی بەسنگیەوە هەڵاوەسیبوون، نیشانیان دەدا و دەڵێ:

– خودا تەنیـا بەسەر چاکەدا حوکمڕەوایە، نەک بەسەر خەراپەدا. ئەگینا بۆچی کەشیشـەکانی خۆی ئەگەر نەخۆش دەبن، چاکیان ناکاتەوە. ئێستا ئەی ئاغای قەشە بڵێ بزانم بۆچی لەبەر خودا ناپارێییەوە کە ساخ و سەلیم لە جێ ڕاستت کاتەوە،؟

دۆن پاولۆ لە وەڵامی ژنی جادووگەردا هەر ئەوەندە دەڵێ: «بڕۆ ون بە».

کیژی ئانتۆنیای بەرگدروو نەخۆشە. «کاسارولا» بۆی دادەنێ هەموو ڕۆژێ بەیانیان پیاڵەیەک شەڕاب بخواتەوە. بەڵام دایکی دەڵێ کە کیژەکەی تەمەنی لە سێ ساڵ زیاتر نییە.

– سێ ساڵە؟ باشە. کەوابوو ئێواران پیاڵەیەک شەڕابی دەرخوارد بدە.

کوڕی قون ئەستـوری «لیدونیە» ڕۆژی سێشەمۆ مـردووە. لە هەژدە منداڵان دووی زیاتر بۆ نەماونەوە. ڕۆژی شەمە «کیارینا پاتاکا» منداڵی مردووە و لە نۆ منداڵان تەنیا دووی بۆماونەوە. دوو منداڵی دیکە بەکۆخەڕەشە مردوون. دایکیان دەستی بەشین و گریان کردووە. «ئانوزیاتا» ڕۆژی سێ شەمۆ کچی بووە. ڕۆژی پێنج شەمـۆش «ئانیـتـا سـترادونە» کـوڕی بووە. ئەمـانە هەمـوو لە گـوند ڕوویانداوە. هەمـوویان بەدرێژی ئەوانە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. دۆن چیپریانۆ کەشیشی پیری «لاما» کە ماسترئانجولا بەدوایدا چووە لە کاتی خۆیدا گەیوەتە ماڵی «لیدوینا» تا تەرمی کوڕەکەی پیرۆز بکا.

بەڵام کـاتێ «شـاتاپ» بۆ کـیـژی مـردووی «پاتاکـا» بەدوایدا چووە، دۆن چیـپـریانۆ عـوزر و بیـانووی هێناوەتەوە و گوتوویە: «منداڵ کە دەمرن دەچنە ئیعراف و، پێویستیـان بەهیچ داب و ڕەسمێک نییـە. ئەسڵـەن کاری وا پێـوەندی بەکەشیـشـەوە نیـیـە. دابی ناشتنی منداڵ با لەگـەڵ قەشەش بێت، کـارێکی ئاساییـیە.» منداڵی مردوو لەسـەر دەستی ژنێک کـە لە خزمانی ویە، بێ ئەوەی کەسی لەگەڵ بچێ، بۆ گۆڕستـان دەبرێ. ژن خۆش دەڕوا و تابووتی بچووک وەک سەوەتەی میـوە لەسەر سەری دادەنێ. منداڵی

«لیدووینا» ماریتای پوری بردیە قەبرستان. چونکە قەشە لەگەڵ مەیتی ئەو منداڵە بوو، دایکی داوای کرد کە مۆزیکیشی لەگەڵ بێ. کەوابوو لەپێشدا ماریتا تابووتی گچکەی منداڵەکەی لەسەر سەری دانابوو، پێشکەوتبوو. لەدوای ئەو «دۆن چیبریانۆ» بەعەبا و حەمایلەوە لەگەڵ سێ مۆسیقاچی –شەیپور و قەرەنەی و ترومپێت– دەڕۆن. هەر پێنجیان بەهەنگاوی ڕێک بەهەوای ڕینگی سەما هەنگاودەنێن و گۆرانی کۆنی زەمانی پێش شەڕ دەڵێن کە بەم شیعرانە دەست پێ دەکرێ:

«کاتێ ئاڵوباڵوەکان ڕەش بن، ئەی کیژی مانگ ڕوو من پێت دەڵێم...»

پاش ناشتنی منداڵەکە «ماریتا» هەر چوار زەلامان بۆ ماڵی خۆی بانگ دەکا و شەڕابیان دەداتێ. قەشەی «لاما» لەسەریەتی بەتەواوی پێداویستییەکانی خەڵکی پیتراسکا ڕابگات. وەک شوشتن (غسل تعمید) و ناشتن و مارەکردن و...

بەڵام وردە وردە کە پیر دەبێ کەمتر خۆ بەخەڵکەوە ماندوو دەکات. بەخۆشییەوە لە گوندەکانی کوێستان بەڕێوەبردنی داب و ڕەسمی شوشتن و ناشتن و مارەکردن بۆ کەشیش بۆ دەورەی دیاریکراو دانراون. بۆ نموونە مانگەکانی ئوکتۆبر و نوامبر کاتی ژنهێنانە لەنێوان مانگەکانی مای و یول چاوەڕوانی منداڵبوون دەبن. ئەمە جۆرە بڕیاریکی سەپێنراوە و کەم کەس دەتوانێ لێی دەرچێ. هەرچی بێت هێندێ منداڵ چەند مانگ پێش لە دایکبوون دەمرن. هەر دەڵێی کوشتارێکی تایبەتییە لە منداڵانی بێ گوناح دەکرێ.

«ترازاشیارڤا»ش سکپڕە. شەوێک خەونی دیوە کە منالەکەی بەکوێری دێتە سەر دنیا. ژنی فەقیر هاتۆتە کن دۆن پاولۆ و لە پەنا تەختی نوستنەکەی چۆکی داداون و گوتویە:

لە خەوێمدا منداڵەکەی لە سکم دایە بەگوێری دەبێ. جگە لەتۆ ئەی کەشیشی میهرەبان هیچ کەس نییە نەجاتی بدات.

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ: «ئەی ژنی فەقیر بەداخەوە من سەر بەقەشەنشینی ئێرە نیم.»

ژن دەست بەگریان دەکا و دەناڵێنێ و دەڵێ:

– من نامەوێ منداڵەکەم کوێر بێت. بۆ دەبێ ئیدیکە ببینن و ئەو چاوی نەبینێ. دۆن پاولۆ تێدەکۆشێ کە ئەو فیکرەی لە سەری بەرێتەدەر. بەڵام بێ فایدەیە. ژن دەڵێ: «من خەونم دیوە. بەم دوو چاوانەم دیومە ئەگەر تۆ یارمەتیم نەکەی منداڵەکەم بەکوێری دەبێ. ژن نایەوێ بڕوا. دۆن پاولۆ دەزانێ کە ئەگەر لەمبارەوە وێرد و دوعا بخوێنێ و یا بۆ نەهێشتنی شەیتان و جندۆکان نوشتە بنووسێ، دەستبەجێ تەواوی خەڵک ڕوو دەکەنە موسافیرخانە و داوای بیروڕا و یارمەتی لێ دەکەن. ئەو دەم ناتوانی پێداویستەکانیان ئەنجام بدا. هەموو پێی دەڵێن تۆ کە یارمەتی «ترازاشیاراڤا» کردووە، دەتوانی کۆمەگی ئێمەش بکەی. ئەم کارە جگە لەوە کە دەبێتە چاو بەستەکی و گاڵتەیی لەوانەیە سەرنجی کار بەدەستانی دەوڵەتیش ڕابکێشێ و وای لێ بێ لە ئاخردا بیناسنەوە و پەردە لەسەر ڕوخساری لادەن. لەبەر ئەوە«ماتالنا» بانگ دەکا و دەڵێ:

– تکا دەکەم بەزمانی خۆش ئەم ژنە لە ژوورەکەی من وەدەربنێ. ئەو هەر خەونێکی دیتوویەتی، پێوەندی بەدنیای منەوە نییە. ترازا بەتووڕەیی هەڵدەستێ و بەگریان و هاوار دەڵێ:

– بۆ دەبێ منداڵی من کوێر بێت؟ ئاخر دەبێ کەسێک غیرەتی هەبێ هۆی ئەم سزایە بۆ من ڕوونکاتەوە. بۆ دەبێ منداڵی من بەکوێری لە دایک بێت و منداڵی دیکە چاوساخ بن و ئی من نا؟

«ترازا» چاوەڕوانی وەڵامە. بەڵام دۆن پاولۆ نایەوێ باس و دەمبەدەمەی لەگەڵ بکات. ترازا دیسان چۆک دادەدا و ڕوومەتی لە هەرد دەخشێنێ. سەر لە هەردی دەدا و قژی دەڕنێتەوە، ڕۆندک دەڕێژێ و بەدەنگی بەرز قسەی بێ جێ دەکا:

– بۆ دەبێ ئەو کوێر بێ؟ بۆ؟ ئاخر پێم بڵێن بۆ؟ من دەمەوێ هۆی ئەوە بزانم. ئیدیکە ببینن و ئەو نەبینێ. ئیدیکە بچنە مەدرەسە و ئەو نەتوانێ بچێ. خەڵکی دیکە دزی لێ بکەن و ئەو نەزانێ. خەڵک گاڵتەی پێ بکەن و ئەو نەبینێ و گەورەش بوو هیچ ژنێ مێردی پێ ناکات.

پاشان ڕادەبێ و ئارام دێتە بەرچاو. پاشان دەڵێ:

– ئێستا دەزانم چ دەکەم. دەچم خۆم لە پەنجەرە دەخەمە خوار. تا ئەویش لەگەڵ من بمرێ. ژن دەچێتە بەر پەنجەرە. بەو گوڕ و هەڵچوونە بێ گومان خۆی هەڵدەدێرێ. ئێستا ژن خۆی هاویشتۆتە سەر ئاسنی پەنجەرەکە لەپڕ هاواری قەشە ڕایدەگرێ:

– زۆر باشە. هەرچی دەتەوێ وادەکەم. بڵێ بزانم چی بکەم.؟

«ماتالنا» بەدوای کلیلەکانی کەنیسەدا دەچێ کە بەبنەماڵەی «کولامارتینی» سپێردراون. لیوانێک ئاوی متفەرک لە کەنیسە لە گەل خۆی دێنێ.«ترازا» سکی هەڵمساوی خۆی لە قەشە نیزیک دەکاتەوە و دەڵێ: «سەری منداڵەکە لێرەیە و چاوەکانی لەوێن.» قەشە لەو جێگایە کە ترازا نیشانی داوە دوو خاچ بۆ دوو چاوی منداڵەکە دەکێشێ و لێوەکانی دەبزێوێ گۆیا دوعا دەخوێنێ. ژن شاد و بەکەیف هاوار دەکا:

– ئێستا ئیتر منداڵەکەم چاک بۆوە و چاوی کوێر نابێ. ژن دەڕوا و دوای تاوێک بەمریشکێکی کوژراوەوە دەگەڕێتەوە.

دۆن پاولۆ دەڵێ: «ناتوانم وەری بگرم. لە قەڵەمڕەوی من قەشە ناتوانن پێشکێش قبوڵ بکەن»

ژن پێ دادەگرێ و دەڵێ: «کەوابوو فایدەی نییە. ئەگەر تۆ ئەم مریشکەم لێ قبوڵ نەکەی، دوعای ڕەحمەت کار ناکا و منداڵەکە بەکوێری دەبێ.»

دۆن پاولۆ دەڵێ: «ڕەحمەتی خوا بێ پاداشە»

ژن ئیراد دەگرێ و دەڵێ: «نەخێر. ڕەحمەتی بێ پاداش هەر نییە. مریشک لەسەر مێز دادەنێ و دەڕوا.

بەیانی یەکشەمۆ چەند ژن بۆ نوێژی مەسح دەچنە لاما. چار شێوی ڕەش و دەسماڵی ڕەشیان پۆشیوە، چونکە وەدەرخستنی مووی سەر لەگەڵ حەیا و پاکی نایەتەوە. کەوش و گۆرەویشیان ڕەشە. دۆن پاولۆ لەپشت پەنجەرەوە چوون و گەڕانەوەیان دەبینێ. پیرەکانیان دەسحێبیان بەدەستەوەیە و سەبرۆکە

دەنگەکانیان بەنێو قامکانیاندا دەگێڕن.

ئێوارەی شەمۆ کیژێک بەگاری ماگاشیا کە تووتن و خوێی هێناوە لە گوندی «فۆسادی مارسی»یەوە هاتووە. ماگاشیا ڕێگای پێ نیشان دەدا و دەڵێ: «موسافیرخانە وا لەوێیە. دەستی ڕاست ناگەیە پرد.»

کیژی گەنج بوخچە بەدەست لە موسافیرخانە وەژوور دەکەوێ و لە ماتالنا دەپرسێ: «ئایا کەسێک بەناوی دۆن پاولۆ سپادا لێرەیە؟»

ماتالنا ئیرەیی بەکەشیشی خۆی دەبا و پێش ئەوەی وەڵامی ئەو کیژە بداتەوە دەیەوێ بزانێ مەسەلە چییە. بۆیە دەپرسێ:

– چ کارێکت هەیە؟

– ئەو منی لە مردن نەجات داوە. دەمەوێ سوپاسی بکەم. ماتالنا لە وەڵامدا دەڵێ: «ئەو دۆن پاولۆی لێرەیە دوکتۆر نییە، بەڵکو کەشیشە. کیژەکە دەڵێ: «لەوانەیە ئەو نەدوکتۆر بێ و نەقەشە. بەڵکو یەک لە پیرۆزەکانە. من لە سەرەمەرگدا بووم. ئەو لە ڕێوە گەیشت، تەماشای منی کرد. دەستی گرتم و ئەوەتا نەجاتم بووە.»

ماتالنا تا ئێستا شانازی بەوە دەکرد کە قەشەیەک لە قەڵەمڕەوی ڕووحانی دیکە لە موسافیرخانەیدا میوانە. بەڵام ئەم فیکرە کە ئەو لە پیرۆزەکانی ڕاستییە و موجیزەش دەنوێنێ، نارەحەتی دەکات و دەیوروژێنێ و بۆ ئەوەی نیشانی بدا کە لەم مەسەلەیە بێ ئاگا نییە دەڵێ:

– بەڵێ ئەو لە پیرۆزەکانی ڕاستییە و لێرە وەک ڕووحانییەکی پیرۆز، وەک پیاوی خودا خەریکی ڕیازەت و عیبادەتە.

ئەو دەم کیژی «فوسایی» زیاتر وەغیرەت دەکەوێ و دەڵێ:

– لەوانەیە لە پیرۆزێکی ڕاستەقینەش بەرزتر بێ. نەکا هەر حەزرەتی مەسیح خۆی بێ. ماتالنا ئیتر خۆ لەسەر پێ ڕاناگرێ و لەسەر کورسی دادەنیشێ و بەسەبرۆکە دەڵێ:

– نەکا تۆ شێت بوو بێت؟ ئەم فیکرە لەکوێوە هاتۆتە سەرت کە ئەو لەوانەیە حەزرەتی مەسیح خۆی بێ. بۆ دەبێ حەزرەتی مەسیح بێت ڕاست لە موسافیرخانەی من دابەزێ. چما ئەو لە عاسمان لە دەستی ڕاستەی بابی دانەنیشتووە.؟

ماتالنا بۆیە بەسەبر قسان دەکا تا قەشە کە لە قاتی یەکەمی موسافیرخانەیە ئەگەر بەڕاستی عیسا خۆی بێت، نەتوانێ قسە گومانلێکراوەکانی ئەو ببیسێ.

کیژی گەنجی فوسایی لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەوە هەوەڵین جار نییە کە عیسا بۆ هاتنە خوار بۆ زەوی و بینینی با دۆخی ژیانی فەقیر و هەژاران بەلیباسی گۆڕاو دەردەکەوێ. پاشان بەدەنگێکی زۆر سەبرۆکە کە بەزەحمەت دەبیسرێ لێی زیاد دەکا و دەڵێ:

– داخوا تۆ تەماشای دەست ولاقانت کردووە کە بزانی کونن یان نا.؟ ئەوە دڵنیاترین نیشانەیە کە پێی

دەناسرێتەوە. ئەو لە هەر لیباسێکدا دەرکەوێ، ئەگەر بەڕاستی عیسا بێت، بێ گومان ناتوانێ جێگای برینەکانی بزماری خاچ لە دەست و پێیانی بشارێتەوە.

هەرتک ژن بێ دەنگ دەبن، نانی شێوی قەشەکە دوو هێلکە و هێندێ سەلاتی کاهوە لەسەر مێز ئامادەیە. ماتالنا بەدیتنی ئەم خواردنە کەمە لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێ. دانانی دوو هێلکە و هێندێ سەلاتی کاهو لە پێش کوڕی تاقانەی ئاسمانیی خودا بەڕاستی شەرمە. لانی کەم دەبوایە مریشکێکی بۆ بکوژێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو خۆی نەبێ چی؟ ماتالنا لەبەر شک و گومان لە عەزاب دایە و دەپرسێ:

– ئاخر تۆ لەکوێوە دەڵێی لەوانەیە عیسا خۆی بێ؟ چۆن گەیشتوویە ئەم فیکرە.؟ ڕاستی پێم بڵێ. ئەرێ تۆ شێت نی؟

کیژ لە وەڵامدا دەڵێ:

– من بەدەنگی ناسیم. کاتێ هاتە بان سەرم، دەستمی گرت و گوتی: «ئازا بەکیژم، من لە هەموو شت ئاگادارم» ئەو دەم هەستم کرد ئەم دەنگە دەنگی ئادەمیزاد نییە. من ئادەمیزاد دەناسم. ئەوان وا قسان ناکەن. مامێکم هەیە کەشیشە. کەشیشی «فۆسا» یە. ئەو وا قسان ناکات.

ماتالنا دەپرسێ: «باشە. بڵێ بزانم، ئەگەر ئەو بەڕاستی حەزرەتی عیسا بێ دەبێ چ بکەین؟ داخوا پێویستە ژاندارمە ئاگادار بکەین؟ لەسەر دەرگای موسافیرخانە ڕێوشوێنێک بۆ خاوەن موسافیرخانان ڕاگەیەنراوە. بەڵام هاتنی عیسایان لەوێدا پێشبینی نەکردووە. ئەم دوو ژنە لە کاتێکا ناهێڵن هەناسەیان بێتەدەر لەسەر پەنجەی پێ لە پەیژەی قاتی یەکەم سەردەکەون. لە دەرگا دەدەن، کەس وەڵام ناداتەوە. دەرگا دەکەنەوە، بەڵام کەسی لێ نییە.

ماتالنا خەریکە بکەوێتە هەردی. بەسەبرۆکە دەڵێ: «ئەوە غەیب بووە غەیب.!»

پیاوێکی ئاسایی کە لە موسافیرخانەیەک دابەزێ، هەر چەند نەیەوێ حیسابی خۆشی بدا، ناتوانی وا ون بێت و بەحەوادا بڕوا. هەر تک ژن بەترسەوە لێک دەڕوانن. لەو کاتەدا لە لای باخچەوە دەنگی کۆخە دێت. ژنەکان بۆ ولا ڕادەکەن. دۆن پاولۆ لەبن دارە هەنجیرێک دانیشتووە، بێ هەڕەکەتە و ڕەنگی وەک مردووان سپی هەڵگەڕاوە. دار هەنجیر وشکە و ماوەیەکە بەبڕین و سووتان مەحکووم بووە.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «کێ کاری بەمنە.؟»

ژنەکان بەترس و لەرزەوە لێی وەنیزیک دەبنەوە و کیژەکە دەڵێ:

– من «بیانکینا»م بیانکینا جیراسولە خەڵکی «فۆسادی مارسی» و برازای «برەنیچە» من لە سەرەمەرگدا بووم. هەموو دەستیان لە من شوشت بوو. ئەو دەم کەسێک هات. کەسێکی من قەت نەمدیبوو. ئەو کەسە دەستی بەدەستی مندا هێنا و منی نەجات دا.

دۆن پاولۆ دەکۆخێ. ڕۆژئاوا بووە. سێبەری شەو لە قوولایی دۆڵ سەردەکەوێ. قەشە هەڵدەستێ، ژنەکان باسکی دەگرن و دەیبەنەوە ژووری خۆی. ئەو دەم قەشە بەماتالنا دەڵێ: «تۆ ئیتر دەتوانی بڕۆی»

دۆن پاولۆ هیلاکە و لەسەر تەخت ڕادەکشێ. «بیانکینا» لە پەنای دادەنیشێ. پاشان وەغیرەت

دەکەوێ و دەڵێ: «دەستەکانت ببینم.»

دۆن پاولۆ بزەیەکی دێتێ و دەپرسێ: «دەتەوێ لە دوارۆژ ئاگادارم کەی؟»

بیانکینا بەوردی تەماشای دەستەکانی کەشیش دەکا. هیچ نیشانەیەکی برین و داڕوشاوی لێ دیار نییە. کەوابوو ئەو عیسا نییە. بیانکینا خەجاڵەت و خەمگین بێ دەنگ دەبێ. پاش تاوێک دەست بەحکایەت دەکا:

– «برەنیچە»ی پوورم منی لە ماڵی خۆی وەدەرنا و ئیتر منی نەگەرەکە.

قەشە پرسی: «بۆچی؟»

«بیانکینا» بەدوای قسەیەکدا دەگەڕێ کە بیلێ. پاشان دەڵێ:

– لەبەر ئەوەی من لایەنگری ئازادیم. بەڵام پوورم موخالیفی ئازادییە. تۆش بێ گومان چونکە لە پیرۆزانی لەگەڵ ئازادی موخالیفی.

دۆن پاولۆ قسەکەی دەبڕێ و دەڵێ: «نا، من پیرۆز نیم و لایەنگری ئازادیم.»

ڕواڵەتی بیانکینا وا نیشان دەدا کە بڕوا بەقسەی قەشە ناکا. مەسەلەکە ئەوەندە گرنگە کە کیژەکە ئامادە نییە وا بەهاسانی دەستی لێ هەڵگرێ. بۆیە لە قووڵایی دڵیەوە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ و دەپرسێ:

– ئەگەر تۆ کەشیشی و لایەنگری ئازادی، ئەدی بۆچی کەنیسە ئێمە لە ئاگری جەهەنەم دەترسێنێ و بۆ چی دڵداری حەرام دەکات؟ قەشە وەڵامی ناداتەوە. بەڵام بیانکینا پێ دادەگرێ و دەڵێ:

– کاتێ من لەگەڵ پیاوێک دڵداری دەکەم، ڕاستە کە عیسا تووڕە دەبێ؟ بۆ چی تووڕە دەبێ؟ کێ بەو دەڵێ کە تووڕە بێ؟

دۆن پاولۆ دەڵێ: «باشترە ئەم باسە بگۆڕین»

بیانکینا بەپێکەنینەوە ڕازی دەبێ و دەڵێ:

– چۆنت دەوێ. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە دڵداری لەگەڵ پیاو ئەوەندە خۆشە کە پێم وانییە بتوانی کاری لەوە خۆشتر بکەی. داخوا بیروڕای تۆ چییە؟

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ: «گوێ بدەیە بیانکینا! من بەڕاستی زۆر بەداخم کە سەر بەقەشەنشینی ئێرە نیم.

بیانکینا دیسان پێدەکەنێ، دموچاوی باریک و درێژی لە چوارچێوەی ئاوێنەی وەتاغەکەدا جوانتر نیشان دەدا. ڕەنگە ملی تۆزێک درێژ بێ، بەڵام لێوەکانی سوور و زاری گەورەیە. بەتایبەت کاتێ پێدەکەنێ بەڕاستی گەورەیە. خۆشی ئەوە دەزانێ، لەگەڵ ئەوەش پێدەکەنێ. گوێچکەی بچووکن. بەهەرەکەتێکی منداڵانە گوێیەکانی خۆی بەجووتە گێلاسێکی هەڵاوەسراو کە لەسەر مێز دێتوویەتەوە، دەڕازێنێتەوە و پێدەکەنێ. پاشان لەپڕ خۆ گرژ دەکا و بەقەشە دەڵێ:

– نەکەی لە بارەی منەوە فیکری خەراپ بکەیەوە.

بەڕاستی کیژەکە زیننارێکی ڕازاوە بەوێنەی مریەمی دەست لێ نەدراوی لەژێر کراسییەوە لەبەردایە. دوگمەی چاکەتی دەکاتەوە و کراسەکەی ئاواڵە دەکا و ئەو زیننارە پیرۆزەی نیشان دەدا، زیننار ڕەنگی سەوزە و مەمکی تورتی کیژیش ڕەنگی شیر.

دۆن پاولۆ پاش ڕەبەنی وا دوور و درێژ لە دیتنی ئەم دوو لیمۆ تورت و ناسکانە کە بەروبووی وڵاتی خۆنی هەست بەدڵە کوتە دەکات. داخ و سەت داخ کە مەجبورە لایەنی پارێزگاری بەرەڵا نەکات.

– پێت وانەبێ کە من درۆ دەکەم. من لایەنگری ئازادیم، بەڵام لایەنگری ئایینیشم. ئێمە هەرچی هەمانە لە خواوەیە. خودا مرۆڤی لە دوو نیو دروست کردووە. لە ژن و پیاو. بیری لێ بکەوە، کە ئەگەر خودا بەهەڵە و نەزانی تەنیا پیاوی دروست کردبایە، یا تەنیا ژنی خوڵقاندبا، چ دەبوو؟ پەنا بەخوا. هەرایەک دەبوو ئەو سەری دیار نەبێ.

«بیانکینا» نیشانەی خاچ دەکێشێ. بوخچەیەکی بچووکی لەگەڵ خۆی هێناوە. قەشە دەپرسێ:

– ئەو بوخچەیەت چی تێدایە؟

– گشت بوون و نەبوونم لەودایە. بوخچەکە لەسەر ئەژنۆی خۆی دادەنێ و دەیکاتەوە. ئەوەی تێیدایە نیشانی دەدا. سێرویسێکی قاوە خۆری چینی و بەستەیەک دەسرەی چنراو. قەشە دەڵێ:

– ئەوە کە هیچ نییە. ناتوانی بەوانە سەربەخۆ بژی.

کیژی گەنج بەدڵ ڕەنجی وەڵامی دەداتەوە: «ئاخر من هێشتا گەنجم. جگە لەوە پیاوێکی وەک ئێوە ڕووحانی نابێ هێندە ماددی بێ. دۆن پاولۆ دەپرسێ: «باشە ئێستا کە پوورت وەدەری ناوی دەتەوێ چب کەی؟»

– من دەمویست تۆ ڕێنوێنیم بکەی. من دەتوانم چی بکەم؟ هیچ کارێک نازانم. ئەگەر بمەوێ گۆرەوی بچنم لەسەر داوەکانی تووشی هەڵە دەبم. ئەگەر بمەوێ بەرگدروویی بکەم، دەرزی دە قامک ڕادەکەم. ئەگەر بمەوێ لە باخچە کار بکەم، پێمەڕە لە لاقم دەدەم. خوشکەکانی کەنیسە تەنیا ئەوەیان فێر کردووم کە چێشت لێنێم و گوڵ بدرووم و سرووودی «گریگۆری» بڵێمەوە. بەم پێیە ناتوانم بچمە «کافە کۆنسێرتێک»یش کە گۆرانی «مەگنیفیکا» و «سالۆر ژینا» بڵێمەوە.

بیانکینا دەست بەگریان دەکا. دۆن پاولۆ دەڵێ:

– جارێ با باسی دوارۆژی دوور لەولا دابنێین. تەنیا بڵێ بزانم ئەمشۆ دەتەوێ لە کوێ سەرکەیەوە و سبە و دوو سبەی چۆن؟ چونکە ناتوانی لە ژووری مندا بمێنییەوە.

گریانی بیانکینا توندتر دەبێ و بەگریانەوە دەڵێ: «چ قارەمانەتییەکی گەورە. کەسێک یەکێکی لە مردن نەجات بدا و پاشان لە ماڵی خۆی وەدەری بنێ. بۆچی نەتهێشت هەر لەوێ بمرم؟ دەبوایە لێ بگەڕێی بمرم. بەڕاستی شەرمە کە ڕەفتاری ڕووحانییەک ئاوا بێت.

دۆن پاولۆ بەکیژەکە دەڵێ: «ئەگەر گریان درێژە پێ بدەی لووتت وەک تەماتە سوور هەڵدەگەڕێ.»

بیانکینا گریانەکە ڕادەگرێ و پاش تاوێک دەڵێ:

– یەکێک لە هەڤالانی قەدیمی دەبیرستانی من بەناوی «کریستیناکۆ لامارتینی» لە پیتراسکایە. ئەویش پیرۆزە بەڵام ڕەنگە ئەم کارە نەبێتە کۆسپ کە یارمەتیم بدا.

ئێستا ڕاست ئەو کاتەیە کە کریستینا ڕۆنی چرای مریەمی دەست لێ نەدراو بۆ ماتالنا دێنێ. ماتالنا ئەوی لە هاتنی «بیانکینا جیراسولە» ئاگادار کردووە و کریستینا لەبەر دەرگای ژوورەکە ڕاوەستاوە. بیانکینا لە ەر دەرگا دەست دەکاتە ملی کریستینا و ماچی دەکات و لە ڕادە بەدەر نازی دەکات. ئەم دەربڕینەی هەست و تاسەی وی لەگەڵ وتەی بەمینگەمینگ و سووکە نووزەی دەنگی ناڕوون تێکەڵە.

ماتالنا کورسییەکی دیکە دێنێ و کریستینا دەتوانێ دانیشێ و خۆ جوانکردنە شێواوییەکەی خۆی نەختێ ڕێکوپێک بکاتەوە. دۆن پاولۆ لەپێشدا تەنیا لەگەڵ دەنگی وی ئاشنا بوو، بەڵام پێشتر هەستی دەکرد دەبێ لەشولارێکی نەرم و جوانی هەبێ. ئێستا دەبینێ کە زۆر وەیەکێ لە کچەکانی مامی دەچێ کە بەمنداڵی یاری لەگەڵ کردووە. ڕوومەتێکی کز و باریکی هەیە کە دەڵێی لەناخدا سووتاوە و تواوەتەوە. ڕوخسارێکی لە تیپی ڕەگەزە کۆنەکان، پڕ لە ناهومێدی هەست پێ نەکراو و ئاگادار لە بێ فایدەیی شتە هیچوپووچەکان. کیژی گەنج لیباسێکی کچەکانی پانسیۆنی دەبیرستانی ئایینی لەبەر دایە. واتە پێش بەندێکی ڕەشی بەستوە کە مل و سەر دەستەی بەدوگمەن. قژەکانی کە وەک قەترانی ڕەشن و لە نێوەڕاستی سەری بەشکراون لەسەر لاجانگی سەبرۆکە دەبزوونەوە و پاشان وەک کاکۆڵی هۆنراوە بەئاڵقەی ورد لەبان سەری کۆبوونەوە.

کریستینا سڵاو لە قەشە دەکا و دەڵێ:

– هەر ئێستا لە ماڵی خۆمان دوای نوێژ وەک هەموو شەوێک بۆ چاکبوونەوەی تۆش دوعامان کرد.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: بۆ شیفای من؟

– شەوێکیان کە بابم هاتەوە ماڵ بەئێمەی گوت: کەشیشێکی غەریب بۆ عیلاج و حەسانەوە هاتۆتە پیتراسکا و پاشان لێی زیاد کرد و گوتی: دوعای بۆ بکەین ئاووهەوای گوندی ئێمەی پێ بکەوێ.

بیانکینا دەپرسێ: «چۆن ئێوە هێشتا یەکتر ناناسن؟ کریستینا هەوەڵین کەسێک بووە کە خۆشم ویستوە. ئێمە سێ ساڵ پێکەوە لە دەبیرستانی ئایینی دەرسمان خوێندوە. ئەو شاگردی یەکەمی کلاس بوو منیش ناچار شاگردی ئاخر. هەر بۆیەش یەکترمان خۆش دەویست.

بیانکینا دیسان دەڵێ:

– لە ژیندا هەمیشە دەمی وا دێنە پێش کە مرۆ بۆ دڵداری هەوەڵی دەگەڕێتەوە. هیچ دەزانی کە مامۆستا چ نازناوێکی دابوو بەکریستینا. بەمادمازێل موزیک بانگی دەکرد. کریستینا ئەوەندەی مۆسیقا خۆشدەویست کە من ئیرەییم پێ دەبرد.

دۆن پاولۆ لە کاتێکا چۆتە فیکرەوە تەماشای کریستینا دەکا. ڕوومەتی کیژی گەنج و دەستەکانی لەبەر بێ خوێنی و ڕەنگ پەڕیوی وەک گوڵی سپی وانە.

«بیانکینا» درێژە بەقسەکانی دەدا:

– ماگاشیا بەمنی گوتبوو کە تۆ هێشتا لە پیتراسکای. ڕاستیت دەوێ ئەم مەسەلەیە لە لایەک بوو بەهۆی خۆشحاڵی من، چونکە بەم چەشنە تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی. بەڵام لە لایەکی ترەوە داخوا ئەوە جێگای داخ نییە کە کیژێکی وەک تۆ لە کوخێکی ئاوادا بمێنێتەوە؟ مادمازیل موزیک! تۆ دەبوایە مودیری مەدرەسەی مۆسیقا و، یا لانی کەم ڕاهیبەی دێرێکی گەورەی ژنانی تەرکەدنیا بای.

دۆن پاولۆ داوای لێبوردن دەکا و کتێبی دوعای خۆی دەردێنێ تا کیژەکان ناڕەحەت نەکا. کریستینا هێشتا زاری لێک نەکردۆتەوە و چاوەڕوانە تا «بیانکینا» پشووێک بەقسەکانی بدا. ئەو دەم دەپرسێ:

– ئەوانی تر چییان لێهات؟ «ئینکوراناتا» چ دەکا؟

«بیانکینا» لە وەڵامدا دەڵێ:

– «ئینکوراناتا» بەڵگەی مامۆستایی وەرگرتووە، بەڵام هێشتا شوێنێکی نەدیوەتەوە کاری لێ بکات، لە ئاخرین کۆنکوری ئەیالەتی بۆ پڕکردنەوەی دوازدە جێگای بەتاڵ سەت و هەشت کەس داخواز بوون. «ئینکوراناتا» هەوڵی خۆی دا و تەنانەت لەگەڵ شۆفیری مامۆستاش نوست، بەڵام کاری دەست نەکەوت. قەرار بوو مێرد بەمیرزای کوێخای «فوسا» بکات، بەڵام شەوی بووکێنی زانی کە دەزگیرانی لەگەڵ خوشکیشی پێوەندی باشی هەیە. شایی تێک دەچێ. جگە لەوە میرزای باسکراو وەک پاڵووی سواو وابوو، خەریک بوو دەست بگەیێنێتە منیش.

دیارە ڕیشەی موشتەرییە بەڕێزەکانی میوانخانەی «تۆرنسول» بەقووڵی کاری کردۆتە سەر شێوەی ئاخافتنی «بیانکینا». کریستینا ناتوانی ناڕەحەتی خۆی لای قەشە لە ڕوو هەڵماڵاوی قسەکانی «بیانکینا» بشارێتەوە. بەڵام دۆن پاولۆ بەڕواڵەت سەرگەرمی کتێبی دوعای خۆیەتی و گویا ئاگای لە قسەکردنی کیژەکان نییە.

کریستینا دەپرسێ: «ئانیتا پێتر ئانجلی» چ دەکات؟

– ئانیتا پێتر ئانجلی ئاکوا فرە دایی دەڵێی؟ فەقیرە باوکی مرد. ئێستا دەبێ فەقیری و هەژاری تەواو بەسەر ماڵەکەیاندا زاڵ بێ. چونکە چوونی ئێدارە بەپێچەوانەی شان و شەوکەتی بنەماڵەی وانە. شەڕافەتی بنەماڵەی «پێتر ئانجلی» حوکم دەکات کە کیژی گەنج بۆ چاوەڕوانیی خوازبێنیکەرێکی دەوڵەمەند لە ماڵ دانیشێ.

کریستینا بەئیرادەوە دەپرسێ: «تۆ چ دەکەی کە وا بەباشی لە ڕەوەندی ژیانی تایبەتی خەڵک ئاگاداری.»

بیانکینا لە وەڵامدا دەڵێ:

– لە دەشتێ هەموو شت ئاشکرایە. بەتایبەت ئەگەر مرۆ لە میوانخانەیەکی وەک «تورنسول» بژی. لە واقعیەت و تەنانەت زیاتر لە حەقیقەتیش لە کارێ خەڵک ئاگادار دەبێ.

کریستینا دەپرسێ: «کۆلومبیا»ی ئازیزی مە چی لێهاتوە. ؟